# WARVIN.ORG




8 ٨ ژن بۆ سەرکردایەتی یەکێتی دیاری دەکرێت

20 کچانی کورد لە ئەورووپا لەدەست خێزانەکانیان هەڵدێن

34 ژن و بازاڕ

38 «ئیلینا ئیسنباییڤا» خۆی بۆ ساڵی ٢٠١١ ئامادە دەکات

46 ئازارە سێکسییەکانی ژن Vajinismus

54 درامای کوردی بینەر تێر ناکات



**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com





# تەرمی ژنێکی باکووری لە زاخۆ دۆزرایەوە

دەلاقەیەک بـ


وارڤین – زاخۆ: ئەمڕۆ ئێوارە تەرمی ژنێکی باکووری کوردستان لەناوچەی هیزلی زاخۆ بەخنکێندراوی دۆزرایەوە.

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پۆلیسی زاخۆ بەوارڤینی ڕاگەیاند: ((ئەم ژنە ناوی بەسمەیەو تەمەنی ٣٥ ساڵەو بیست ڕۆژ لەمەوپێش لەناو ئاوی ڕووباری هیزل دا خنکاوە، بەڵام تائێستا تەرمەکەی نەدۆزرابوویەوە)).

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەسووکاری بەسمە، بەپۆلیسی زاخۆیان داوە، بەسمە ژنی ماڵەوەیەو ٢ منداڵی هەیە. بنەماڵەی بەسمە، هەروەها بە پۆلیسیان ڕاگەیاندووە کە چەندین ڕۆژە لەدوای گەڕاون و ئەوەشیان ڕاگەیاندووە کە بەسمە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو کەوتووەتە ناو ئاوی ڕووباری هیزل و خنکاوە. تەرمی بەسمە، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی دادپزیشکی دهۆک کراوە.

بەسمە، خەڵکی دەڤەری (پێشابیرێ)ی سەر بە شاری جزیرەی باکووری کوردستانە.

# بەدواداچوون بۆ خنکاندنی کچە قوتابییەک دەکرێت



وارڤین – سلێمانی: دوای ئەوەی پاشنیوەڕۆی چوارشەممە بەرواری٥-١٠-٢٠١٠ کچە خوێندکارێکی تەمەن ١٣ساڵان لەگەڕەکی حاجیاوای شاری سلێمانی کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت، هێزەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندان و گومان لەخۆخنکاندنەکەی دەکرێت.

سەرچاوەیەکی پۆلیسیش لەوبارەیەوە بەوارڤینی ڕاگەیاند کە بۆ بەدواداچوون و گەیشتن بە ڕاستییەکان لیژنەیەک پێکهێنراوە.

بەڕێوەبەری کەرتی پۆلیسی سەیوان، نەقیب ڕەزا عەبدوڵڵا ئەحمەد لەوبارەیەوە لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی ڕایگەیاند: ((هێشتا لێکۆڵینەوەکان لە سەرەتادان و چاوەڕێی گەڕانەوە ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەرین و پاشان ڕێوشوێنی دیکە دەگرینەبەر)).

ئاشکراشی کرد: ((خۆخنکاندنەکەی گوماناوییەو بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکمان پێکهێناوە تا بگەینە ڕاستییەکان)).

**ئازیز مەحمود**

# شەش ژنی ئاسیایی بوونە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا



وارڤین: هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەم دواییەی بەریتانیا سەرکەوتنی بەرچاوی بۆ ژنانی ئاسیایی هەبوو.

بۆ یەکەم جار ٦ ژنی بەرەگەز ئاسیایی توانییان وەک نوێنەری پەرلەمان بێنە ناو بینای ((وێست مینستێر))ی بەریتانیا.

یەکەم پیاوی بەرەگەز ئاسیایی ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر واتە لە ساڵی ١٨٩٢ وەک نوێنەری پەرلەمانی بەریتانیا هاتە ناو بینای ((وێست مینستێر))، هەروەها مێژووی هەڵبژاردنی یەکەم ژنی ڕەش پێست وەک نوێنەر دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر.

بەڵام هەڵبژاردنی ژنانی بەرەگەز ئاسیایی وەک نوێنەری پەرلەمان بۆ یەکەم جار لەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییەی بەریتانیا هاتە دی، پارتی کرێکار هاندانی ژنان بۆ بەشداری چالاکانە لە هەڵبژاردنەکان و پاڵێوراوبوونیان بۆ پەرلەمان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی بەرنامەکانی خۆیان دانابوو.

www.netewe.com



## ـە رووی جیهان

# کچە قوتابییەک خۆی سووتاند

وارڤین – هەولێر: ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو کچە قوتابییەکی پۆلی دووی بنەڕەتی بەئاگر بەردانە جەستەی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر بەوارڤینی ڕاگەیاند کە کاتژمێر ٥.ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لەگەڕەکی تەیراوەی هەولێر کچێک بەناوی (ب.ع)ی تەمەن ١٤ ساڵان ئاگری بەرداوەتە جەستەی و کۆتایی بە ژیانی هێنایەوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی: ((پاش ئەوەی (ب.ع) ئاگری بەرداوەتە جەستەی بنەماڵەکەی هەوڵیانداوە بیگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام لەڕێگەی نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا)). بەپێی زانیارییەکانی وارڤین هۆکاری خۆسووتاندنی (ب.ع) دیار نییەو پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە کردووە.

## شیرین عەلەمهولی لەسێدارە درا



وارڤـین – تایبەت: کچە چالاکڤانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە ٢ ساڵە لەزیندانی ئەوینی تـاران دەستبەسەر بـوو، بەبێ ئەوەی پارێزەر و بنەماڵەکەی ئاگادار بکرێتەوە لەگەڵ چوار چالاکڤانی دیکەی کـورد بەنهێنی لەسێدارە درا. لەوبارەیەوە پارێزەر خەلیل بەهرامیان، لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی ڕاگەیاند: ((وەک پارێزەر مافی ئەوەمان هەبوو کەلە لەسێدارەدانی ئەو ٥ کەسە ئاگادار بکرێینەوە، بەڵام هیچ شتێک لەوبارەیەوە بەئێمە نەگوتراو پاش تێپەڕینی ٢٠ ڕۆژ ئێمەیان لەو پرسە ئاگادار کردووەتەوە کە ئەوەش بەئاشکرا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە)). لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی هەواڵ لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە باس لەوە دەکەن کە هێزە ئەمنییەکانی ئێران پرسەی شیرین عەلەمهوییان خستووەتە ژێـر چاودێری وردەوەو ئاستەنگ بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەن کە سەردانی خێزانەکەی دەکەن.

## وەزیری بازرگانی ئیمارات سەردانی کوردستان دەکات



وارڤین – دوبەی: سەرچاوە فەرمییەکانی دەوڵەتی ئیمارات ئاشکرایان کرد کە وەزیری بازرگانی ئەو وڵاتە لەداهاتوویەتی نزیکدا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات.

بەپێی ئەو سەرچاوانە وەزیـری بازرگانی ئیمارات خاتوو لبنی ئەلقاسمی لەرۆژانی ١٨ و ١٩ دا و بە یاوەری شاندێک باڵای بازرگانی سەردانی کوردستان دەکات و لەگەڵ گەورەبەرپرسانی هەرێم کۆدەبێتەوە. ئـەم سـەردانـەی لبنی ئەلقاسمی پـاش سەردانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ساڵح دێت کە لەمانگی فیریوەری ڕابرووودا سەردانی ئیماراتی کردبوو.



www.netewe.com




www.netewe.com

هەولێر ٢٠١٠ کچێک لە خۆپیشاندانەکەی هەولێر

فۆتۆ: رەفیق شوکری

# دوای کوژران بابەتەکانی بڵاو دەکرێنەوە

تایبەت

دوای تێپەربوونی دوو هەفتە بەسەر رفاندنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و دۆزینەوەی تەرمەکەی لە گەڕەکی (حی الوحدە)ی شاری موسڵ، سەرچاوەیەکی نزیک لەو رۆژنامەنووسە بە وارڤینی راگەیاند کە سەردەشت لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژدا ماوەی ٢ رۆژ رفێندراوە دواتر لە قۆناغی سێهەمی کۆلێژیشدا راستەوخۆ هەڕەشەی کوشتن و لەناوبردنی لێکراوە.

ڕێکەوتی ٤-٥-٢٠١٠ کاتژمێر ٨:٢٠ سەر لەبەیانی و لەبەردەم پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر، لەلایەن چەند کەسانێکی نەناسراو رۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان رفێندراو پاش دوو رۆژ لەرفاندنەکەی لەگەڕەکی (حی الوحدە)ی شاری موسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە.

## بەگوللە دەمکوتدەکرێت

سەردەشت عوسمان حەسەن، تەمەن ٢٣ساڵ، لەدایکبووی شاری هەولێر وخوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێژی زمان بەشی ئینگلیزی بوو و وەک رۆژنامەنووس و وەرگێریش لەچەند دەزگایەکی راگەیاندن کاری کردووە، رۆژی ٤ی ئایار لەکاتی هاتنی بۆ دەوامی کۆلێژ کاتژمێر ٨:٢٠ لەلایەن چەند کەسێکەوە پاش لێدانێکی زۆر بەئۆتۆمبێلێکی جۆری (هۆندا)ی سپی ژمارەی کاتی دهۆک رفێندرا. لەوبارەیەوە، سەرچاوەیەکی نزیک لەدەزگا ئەمنییەکانی شاری هەولێر بەوارڤینی راگەیاند کە تەرمەکەی شوێنی ئەشکەنجەو لێدانێکی زۆری پێوەبووەو تەنانەت شێوازی کوشتنەکەی ئاماژەیەکە بۆ دەمکوتکردنی ئەو کەسە چونکە یەکێک لەگوللەکان لەناودەمی دراوە.

ئەم رووداوە دەنگی ناڕەزایی خوێندکاران و رۆژنامەنوسانی بەرزکردەوەو بووە هۆی ئەنجامدانی رێپێوان و ناڕەزایی دەربرین لەهەریەک لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دەروبەری. هاوکات کاردانەوەی ئەم کارەساتە سنوورەکانی کوردستانی بڕی و رووبەری بەشێکی زۆری رۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکانی جیهانی گرتەوە.

## قۆناغی یەکەمی زانکۆ رفێندراوە

(ە،س) تەمەن ٢٢ ساڵ خوێندکاری کۆلێژی زمان بەشی کوردی، یەکێکە لەنزیکترین هاوڕێکانی سەردەشت و وەک باسیدەکات هاورێیەتی ئەو و سەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ ((من و سەردەشت لەزانکۆ یەکترمان ناسی و پەیوەندی نێوانمان زۆر توندوتۆڵ بوو. بۆیە زۆربەی نهێنییەکانی ژیانی یەکترمان دەزانی)).

(ە)ئاشکرای کرد کە ئەمە جاری یەکەم نەبووە سەردەشت، رفێندرابێت ((لەقۆناغی یەکەمی زانکۆ بووین کە بۆ ماوەی دوو رۆژ سەردەشت رفێندراو دواتر هێنایانەوە تەنیا چاوترسێنیان کردبوو، دوای ئەوەش جارێکیتر لەقۆناغی سێ لەناو زانکۆ چەند کەسانێک رووبەڕوو هەڕەشەیان لێکرد بەوەی کە واز لەرەخنەو نووسین بهێنێت، بەڵام ئەو هەر گوێی پێنەداو لەرەخنەکانی بەردەوام بوو)).

سەردەشت، سەرەتای کارکردنی لەبواری رۆژنامەگەری وەک رۆژنامەنووس لە گۆڤاری ساماڵ پۆست و ئاشتینامە کاری کردووە. سەرنووسەری گۆڤاری ئاشتینامە نەهرۆ عوسمان، دەڵێ: ((سەردەشت ئینتیمای سیاسی بۆ هیچ حزبێک نەبوو و هەڵگری روانگەیەکی لیبراڵ بوو، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزبوو، لەماوەی کارکردنی لەگەڵ ئێمە تاپێش ئەو رووداوە هیچ کێشەیەکی پێوە دیارنەبوو)).

پاش مردنیش بابەتەکانی بڵاو دەکرێتەوە

دواتر ئەم هاوڕێ نزیکەی سەردەشت کە سەرتاپای جلەکانی رەش بوو بەدەم سەرسوڕمان و خەمێکی زۆرەوە بەسەرهات و نهێنییەکانی سەردەشتی دەگێرایەوەو باسی لەکاریگەری سەردەشت دەکرد کە چۆن وایکردووە ئەم هاوڕێیەی لەناو ریزەکانی یەکێک لەو حزبانە وازبێنێت و بیرو هزری خۆی ئازاد بکات. وەک (ە) باسیدەکات کوژراو بەرلە بڵاوبوونەوەی هەر بابەتێکی پیشانی ئەوی داوە، تەنانەت چەند رۆژێک بەرلە روودانی ئەم کارەساتە فلاش میمۆرییەکەی لای ئەو بووە کە زۆربەی بابەتەکانی تێدابووەو ((رۆژێک بەرلەوەی بڕفێندرێت فلاشەکەم پێدایەوە ئێستاش نازانم لای کێیە چونکە ٢ رۆژ دوای کوژرانیشی بابەتی ناو فلاشەکەی بڵاوکراوەتەوە)).

## یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا

رۆژی ٢١-١-٢٠١٠ سەردەشت، وتارێک بەناونیشانی (یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا) بڵاو دەکاتەوەو رایدەگەیەنێ کە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەو بەپێی ئەو نووسینەی هەر ئەوکات هەریەک لەبەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر و راگری کۆلێژی زمانی لەو هەڕەشەیە ئاگادار کردووەتەوە.

ئەمەش بەشێکی نامەکەیەتی: ((دوێنێ راگری کۆلێژەکەم ئاگادار کردەوە، کە شەوی رابردوو ئیهانەو تەهدیدی کوشتنیان کردووم، بەڵام ئەو وتی ئەمە کێشەی پۆلیسە، نازانم ئەبێت لەم سەر زەمینە وڵاتێک هەبێت، کە خوێندکاری زانکۆکەی هەڕەشەی کوشتنی بکرێت و زانکۆش بێموبالاتانە بەدیار ریسوایی خۆیەوە دابنیشێت؟ دەبوو راگرەکەم کەیسی من بکات بەکەیسی خۆی، یان خودی زانکۆ، چونکە من لەئێستادا بەشێکم لەم



www.netewe.com




**دیمەنێک لە خۆپیشاندانەکەی هەولێر بۆ سەرکۆنە کردنی کوژرانی سەردەشت** **فۆتۆ: رەفیق شوکری**

زانکۆیە، بەڵام هەرگیز تووشی شۆک نەبووم، چونکە دەمێکە دەزانم کە زانکۆی ئەم وڵاتەماڵی ئاسوودەیی ئێمە نییە.

دوای ئەوەش پەیوەندیم بەعەمید عەبدولخالقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە کرد پێیگوتم((لەوانەیە ئەم ژمارەی مۆبایلە هی دەرەوەی وڵات بێت، یان کێشەیەکی شەخسی بێت، لەوانەیە چەندجارێکی دیکەش دووبارە بێتەوە، بەڵام هەولێر ئارامەو شتی وای لێ ڕوو نادات)).

## «پۆلیس کەمتەرخەم بووە»

سەبارەت بەئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لەو هەڕەشانەی کە بەمۆبایل لەسەردەشت کراوە، عەمید عەبدولخالق تەڵعەت بەرێوبەری پۆلیسی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین گوتی:((من بەهیچ شێوەیەک لەلایەن سەردەشتەوە ئاگادار نەکراومەتەوە کە هەڕەشەی لێکرا بێت. من نەسەردەشتم دیوەو نەدەیناسم و هەرگیزیش پەیوەندی بەمنەوە نەکردووە ئەگەر هەڕەشەی لێکراوە بۆ تائێستا سکاڵای تۆمار نەکردووە)).

دوای تیرۆرکردنی سەردەشت و بڵاوبوونەوەی وتارەکەی، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لەرێکەوتی ٢٠١٠/١٠/٩ لەبەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەوکارە، ئەوەشی ڕەتکردەوە کە پێشتر ئەوان ئاگادار کرابنەوە لەو هەڕەشانەی کەلە سەردەشت کراوە.

بەکر عوسمان، برا گەورەی سەردەشت کە لە وڵاتی سوید دەژی لەبارەی ڕەتکردنەوەی پۆلیس و بێئاگاییان لەو رووداوە بەخەندەیەکی خەمناکەوە گوتی:((دڵنیام لەوەی سەردەشت بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە، ئیتر نازانم ئەوان چۆن بەیاننامەی لەمشێوەیە دەردەکەن چونکە کەس ناتوانێت بەدرۆ بڵێت بەڕێوەبەری پۆلیسم ئاگادار کردۆتەوە، ئەمە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، راستگۆیی سەردەشتیش کە پێی ناسرابوو زیاتر ئەو راستییە دەردەخەن)).

بەکر، لەدرێژەی وتەکانیداو بە تووڕەییەوە گلەیی لەهێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەکات»هەر لەرۆژی رفاندنەکەیەوە تائەمڕۆ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کەمتەرخەم بوون و هیچ شتێکی کردەییمان نەدی ئەوەی هەیە تەنها قسەیە)).

سێوێ حەمەدەمین، تەمەن ٥٦ساڵ، دایکی سەردەشتە. مەینەتییەکانی ژیان و تووشبوونی بەچەند نەخۆشییەک وایکردووە کە بەتەمەنتر دەربکەوێت، سەرپۆشێکی سپی بەسەرەوە بوو و سەرتاپا ڕەشی پۆشیبوو، بەدەم گریانەوە قسەی بۆ دەکردین گوتی:((نەمبیستووە رۆژێ لەرۆژان زیانی بۆ میرۆلەیەک هەبووبێت و قەتیش پێینەگوتووین هەڕەشەی لێکراوە، دەچووە کۆلێژ و بەبێدەنگی دەهاتەوەو دەچووە ژوورەکەی)).

دایکی لەکاتی قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ژووری کوڕە کوژراوەکەی دەکرد و بەدەم گریانەوە دەستی بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان و لەخودا دەپاڕایەوە کە تۆڵەی بکاتەوە((سەردەشت رۆژی ئاهەنگی دەرچوونی لەکۆلێژ نەکرد چوو وێنەی گرت و هاتەوە بۆ لای من چونکە لەنەخۆشخانە بووم، ئاخ کوڕم کوێر بم. خۆزگە من لەنەخۆشخانە دەمردم و مەرگی تۆم نەدیایە)).

(ه)، هاوڕێی سەردەشت، سەبارەت بەشڵەژانی باری دەروونی و هەڵسووکەوتی سەردەشت هەفتەیەک بەرلەکوشتنی دەڵێ((هەفتەیەک پێش ئەوەی برفێنرێت هەستم پێدەکرد کە شڵەژاوەو ترسێک لەناخیدا هەیە، بەڵام هیچی پێنەگووتم، رۆژێک پێش ئەوەی بڕفێندرێت کاتژمێر (١٠) گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەش بەلای منەوە سەیر بوو چونکە رۆژانە تاکاتژمێر (١٢:٣٠) لە کۆلێژ دەمایەوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە چەند جاریتر بەتایبەتی لەماوەی دواییدا هەڕەشەیتری لێکراوە، چونکە ترس و شێوانەکەی زۆر ببوو)).

لەکاتێکدا کوشتنی سەردەشت و شێوازی رفاندنەکەی لای کەسووکار و هاورێکانی وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە راستەوخۆ دەستێکی حزبی لەپشتە، بەڵام هەندێک بۆچوونیش هەن

دەخەنە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. برای سەردەشت، بەکر عوسمان، دڵگرانی خۆی دەردەبڕێت بەوەی کە هەندێک کەس دەیانەوێت ئەم کێشەیە بەئاراستەیەکی تردا ببەن بیخەنە قاڵبی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ( (بەبڕوای من ئەو کەسانەی کە وادەڵێن ئەوانیش بەشدارن لەتیرۆرکردنی براکەمدا، ئەمەش لای ئێمە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبووڵکردن نییە، بەڵکو هۆکاری تیرۆرکردنی براکەم بەو شێوە قێزەونە تەنیا لەسەر نووسین و رەخنەگرتنەکانی بووە)).

هاوکات بەشدار عوسمان کە برایەکی دیکەی سەردەشتەو یەکێک بووە لەهاندەرەکانی بۆ هاتنەنێو بواری رۆژنامەگەری ئەوە رەتدەکاتەوە کە براکەی بەهیچ شێوەیەک کێشەی کۆمەڵایەتی هەبوو بێت ( (تا ئەو شوێنەی من بزانم سەردەشتی برام هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە، تەنیا وەک رۆژنامەنووسێکی ئازاد نووسینی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە)).

(ە)قسەکانی بەشدار پشتڕاست دەکاتەوەو ئەوە رەتدەکاتەوە کە سەردەشت، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووبێت، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە مانگێک پێش ئەوەی تووشی ئەو کارەساتە بێ لەگەڵ کچێکی کۆلێژ پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست وارڤین کەوتووە، سەردەشت کێشەی لەگەڵ یەکێک لەراگرەکانی کۆلیژ هەبووە بەهۆی بەدواداچوونی بابەتێکی رۆژنامەوانی. چەندجارێک لەلایەن ئەو راگرەوە ئاگادارکراوەتەوە کە وازبهێنێت. (ە)ی هاوڕێی سەردەشت لەوبارەیەوە دەڵێ کە مانگێک بەرلە کوژرانی لەلایەن ئەو راگرەوە لە زانکۆ بانگکراوەو بەرامبەر بەبێدەنگبوونی بڕی ٣٠٠$ی پێدراوە ( (سەردەشت کە هاتەدەرەوە بەپێکەنینەوە گوتی جەنابی راگر دەیەوێت بەپارە دەمکوتمان بکات منیش پارەکەم وەرگرت و دام بە ٣ لەو باجییانەی کە کاری پاکردنەوە دەکەن». لەگەڵ ئەوەی وارڤین پەیوەندی کرد بەو راگرەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسانە، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات.

پاش دۆزینەوەی تەرمەکەی سەردەشت، لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک درا بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی بکەرانی ئەم تاوانە.

لەبارەی کاری ئەو لیژنەیە کاروان ساڵح ئەندامی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەوارڤینی راگەیاند: ( (دوای رووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لیژنەیەک لەئاسایش و پۆلیس پێکهات بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت، بەڵێنی ئەوەشیانداوە کە درێغی نەکەن و تائێستا هیچ لێدوانێکیان بۆ لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ نەداوە)).

عوسمان حەسەن، کە باوکی سەردەشتە، وەک باسیدەکات پێشتر پێشمەرگەی ئەیلوول بووە، زۆر بەداخ بوو بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی و جارجار دەستەکانی دەکێشا بەیەکداو چاوەکانی سوورهەڵگەرابوون ( ( نازانم بۆ بەو شێوە ناشیرین و قێزەونە دەستیان چووە خوێنی پاکی ئەو کوڕەم)). لە بارەی هەوڵی دەزگا ئەمنییەکان بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت دەڵێ: ( (چوومەتە پۆلیس و ئیفادەی خۆم داوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی کوڕەکەم لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمدایە، خودی سەرۆکی حکوومەتیش بەڵێنی پێدام کە ناهێڵێت خوێنی کوڕەکەم بە فیڕۆ بڕوات، بڕواش ناکەم سەرۆکی حکوومەت بەڵێن بدات و جێبەجێی نەکات)).

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی نزیک لەماڵی سەردەشت دەست وارڤین کەوتووە، رۆژێک پێش دۆزینەوەی تەرمی سەردەشت لەلەلایەن ئەندام مەڵبەندێکی کۆیە بەناوی (س.ح) هەریەک لەباوک و برای سەردەشت و زاوایەکیان بانکراون و لەوێ شوێنی تەرمی کوڕەکەیان پێڕاگەیاندوون، بەڵام بەکری برای سەردەشت، ئەو قسانە رەت دەکاتەوەو دەڵێ کە ئەوان لەرێگای ئەو ژمارە تەلەفۆنەی کەلە کوردستانتیڤی بڵاوکراوەتەوە توانیویانە چارەنووسی سەردەشت بزانن.



دیمەنێک لە خۆپێشاندانەکەی هەولێر بۆ سەرکۆنە کردنی کوژرانی سەردەشت      فۆتۆ: رەفیق شوکری

www.netewe.com

## دوای تێپەڕینی ٣٤ ساڵ

# ٨ ژن بۆ سەرکردایەتی یەکێتی دیاری دەکرێت



ئاڤان فارس جاف

هەولێر

**دوای ٣٤ ساڵ لەدامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ٨ ژن بۆ سەرکردایەتی ئەو حزبە دیاری دەکرێت. هاوکات ژمارەیەک لە ژنانی ناو ئەو پارتە دەڵێن کە یەکێتی لەرابردوو بایەخی بە ژن نەداوەو هەروەها ئەوەش بۆ وارڤین دەدرکێنن کە ژنان، لەنێو خۆیاندا بۆ بوونیان بە ئەندامی سەرکردایەتی، هاوڕا نەبوون.**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ١٩٧٦/٦/١ دامەزراوەو ٣٩ مەڵبەندی هەیەو تائێستا دوو کۆنگرەی لەساڵی ١٩٩٢، ٢٠٠١، ئەنجامداوە. لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزبەدا هاتووە کە پارتێکی سۆشیال دیموکراتەو کار بۆ سەقامگیرکردنی بەهاکانی ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی، سولیداریێتی و هاووڵاتیبوون، بڵاوکردنەوەی کەلتووری یەکسانی و لێبووردەیی دەکات. هەروەها لەپڕەنسیپە گشتییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی دا، ئاماژە بەوەکراوە ((دەبێ لەهەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی ڕێژەی ٢٥٪ـی بەشداری ژن، جێبەجێ بکرێت)). ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەعدی پیرە لەوبارەیەوە دەڵێ، کە لەکۆنگرەی ئەمجارەیان کاری باش دەکرێت و پێیوایە لەئێستادا ژن، لەزۆر بواردا بەرەو پێشچوون (( نابێت ڕێ لەژن بگیرێت)). سەعدی پیرە، ئاشکرای دەکات لە کۆنگرەی سێی یەکێتیدا ٨ ژن، دەچنە سەرکردایەتییەوە. بەپێی چاودێرانی ژن، ئەوەی جێی نیگەرانی ژنانی نێو یەکێتیە، تائێستا ژن، لەسەرکردایەتی ئەو حزبەدا بوونی نییە. لەوبارەیەوە بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٢١ـی هەڵەبجەی یەکێتی، کەژاڵ کامیل محەممەد دەڵێ ((ئەگەر ئەمجارە ژن، نەچێتە قۆناغی سەرکردایەتییەوە، ئەوا یەکێتی خیانەت لە ژن دەکات و بە کردەیی ڕەتی دەکاتەوە کە پارتێکی سۆشیاڵ دیموکرات بێت، چونکە ژن وپیاو لە پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی وڵاتانی تردا لەپلەو بەرپرسیارێتیدا یەکسانن ((نابێ ژن، بۆ ڕازاندنەوەی دەسەڵات بەکار بهێنین)). هەروەها لێپرسراوی کۆمیتەی ٢٤ ڕاپەڕین ڕێزان خدر عەبدوڵڵا، دەڵێ کە یەکێتی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێیەوەو ناکرێت ژن فەرامۆش بکرێت. بەڕای ڕێزان، دەبێ یەکێتی، بیر لەوەبکاتەوە بەشداری ژن، لەرێکخستنەکانیدا فراوان بکات. وەک باسیدەکات کە کۆمەڵێ گرفت لەخۆیانە کە لەنێوان یەکتردا تەبانین، گرفتێکی تریش لەوەدایە کە «یەکێتی لەرابردوودا خۆی نەیویستووە ژن بخاتە سەرکردایەتییەوە)). جێگری مەڵبەندی ٢٤ـی پشدەر، بێگەرد دڵشاد، نەبوونی ژن، لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەگرفت و بۆشایەکی گەورەی دەزانێت و دەڵێ، ئەم بابەتە یەکێکە لەگرفت و کەموکوڕییەکان و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیش هەستی پێکردووە. ئاشکراشی دەکات کە یەکێتی دانی بەوەداناوە کە نەبوونی ژن، لەسەرکردایەتی بۆشاییەو دەبێ پڕ بکرێتەوە. بێگەرد وەها درێژە بەقسەکانی دەدات ((دانانی ڕێژەی کۆتای ژن هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەشدارکردنیان لە سەرکردایەتی یەکێتی)). پێچەوانەی ڕای بێگەرد، کوێستان محەممەد، کادیری پێشووی یەکێتی و سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بڕیارەی یەکێتی بەهەنگاوێکی باش دەزانێت، بەڵام بەهەنگاوێکی درەنگی دادەنێت ((زۆر درەنگە، بۆ حزبێک خۆی بە سۆشیال دیموکرات بزانێت، تازە بیرلەوە بکاتەوە ژن، بگەیەنێتە سەرکردایەتی)). هەروەها کوێستان، ئاماژەی بەوە دا کە یەکێتی لەوکاتەی وەک حزب و حکوومەت بوو، نەیتوانی گۆڕانکارییەکی وا بکات، تا ژن بڕوای پێ بێت. لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٢١ـی هەڵەبجە، کەژاڵ کامیل محەممەد، ناتەبایی ژنان بەهۆکارێک بۆ دروستبوونی ئەو بۆشاییەی لەسەرکردایەتی هەیە دەزانێت و پێیوایە کە ناتەبابوونیان وادەکات هەوڵ و ماندووبوونەکانیان بەفیرۆ بچێت. هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی عارف ڕوشدی، هاوڕای کەژاڵە، لەوەی کە ژنان لەنێو خۆیان بۆچوونە نێو سەرکردایەتی یەکێتی هاوڕانین. کەژاڵ، زانیاری ئەوە دەدات کە ئێستا ڕێژەی ژن لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی ١٥٪ـەو بەهۆی کەمی ئەو ڕێژەیە لەنێو ئۆرگانەکان، واکراوە ژن زیاتر قوربانی بدات. هەروەها دەڵێ نابێ ژن بوون تەنیا بۆ ئەوە بێ کە لەسەرکردایەتی بەشداری پێ بکرێ ((تواناو لێهاتوویی و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی



www.netewe.com

## ئێستا ڕێژەی ژن لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی ١٥٪ـیەو بەهۆی کەمی ئەو ڕێژەیە لەنێو ئۆرگانەکان، واکراوە ژن زیاتر قوربانی بدات

خواستەکانی ژن گرنگترە)). ئەو وایدەبینێت کە یەکێتی ئەوەندەی کادیرە ژنەکانی لەناو حکوومەتن، لەنێو سەرکردایەتیدا نیین. ئەمەش هۆکارێکیتری دروستبوونی ئەو بۆشاییە، چونکە زۆربەی ژنە بەتوانا و چالاکەکان لەناوەندە حکوومەتییەکاندان. ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان عارف ڕوشدی، باس لەوە دەکات کە یەکێتی وەک ئەندامێکی کارای ئەنتەر ناسیۆنالی جیهانی، لەمیانەی باوەڕبوونیان بەتواناکانی ژن، دەبوو ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەرکردایەتی و ئۆرگانەکان بەشداری پێ بکات، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی، هۆکاری نەبوونی ژن، بۆ سروشتی کۆمەڵگای کوردستان دەگەڕێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ڕێگە بە ژن نادرێت تێکەڵی سیاسەت بێت. ڕوشدی، دەڵێ ((خودی ژن، لەمپەرێکی کاریگەرە بۆ دروستبوونی ئەو بۆشاییە. کۆنگرەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لەژنانی هێنایە نێو کۆنگرەوە، بەڵام کێبڕکێی خۆپاڵاوتنی زۆری ژن بۆ پۆستەکان و هاوڕانەبوونیان وایکرد لەسەرکردایەتی یەکێتیدا ژن بوونی نەبێت)). ڕوشدی، گوتیشی ((کۆتا بۆ ژن دانراوەو بەو پێیە ٢٠٪ـی ژنان لەکۆنگرەدا بوونیان دەبێت)). هەریەک لە ژنە کادیرەکانی یەکێتی نەیانشاردەوە کە ئەوان لەنێو خۆیاندا هاوڕانەبوون، تا لەکۆنگرەی ڕابردوو بەرێککەوتن چەند ژنێک بۆ سەرکردایەتی یەکێتی بەرز بکەنەوە. لەوبارەیەوە کارگێڕی مەڵبەندی ١ـی سلێمانی مهابات محەممەد ئەمین کە یەکێک بووە لەکاندیدەکانی کۆنگرەی پێشوو، بەڵام نەیتوانیوە دەنگی پێویست بەدەست بهێنێ. ئەو ڕەخنە لەخۆی و هاوڕەگەزەکانیشی دەگرێت بەوەی خۆیان هۆکاری ئەو بۆشاییەن کە ئێستا هەیە، چونکە نەیانتوانیوە یەک دەنگ بن. مهابات، ئەوەدەخاتەڕوو کە ئەگەر ئەوان یەک دەنگ بوونایە، ئەوا چەند ژنێک دەچووە سەرکردایەتییەوە. کوێستان محەمەد، ڕوونی دەکاتەوە ((ژنان بەردەوام ململانێیان لەگەڵ کراوەو ئەوانەی لە ڕێکخستنەکان بوون، لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا نەماون، ئێستا لەبواریتردا کار دەکەن، چونکە یەکێتی کار ئاسانی بۆ ژن ناکات)). هەروەها وایدەبینێت کە ژنی چالاک و بەئەزموون لەبواری پرسەکانی ژنان زۆرە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ژن لە یەکێتی تۆراوەو نەماون، بەڵام هێشتا ژنی بەتواناو بەئەزموونی زۆری تێدایە. لەلای خۆیەوە بێگەرد دڵشاد، گەشبینە بە کۆتای ژنان لە نێو یەکێتی ((گەشبینم لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەچنە سەرکردایەتی، چونکە ژنی چالاک و بەتوانا لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی زۆرن)). بێگەرد، ئەوەدەخاتەڕوو کە ئەوان دەتوانن داهاتووی سیاسی یەکێتی دیار بکەن. هەندێ بۆچوون لەدەرەوەی یەکێتی ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری ژنان لە سەرکردایەتی یەکێتی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پۆستی بەرپرسی مەڵبەندی ١ـی سلێمانی و هاوسەری سکرتێری گشتی یەکێتی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بێت، بەڵام مهابات ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە پرسی دانانی ژن لەسەرکردایەتی، بۆ ئەوە بێت کە هێرۆخان لەو ڕێگەیەوە بکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئەمە بەپڕوپاگەندە دەزانێت و دەڵێ ((لەکۆنگرە گۆڕانکاری زۆر ڕوودەدات و ناکرێ لە دەرەوەی کۆنگرە بڕیار بدەین)). لێپرسراوی کۆمیتەی ٢٤ ڕاپەڕینی هەولێر ڕێزان خدر عەبدوڵڵا، لەبارەی پرسی چوونی هێرۆخان بۆ سەرکردایەتی، دەڵێ ئەم دەنگۆیانە بەپڕوپاگەندەن. هاوکات دەڵێت ((شانازییە کە هێرۆخان ببێتە سکرتێری حیزب، یا لە سەرکردایەتی بێت)).

www.netewe.com

# پەرلەمانتاری BDP

## پەروین بولدان:

# تانسۆچیللەر مێردەکەمی بە کوشت دا



تلیبەت



دیلار سەولەدار

**پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی و دیموکراسی شاری ئیدیر پەروین بولدان، رایگەیاند کە پاش فەرمانی سەرۆکوەزیری پێشووتری تورکیا تانسۆچیللەر هاوسەرەکەی کوژراوە. پەروین، گوتی: ((هاوسەرەکەم و گەلەک کارسازی دیکە پاش فەرمانەکەی چیللەر کوژران. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە کردەوە بکوژ نادیارەکان روون بکرێنەوە. بەڵام بەداخەوە سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکانمان، حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان نایەوێ کردەوە بکەر نادیارەکان روون ببێتەوە. چونکە ئەگەر ئەو کوشتنانە روون بکرێنەوە، هەموو سیستەم گۆشەگیر دەکرێت)). ساواش بولدان، مێردی پەروین بولدان، لەگەڵ دوو هاوڕێ خۆیدا لەمیانەی زنجیرە کوشتارێک کە لە تورکیا بە ((کردەوە بکەر نادیارەکان)) ناوبانگی دەرکردووە، کوژران و تائێستاش چیرۆکی کوشتنەکەیان بەنهێنی ماوەتەوە.**

وارڤین: ئێوە چۆن دەڕواننە گۆڕانی پاکێتی دەستوور کە پارتی دادوگەشەپێدان موژدەی دەدات؟

پەروین: ئەو پاکێتە نوێیەی دەستوور کە ئاکاپە دەیەوێت سەری بخات، داواکارییەکانی تەواوی کۆمەڵگای تێدا نییە. لەبەرئەوەش پشتگیری هەوڵەکانیان ناکەین. ئێمە تەنیا پشتگیریمان لەو ماددەیە کرد کە قەدەغەکردنی پارتەکان سەختتر دەکات. پشتگیرییەکەشمان بەشێوەیەکی هێمایی بوو. ٥ هەڤاڵمان بەشێوەیەکی سەمبولیک دەنگیان دا. ئێمە پشتگیری هیچ ماددەیەکی دیکەمان نەکرد. تائێستاش تورکیا بەدەستووری کودەتای سەربازی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ بەڕێوەدەچێت. ئەوەش ئازارمان دەدات. ئێمە دەمانەوێ ئەو دەستوورە هەمووی بگۆڕدرێت. پێویستە گیانی ئەو دەستوورە بگۆردرێت. تا ئەو گیانە نەگۆڕدرێت بە پینەکردن و گۆڕینی خاڵەکان مرۆڤ ناتوانێ دەستوور رزگار بکات.

وارڤین: رەخنەی ئەوەتان لێ دەگیرێت کە ئێوە بەو هەڵوێستە ((چوونەتە بەرەی پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەتەوەپەرستەوە)). لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟

پەروین: ئێمە کارمان بەو دوو پارتەوە نییەو لەو بەرەیەشدا نین. چونکە (ج.ە.پ) و (م.ە.پ) هەرگیز نایانەوێ ئەو دەستوورە بگۆڕدرێت. بەڵام ئێمە دەمانەوێ دەستوور بەتەواوەتی بگۆڕدرێت و بۆ گۆڕینی دەستووریش پێشنیازی خۆمان هەیە. ئێمە رامانگەیاند کە ئامادەین پشتگیری لە ئاکاپە بکەین، بەڵام بەمەرجێک ئەویش داواکارییەکانمان جێبەجێ

بکات. جگە لەدەستوور، پارتی دادوگەشەپێدان دەیتوانی یاسای سزای تورک، یاسای هەڵبژاردن، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بگۆڕیبایەو پەروەردە بە زمانی کوردیشی پەسەند کردبا. ئەو پارتە دەبێ لەو بوارانەدا هەنگاو هەڵبگرێ، بەڵام هیچ هەنگاوێک بۆ کورد هەڵناگرێت.

وارڤین: پارتی دادوگەشەپێدان دەڵێ ((ب.د.پ لە بەرامبەر دیموکراسیدا ئاستەنگە)) ئێوە وڵامتان بۆ ئەو گوتەیە چییە؟

پەروین: رای گشتی و هەموو کوردیش دەزانن کە کێ لە بەرامبەر دیموکراسیدا ئاستەنگە. ئەمڕۆ شارەوان و سیاسەتمەدار و منداڵەکانمان، ١٥٠٠ کورد لە زیندانەکاندان. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە تائێستاش کورد، مافی ئەوەیان نییە کە بەزمانی خۆیان پەروەردە بکرێن و فێری کوردی ببن. تا ئەو داخوازییە جێبەجێ نەکرێت، ئێمە چۆن پشتگیری دەستوور بکەین؟ داواکاری و پێشنیازی خۆمانمان هەیە. کاتێک ئێمە لەپەرلەماندا داواکارییەکانمان باس دەکەین لەدژمان دەوەستنەوەو ئاکاپەش قەت گوێ لەو داواکارییانە ناگرێت.

وارڤین: ئەگەر ئاکاپە گوێ لە داواکارییەکانتان نەگرێت، ئێوە بەشداری ریفراندۆمی پاکێتی دەستوور دەکەن یان بایکۆتی دەکەن؟

پەروین: ئێستا وا دیارە. ئەڵبەت ئێمە لەئێستاوە نازانین سبەی چی رووددەدات. رەنگە سبەی داواکارییەکانمان بە جیدی وەربگرن و جێبەجێی بکەن. چونکە تۆڕی دووهەمی دەنگدانیش هەیە. پاش تۆڕی یەکەم لە تۆڕی دووهەمدا پێشنیارنامەکان گەنگەشە دەکرێن. ئەگەر ئێمە هەنگاوێکی بچووکیش لە ئاکاپە ببینین، هەڵوێستی خۆمان دەگۆڕین. هەڵوێستی ئێمە دەتوانرێت لە ریفراندۆمەکەشدا بگۆڕدرێت. بەڵام ئەگەر وەها پێشبچێت و ئاکاپە هەرگیز گوێ لەداخوازییەکانمان نەگرێ، ئێمە ریفراندۆمەکە بایکۆت دەکەین.

وارڤین: رات لەبارەی دۆسیەی ئەرگەنەکۆنەوە چییە؟

پەروین: کوشتنە بکەر نادیارەکان برینێکی ساڕێژنەبووی تورکیایە. لە تورکیا تائێستا ١٧ هەزار کوشتنی بکەر نادیار ئەنجامدراوە. ئاکاپە ئەوە دوو خولە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام لەبارەی روونکردنەوەی ئەو کوشتنانەوە هەنگاوێکی بچووکیشی هەڵنەگرتووە. بۆ ئەوەی ئەو کوشتنە سیاسییانە روون بکرێنەوە، ئێمە گەلەک هەنگاوی بەرچاومان هەڵگرت، بەتایبەتیش لە قۆناغی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک دا، ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنە بکەر نادیارەکان و دەستگیرکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە لەو کارەدا دەستیان هەبووە، پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش کرد، بەڵام بەداخەوە ئاکپارتی وەڵامی نەدایەوە.

وارڤین: بۆ وەڵامی نەدانەوە؟

پەروین: چونکە ئاکاپە نایەوێت ئەو کوشتنانە روون بکاتەوە. لەبەرئەوەی کێشەی کوشتنە بکەر نادیارەکان لە تورکیا کێشەی سیستەمە. ئەگەر ئەمڕۆ ئەو زنجیرە کوشتنە روون ببنەوە، دەبێ سیستەم بەتەواوەتی گۆشەگیر بکرێت. چونکە دەوڵەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەو کوشتنانە بەرپرسیارە. ئێوەش دەزانن بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستی سەرۆکوەزیر، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئاسایش و سەرۆککۆمارەکانی ئەوکات لەو کوشتنانەدا هەیە. بۆ ئەوەی ئاکاپە خۆی لەبەر دڵی سیستەمی ئێستادا شیرین بکات و بیسەلمێنێ کە لایەنگری سیستەمە، نایەوێ ئەو کوشتنانە روون بکاتەوە.

وارڤین: سەرۆکوەزیری ئەوکات تانسۆچیللەر، هیچ پەیوەندییەکی بە کوشتنی هاوسەرەکەت (ساواش بولدان)ەوە هەیە؟

پەروین: بەداخەوە سەرۆکوەزیری ئەوکات تانسۆچیللەر پاش ئەوەی گوتی ((لیستی ئەو سەرمایەدارانەی کە هاریکاری پەکەکە دەکەن لە بەردەستمانە، ئێوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەین))، لە تورکیا لەبەرامبەر سەرمایەدارانداا کوشتنی بکەر نادیار دەستی پێ کرد. لەو قۆناغەدا گەلەک رۆشنبیر، سیاسەتمەدار و نووسەری کورد کوژران. من تەنیا بۆ هاوسەرەکەی خۆم (ساواش بولدان) سیاسەت ناکەم، دەبێ کە ساواش هێمایەک بێت، بەڵام لە تورکیا گەلەک مرۆڤی مەدەنی کوژراون. مرۆڤی سیڤیل لەناو کۆڵاندا بەشێوەیەکی وەحشیانە کوژران، تەوریان لە ملیان دا و کوشتنیان. دەبێ ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی گشتی بنرخێندرێت. بۆ ئەوەی بەرپرسیارانی ئەو کوشتنانە گۆشەگیر بکرێن و چارەنووسی ونبووەکان روون بکرێتەوە، ئێمە لەئاستی تورکیاو لەئاستی نێونەتەوەییدا گەلەک هەوڵمان داوە.

وارڤین: ئاکاپەیی دەڵێن ((فەرماندەی ئالای قەیسەرییە جەمیل تەمیسۆز بەهۆی کوشتنی ٣٢ کوردەوە دەستگیر کراوە، بەڵام ئێوە وەک (ب.د.پ) بەهیچ شێوەیەک توانای خۆیان لە دادگا بەکارناهێنن و پشتگیری لەو گۆشەگیرکردنە ناکەن. بۆچی؟

پەروین: رەنگە لەو بوارەدا ئێمە کەموکورتیمان هەبێت. ئێمە لەقۆناغێکی هەستیاردایـن. ئەڵبەت رەنگە ئێمە نەمانتوانیبێت بەشێوەیەکی بەهێز لەهەموو دۆسیەکاندا بەشداریمان هەبووبێت، بەڵام لەراستیدا ئێمە ئەو بابەتەمان خستە رۆژەڤی خۆمانەوە. بەتایبەتی لەدوایین کۆبوونەوەی پارتی و لە کۆبوونەوەی کۆمیتە ناوەندیدا ئەو بابەتەمان هەڵسەنگاند. لەمەبەدواوەش بڕیارمانداوە هەم پەرلەمانتار و هەمیش لایەنگرانمان پێکەوە لەنزیکەوە چاودێری ئەو دۆسیانە بکەین.

وارڤین: ئێوەش لە کۆنفرانسی ژنانی کورد لە ئامەد بەشداریتان کرد. رات لەبارەی ئەم کۆنفرانسەوە چییە؟

پەروین: بەڕاستی ئێمە لێرە لەماوەی دوو رۆژدا شاهێدی قۆناغێکی مێژوویی بووین. جاری یەکەمە کە لەتورکیاو لە پایتەختی کوردستان ئامەد ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆنفرانسێک دەگێڕن. ئێمەی ژنانی کورد لە عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا و هەموو جیهان یەک ئازارمان هەیە. لەهەموو شوێنێک بەرەوڕووی یەک زوڵمورزۆرداری دەبینەوە. کێشەکانمان وەک یەکن. ژنانی کورد لەهەر شوێنێکی جیهاندا بن لەژێر زوڵموزۆری سیستەمدان و هەمیشە لەلایەن سیستەمەوە بەرەوڕووی توندوتیژی و چەوساندنەوە دەبنەوە. هەروەها لەناو خێزانیشدا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

وارڤین: کاتێک مرۆڤ ژنی کوردی باکوور و پارچەکانی دیکەی کوردستان پێکەوە قیاس بکات، تابلۆیەکی چۆن دێتە پێش چاوی؟

پەروین: لە تورکیا بەتایبەتیش لەژێر پێشەنگایەتی بزووتنەوەی ژنانی کورد دا، لەئەنجامی تێکۆشانی ئازاد و دیموکراتیکدا، ئێمەی ژن گەیشتووینەتە ئاستێکی باش. کاتێک ئێمەی ژنانی کورد لە تورکیا لەگەڵ ژنانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەراوورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی باکوور پێشکەوتووترن. لەراستیدا ئەوەش کاریگەری تێکۆشانی ئازادییە.

وارڤین: ئەو رووداوانەی لە تورکیا روودەدەن. کاریگەرییەکی چۆن لەسەر ژن دادەنێن؟

پەروین: راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە تورکیا شەڕێک هەیەو ئەو شەڕەش بەتایبەتی کاریگەری لەسەر ژنان دادەنێت. چونکە بڕیاری شەڕ لەلایەن پیاوانەوە وەردەگیرێت، بەڵام هەمیشە ژن و منداڵ دەبنەوە قوربانی شەڕ. لەبەرئەوەش ژن دەبێ نە تەنیا بۆ ئازادی ژن، بەڵکو بۆ دژایەتی شەڕیش بێنە لای یەک و دەنگی ئاشتیخوازانەیان بەرز بکەنەوە. ئەو ژنانەی کە لەئێران، عێراق و سوریاوە هاتبوون، دەبێ لەگەڕانەوەدا لە وڵاتی خۆیان بەدەسەڵات بڵێن ئەوان لەدژی شەڕن. ئێمەی ژن دەبێ لەو جۆرە کۆنفرانسانە زیاتر بکەین. دەبێ زیاتر یەکڕیز بین. دەتوانم بڵێم کە تێکۆشانی ژنی کورد سیستەمی تورکیا زۆر دەخاتە ژێر گوشارەوەو ئازاری دەدات. ئێستا چەندین ژنە سیاسەتمەداری کورد لە زیندانەکاندان. بۆیە بڕوا ناکەم کە پیاوان زۆر تێکۆشانی ژنانیان پێ قبووڵ بکرێت. سەرەڕای ئەوەش دەبێ ئێمەی ژن لەبەرامبەر سیستەمدا تێبکۆشین و دەنگ بۆ هێنانە دی داخوازییەکانمان هەڵبڕین.

www.netewe.com

## باربارا پێترینی:

# لە ئەورووپایش ژن هێشتا ئەو یەکسانییەی نییە کە دەبێ هەیبێت



سیروان ڕەحیم- ئەڵمانیا

**ساڵانێکە کوردستان دەرگا داخراوەکانی لەسەر کراوەتەوە. ساڵانێکە ئیتر کوردستان ئەو سەرزەمینە کێوییە نییە لە ئەورووپا مرۆڤ وەکو سەرزەمینی ناو ئەفسانەکان تەماشای بکات. زۆرن ئەو کەسانەی لە ئەورووپاوە بۆ کار، گەڕان یان ناسینی کورد ڕوو لە کوردستان دەکەن. ئیتر کوردستانیش وڵاتێکە سەرنجڕاکێش و خەڵکی دەیەوێ ڕووی تێبکات و خەڵک و زمان و کەلتوورەکەی بناسێت.**

خاتوو باربارا پێترینی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٦ بیرن-سویسرا، کوردیزان و کوردناسە. ئـەو بەکوردییەکی ڕەوان (کرمانجی ناوین سـۆرانـی) دەتـوانـێـت قسە بـکـات. زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی لـە زانـکـۆی زویرخ سویسرا خوێندووە. ماستەری لەسەر کێشەی کوردی نووسیوە. ماستەرەکەی بەراووردێکە لەنێوان دەسەڵاتی کوردی لەسەردەمی کۆماری کوردستان-مەهاباد و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەم بەشەی دیدارەکەمان لەگەڵ خاتوو پێترینیدا سەبارەت بە کوردستان و ژنی کوردە. پاشتر و لە دیدارێکی جیاوازدا سەبارەت بەبابەتی ماستەرەکەی قسەی لەگەڵ دەکەین.

سەرەتا لەفێربوونی زمانی کوردییەوە دەستمان پێکرد. ئێستا ئەو کەسانەی دەیانەوێ کوردی فێر ببن هەن و بەرلەوەی کوردستان ببینن دەیـانـەوێ شتێک سەبارە بەزمان فێرببن و هەروەها بتوانن ئەوەندە قسەی پێبکەن کە خۆیان کاری ڕۆژانەیان بەڕێوە ببەن. خاتوو پێترنی، بێئەوەی پێشتر کوردستان ببینێت، لە سویسرا فێری کوردی بووە. ئەو بەردەوام خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردووە سەر لە کوردستان بدات. زمانێک زمانی دەوڵەت نییەو ئەو فێری دەبێت.

لە وڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەهاندەرەکانی فێربوونی زمانی کـوردی بۆ سویسرییەک، دەڵێت: ((سەرەتا من لەلای خێزانێکی کوردی کەرکووکی لە سویسرا دەستم کرد بە فێربوونی زمانی کوردی. دەبوو ئەو خێزانە کە ژمارەیان چوار کەس بوو، فێری زمانی ئەڵمانی ببن. پێکەوە بڕیارماندا، ئەوان یارمەتی من بدەن بۆ فێریوونی زمانی کوردی و منیش یارمەتی ئەوان بدەم بۆ فێربوونی زمانی ئەڵەمانی. بەو جۆرە تواناکانمان ئاڵۆگۆڕ کرد و منیش فێربووم. ئەوان وانەی کوردییان بە من دەگوتەوەو منیش ئەوانم لەزمانی ئەڵمانی نزیک دەکردەوە. پاشتر کۆمەڵی هاوڕێی کوردم ناسی، چ ژن، چ پیاو، سوودی زۆرم لەوانیش وەرگرت بۆ بەهێزکردنی کوردییەکەم.

باربارا پێترینی، لەکۆتایی نەوەدەکاندا دەستی بەفێربوونی زمانی کـوردی کـردووە، چەندین ساڵ پاش ئـەوەی فێری کـوردی دەبێت، لە بـەهـاری ساڵی ٢٠٠٨دا بۆ یەکەمجار سەر لەکوردستان دەدات. ئەو لەکوردستان دەبێت و وەرگێڕی پێویست نابێت. دیارە هەستێکی خۆشە. هەستێکە وەکو خۆی دەڵێ، ((لە بیر ناکرێت)).

خاتوو پێترینی دەڵـێـت: ((مـن لە پارچەی کوردستانی عێراقی بووم. سەردانی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، چەمچەماڵم کرد. هەروەها سەرم لەناوچەی ڕەواندز دا و لە پانک مامەوە. لـەدرێـژەی باسوخواسدا سەبارەت بەگەشتە کورتەکەی لە کوردستان دەڵێت: ((وڵاتێکی جـوانـە کـوردسـتـان. نـیـوەڕۆیـەکـی گەڵاڵەم لەبیرناچێت. چیاکان هەموو بەفر بوون، بەڵام خۆرەهەتاوێکی خۆش لەو حەوشەیەی دەدا کە لێی دانیشتبووین. کۆمەڵێ کەس بووین پێکەوە قسەمان دەکرد. سەرباری ئەو هەموو شەڕ و شۆڕە، ئەو خەڵکە چەند خۆشحاڵ و دەم بە کەن بوون.))

لەگەشتە تیژتێپەڕەکەیدا، سەبارەت بەوەی خۆی وەکو غەریبێک نەهاتۆتە بەرچاو لە کوردستان، هەروەها ئەو شتانەی کە کاریگەرییان بەسەریەوە داناوە، خاتوو پێترینی دەڵێت:

((منزۆرشتمسەبارەتبەکوردستانخوێندۆتەوە. هەروەها زۆرم گوهداری باسی کوردستان کردووەو زۆرجاریش تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکانم

کردووە.

بۆیە من لە کوردستان، هەستی غەریبیم لادروست نەبوو کە چوومەتە وڵاتێکی نامۆ و نەناس. زۆر شتی کوردستان بەلای منەوە سەرنجراکێش بوون و لەلام مانەوە. مرۆڤەکان لەوێ بەجۆرێکیتر خۆیان رێکخستووەو بەجۆرێکی تەواو جیاواز دەژین وەک لەخەڵکی سویسرا. خەڵکێکی زۆر لــەدەرەوە دەبیندرێن. لەسەر شەقام و کۆڵانەکان، بە رۆژ و بەشەو. هەروەها جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە زۆر روونتر لێمانەوە دیارن، ئەگەر ئەمە بەراووردی بکەم بەلای خۆمان لە سویسرا. بێگومان سروشتی کوردستانیش منی زۆر خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. چ وڵاتێکی دڵگیرە خودایە. دیارە من سەرەتای بەهار لەوێ بووم و هەموو شت بەرەو سەوزایی دەچوو. گوڵەکانی لەهەموو لاوە دەپشکوتن.

خاتوو پێترینی، لە کوردستان ژنگەلی کورد دەبینێت، قسەیان لەگەڵ دەکات و یەکتر دەدوێنن. ئەو دیدی ژنانی کورد گوهداری دەکات، ژیانیان دەبینێت و جیهانبینیان دەبیستێت. خاتوو پێترینی سەبارەت بەجۆری ژیان و بوارەکانی ژنی کورد، دەربارەی هەبوونی توانا بۆ ژیانێکی باشتر و رەوشێکی لەبار لەلای ژنی کوردی دەڵێت: ((دەمویست بەخۆشحاڵییەوە لێرەدا لیستێکی درێژ ئامادە بکەم، کە من ئارەزووی چی بۆ ژنگەلی کورد دەکەم، دیارە ئارەزووی زۆر شتی باش و شایستەیان بۆ دەکەم. بۆ ئەوەی ژیانی ژنانی کورد بچێتە ئاستی یەکسانی و وەکهەڤی لەگەڵ پیاوانی جڤاکی کوردستاندا)). لەدرێژەی قسەدا دەڵێ: ((بەڵام هەستم بەوە کرد، لە کوردستان نەک تەنیا ژنان ئازاد نین، بەڵکو هەموو کۆمەڵگاکە ئازاد نییە. بەڵام لە کۆمەڵێکی وەهادا، نایەکسانی، نادادپەروەری، ژنان زۆرتر و بەهێزتر دەپێکێت)). هەروەها خاتوو پێترینی دەڵێ، پێمولیە لەکوردستان دەبێ ئەو رۆژە بێت کە مرۆڤەکان بەردەوام بیرلەوە بکەنەوەو واهەڵسووکەوت بکەن کە، بۆیان گرنگ نەبێت دەرو دراوسێ یان خزم و کەس چ دەڵێن یان بۆچوونیان چییە بەرانبەر بەشتێک من دەیکەم یان دەبێ بیکەم. دەبێ لە بڕیاردا بۆچوونی ئەوانیتر لەبەرچاو نەگیردرێن.



باربارا پێترینی

دەبێ خەڵک لە کوردستان ئەوە بکات خۆی پێی راستە و بۆی راست و گونجاوە. ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبێت ئەوانیتر بە دڵیانە یان نا. بۆ ژنانی کوردستانیش بەلای منەوە گرنگە کە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گۆڕینی بیرکردنەوە دەست پێبکات، دەبێ دابەشکردنی کار هەبێت لەنێوان هەردوو رەگەزدا. بۆنموونە، پیاوانیش بتوانن بەدەم میوانەوە بچن، چای بخەنە بەردەست میوان و خزمەتی بکەن. ژنانیش بەهەمانشێوە بتوانن قسە لە سیاسەت بکەن وەکو پیاوان قسەی لێدەکەن. یان ئەوەندەی پیاوان باش یاخود وەکو ئەوان خراپ بتوانن قسە لەسیاسەت و لەکێشەکانیتر بکەن.

خاتوو پێترینی لەکۆتایی ئارەزووەکانیدا دەڵێت: ((بۆ ژنانی کوردستان خوازیارم و زۆر هیوامە بەهەڤرا دەست بدەنە یەک. دەست بەوە بکەن کە پێکەوە بۆ مافەکانیان و بۆ داخوازەکانیان بەهەرەوەزی کار بکەن. پەیگیرانە هەوڵدەر بن بۆ بەدەستخستنی مافەکانیان)).

لە درێژەی باسوخواسدا سەبارەت بە ژنان، هاتینە سەر باسی ئازادی ژن لە ئەورووپا و بەراووردی ئاستی ئازادی ژن لەئەورووپا بەشوێنەکانی ترەوە. دەربارەی ئازادی ژنان لەئەورووپا بەو پێیەی خاتوو پێترینی ژنێکی ئەورووپاییەو لە وەڵاتێک دەژی کە دیمۆکرات و پاشخانێکی گرنگی دیمۆکراتی و یەکسانیی هەس. چونکە ئیمرۆ زۆر باس لەئازادی ژنان دەکرێت لەوڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، بێگومان بەبەراورد بەشوێنانی دی جیهان لەوێ ئازادی هەیە. بەڵام ئایا کەسێکی خوێندەواری وەک خاتوو پێترینی، چۆن ئەو ئازادییەی لە وڵاتەکەی بۆ ژن هەیە دەنرخێنێت. ئەو خاتوونە پێیوایە: ((هێشتا لە ئەورووپایش لە مافدا ژن و پیاو یەکسان نین. ئەمە خەمێکی گەورەیە. بەداخەوە. بەڵام ژنانی ئەورووپا، بەبەراورد لەگەڵ زۆر شوێنی تر، ئازادییەکی زۆریان هەیە. لەباری یاساییەوە ژن و پیاو یەکسانن. لێرە ژن دەتوانێ بە تەنیا بجوڵێ و بگەڕێ، بە رۆژ یان بە شەو، کێشەیەک نییە. لەوە گرنگتر مرۆڤ وەکو ژن دەتوانێ بە تەنیا بژێت و ماڵی تایبەتی خۆی هەبێ و داهاتی تایبەتی خۆیشی هەبێت. لەئەورووپا تۆ وەکو ژن، دەتوانی ئەوەندە پارەت دەست بکەوێت پێی بژیت. هەروەها لەبواری کار و پیشەدا ژنان بواری زۆریان لەبەردەست دایە. بەڵام زۆرجاریش بۆ ئەوە دەبێ باجی گەورە بدەن. بۆ نموونە، ژن لەپێناوی ئەوەی بەردەوام بێت و دەستبەرداری کار و پێشکەوتن نەبێت، بۆ ئەوە دەبێ سازش لەمافی منداڵبوون یان هاوسەرێتی بکات. ئەو بوارە بۆ ژنانی ئەورووپا رەخساوە دەشێت لەهەموو بوارێکدا کار بکەن، خۆیان پێشبخەن و ناو دەربکەن. هەروەها مافی خوێندن لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا زانکۆ بۆ ژنان و پیاوان یەکسانە. بەڵام لەباری داهاتەوە تائێستا کێشەی ئەوە هەیە کە، زۆرجاران ژنان داهاتیان لە پیاوان کەمترە. ئەوەی جێی سەرنجیشە، ژمارەی ژنان زۆر کەمن لە ئەورووپا کە لە شوێنگە گرنگەکانی سیاسەت و ئابووریدا هەن)).

www.netewe.com



کوردستان پێنجوێن ٢٠١٠. ئافتاو مەحمود لە ساڵی ٩٢بەهۆی تەقینەوەی مین قاچێکی پەڕیوە. ئەوکات بەتەمای ئاهەنگی بووکێنی دەبێت، بەڵام ئەو رووداوە لەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی نائومێدی دەکات. چەند رۆژێک دوای ئەو رووداوە دەستگیرانەکەی لەناکاو دەچێتە نەخۆشخانەو لەوێ مارەی دەکات. خێزانی ئافتاو و خۆشەویستەکەی ئێستا خاوەن سێ منداڵن.    فۆتۆ: ژولی عەدنان

## لەدژی ئەو تۆمەتانەی داویانەتە پاڵی

# ڕێکخراوی ئاسوودە ٢٨ کەس دەداتە دادگا

**دوای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەک چالاکوانی بواری ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەدەرەوەی کوردستان بەیاننامەیەک لەدژی ڕێکخراوی ئاسوودە بڵاوکرایەوە، بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە لەدادگای سلێمانی سکاڵای لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار کرد کە بەیاننامەکەیان واژۆ کردووە.**

سلێمانی

ڕێکەوتی ٢٠١٠/٤/٣٠، لەلایەن ٢٧ چالاکوانی بواری ژنان و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، بەیاننامەیەک لەسەر ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە، بڵاوکرایەوە کە تێیدا چەند تۆمەتێکی مەترسیدار خراوەتە پاڵ ڕێکخراوەکەو بەڕێوەبەرانی.

لەناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک کراوە وەک ((بازرگانیکردن)) بەو کەیسانەی کە لەشەڵتەری داڵدەدانی ئەو ڕێکخراوە حەشاردراون، ((بەکارهێنانی توندوتیژی و تەحەروش)) و ئەمەش جگە لەدیارنەمانی بڕێکی زۆر لەو هاوکارییە ماددییانەی کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی دەرەوە لەچوارچێوەی پرۆژەدا دراوەتە ئەم ڕێکخراوە. هاوکات لەبەیاننامەکەدا داوا لەحکوومەت کراوە کە بەزووترین کات لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە پێکبهێنرێت.

لەوبارەیەوە خانم ڕەحیم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسوودە دەڵێ کە ئەو هیچ وەڵامێکی نییە بۆ ئەو کەسانەو کێشەکە لەدادگا یەکلایی دەکاتەوە ((من مەسەلەکەم بردووەتە دادگا و سکاڵام لەدژی هەموو ئەو کەسانە تۆمارکردووە کە ناوی ڕێکخراوی ئاسوودەو منیان زڕاندووەو سووکایەتییان پێکردووم)).

دوابەدوای بڵاوبوونەوە بەیاننامەکە لەهەندێک سایت و ڕۆژنامەکان، ئەو پرسە بووە جێی سەرنجی میدیاکان و چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کرا، بەڵام پاش تێپەڕینی چەندرۆژێک، هەندێک لەو کەسانەی کە بەیاننامەکەیان واژۆ کردبوو ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوەو ڕایانگەیاند، ئەوان ((مەبەستیان لە وشەی بازرگانیکردن ئەوە نەبووە کە کار بەجەستەی کەیسەکانەوە کرابێت))، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتووە هەندێک لە واژۆکەرانی بەیاننامەکە لەرێگەی ئیمێڵەوە داوای لێبوردنیان لەڕێکخراوی ئاسوودە کردوەو بێئاگایی خۆیان لەناوەڕۆکی بەیاننامەکە ڕاگەیاندوە. خانم ڕەحیم، لەوبارەیەوە دەڵێ: ((تۆمەتبارکردنی ئاسوودە بەو شتانەی کەلە بەیاننامەکەدا هاتووە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەدادگا شتەکان باشتر ڕووندەبێتەوە،ئەوان کارێکی وایان نەکردووە ئێمە بیانبوورین)). لەبەشێکی بەیاننامەکەدا ئەو چالاکڤانانە داوا لە حکوومەت دەکەن کە لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون لەسەر کاروباری ڕێکخراوەکە دروست بکرێت، بەڵام وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسۆس نەجیب، بەوارڤینی ڕاگەیاند کە ئەوان ناتوانن بەهیچ شێوەیەک لێپێچینەوە لەکاروباری هیچ شەڵتەرێک بکەن کە لەدەرەوەی وەزارەتەکەیان بێت ((چونکە ئەم شەڵتەرانە سەر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین)).

ئاسۆس نەجیب، هەروەها گوتی: ((ئێستا خەریکی دانانی سیستەمێکین بۆ چاودێریکردنی ئەو شەڵتەرانەو لەوانەیە ٢ هەفتەیتر کۆتایی پێبێت. ئەگەر زانیمان سیستەمەکە سەرکەوتوو بوو ئەوکات دەتوانین چاودێرییان بکەین و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو شەڵتەرانە بکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین لەخۆمانەوە پشت بەقسەی هەفتەنامەو ڕۆژنامەکان ببەستین)). ڕێکخراوی ئاسودە، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکوومییەو لەساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە. بەیەکەم ڕێکخراوی ژنان دادەنرێت کە تایبەتمەندە بەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە لەهەرێمی کوردستان کە ئۆفیسی سەرەکی لەشاری سلێمانییەو هاوکات لەهەریەک لەشارەکانی هەولێر و بەغداش نووسینگەی هەیە.

خانم ڕەحیم دەڵێ کە ڕێکخراوەکەیان توانیویەتی بەمیتۆدێکی سیستەماتیک و پێشکەوتوو لەپێناو باشترکردنی پێگەی ژنان لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا کار بکات.

لەدەستپێکی کارەکانیەوە تائێستا ڕێکخراوی ئاسوودە توانیویەتی ژیانی ٩٠٠ کەیس کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بووە، بپارێزێت. ((لەسەرانسەری عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە تائێستا توانیومانە پارێزگاری لەژیانی٩٠٠ ژن بکەین کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بووە. هەروەها ئەو کرێکارە بیانییانەمان پاراستووە کە هەڕەشەیان لێکراوەو کێشەکانمان بۆ چارەسەرکردون)). ڕێکخراوی ئاسوودە تائێستا چەندین سوپاسنامەو خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن باڵیۆزخانەی ولاتانی بیانی



www.netewe.com



**کوردستان– سلێمانی ٢٠١٠: بەرپرسی سەنتەری ئاسوودە بە تەلەفۆن سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتێکی هەڕەشەلێکراوە**

و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێدراوە. ئاسوودە هەروەها لە ٤ تۆڕی گەورەی ناوخۆیی و زیاتر لە ٦ تۆڕی جیهانی تایبەتمەند بە ژناندا ئەندامە.

سەبارەت بەجۆری سکاڵاکەو ئەو کەسانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاسوودەوە لەدادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە، پارێزەرێکی ڕێکخراوی ئاسوودە بە وارڤینی ڕاگەیاند کە ئەوان لەدادگا دوو سکاڵایان تۆمار کردووە، یەکێکیان لەسەر جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی ڕووداو کە لەژمارە ١١١ی دا چەند بابەتێکی جیاوازیان لەسەر ڕێکخراوەکە بڵاوکردووەتەوە. ئەو پارێزەرە گوتی: ((وەک لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا هاتووە بەرلەوەی سکاڵا تۆمار بکەین، هەفتەنامەکەمان ئاگادار کردووەتەوە کە دەبێ بەسایزی پێشوو کە ٢ لاپەڕەو نیوی بۆ تەرخان کرابوو لەهەفتەنامەکەیان داوای لێبووردنی ڕەسمییان لەئاسوودە بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکیان نەبوو، سکاڵامان تۆمارکرد)).

لەبارەی سکاڵای دووەم کە تایبەتە بەو ٢٧ کەسەی کە بەیاننامەکەیان واژۆ کردووەو وەک پارێزەری ئاسوودە باسی کرد، ئەوان لەبەیاننامەکەدا ئاماژەیان بەدوو تۆمەت کردووە کە یەکێکیان بریتییەلە ((بازرگانیکردن)) بەو کەیسانەی کەلە شەڵتەری ئاسوودە داڵدەدراون. بەڕای ئەو پارێزەرە ((ئەمەیان تۆمەتێکی نێودەوڵەتییە، واتە تاوانێکی ڕێکخراوە ئەمەش زیانی ماددی و مەعنەوی هەیە بۆ ڕێکخراوەکە، زیانە مەعنەوییەکە ئەوەیە وا لەو کەیسانە دەکات کە باوەڕیان بەو ڕێکخراوە نەمێنێ. ئەمەش ناوزڕاندنە، زیانی دووهەم زیانی ماددییە ئەمەش وا لەو ڕێکخراوانە دەکات کە جارێکیتر هاوکاری بۆ ئاسوودە نەنێرن یان هیچ پرۆژەیەکی ئەو ڕێکخراوە وەرنەگرن)).

سەبارەت بەتۆمەتی دووهەم وەک ئەو پارێزەرە گوتی: ((بریتییەلە تۆمەتبارکردنی ڕێکخراوەکە بەگەندەڵی و دیارنەمانی پارەیەکی زۆر کە ئەمەش دەبێت لەدادگا بەبەڵگە بسەلمێندرێت)).

(س. م) تەمەن ٣٠ساڵ، یەکێک لەو ژنانەیە کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرەو ماوەی ٢ ساڵە لەسەنتەری ئاسوودە داڵدە دراوە. سەبارەت بەهەڵسووکەوتی ستافی ئاسوودەو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەیسەکان دەڵێ، ئەوان هەموو پێداویستسەکییان بۆ دابینکراوەو تائێستا هیچ ڕەفتارێکی نابەجێیان لەو ستافە نەبینیوە. (س.م) گوتی: ((من ئەوە ٢ ساڵە لێرەم هیچ ڕەفتارێکی ناشیرینم لەکەس نەبینیوە، هەموو پێداویستییەکەمان بۆ دابینکراوە، نەک لێرە لەهیچ

www.netewe.com





**وێنەی راست و چەپ دوو ژنی داڵدەدراوی سەنتەری ئاسوودەن کە هەڕەشی کوشتنیان لەسەرە. فۆتۆ: وارڤین**

ڕێکخراوێکی تریش سووکایەتیم پێنەکراوە چونکە بەهۆی هەستیاری حاڵەتەکەمەوە من زۆرشار گەڕاوم)).

(ژ.ع) تەمەن ٢٨ساڵ، یەکێکیتر بوو لەو ژنانەی کە ماوەی ٤ مانگە لەشەڵتەری ئاسوودە داڵدەدراوە.

(ژ.ع) دوو ساڵ لەمەوپێش شوویکردووەو دانیشتووی ناوچەی بادینانە، بەهۆی ئەوە کەسووکاری هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە، لەلایەن پۆلیسەوە رەوانەی ئەو شەڵتەرە کراوە. (ژ.ع) سەبارەت بەچۆنیەتی هەڵسووکەوت و مامەڵەکردنی ستافی ئاسوودە دەڵێ: ((زۆر رێزمان ئەگرن ئەوەی من لێرە بینیومە لەماڵی باوکیشم ئەو رێزەم نەبووە. هەموو پیپداویستییەکیان بۆ دابینکردووین لەخواردن و کەلوپەل و نەتەنیا هیچ سووکایەتییەکمان پێنەکراوە بگرە تائێستا یەک قسەی ناشیرینیشمان پێنەگوتراوە)).

ڕێکخراوی راسان کە لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە. یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کەلەبواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان کار دەکات و تائێستاش چەندین کەیسی بۆ بەشی داڵدەدانی ئاسوودە بەڕێکردووە. تانیا کەمال دەروێش، بەڕێوەبەری راسان دەڵێ: ((ئێمە لەوەتەی کارمان لەگەڵ ئاسوودە کردووە تائێستا نەمانبیستووە کەیسێک گلەیی لەو ڕێکخراوە کردبێت یان سووکایەتی پێکرابێت بەڵکو بەردەوام دەستخۆشیان لێکراوە)).

تانیا، وەها درێژەی بەقسەکانی دا: ((من وەک بەرپرسی ڕێکخراو ئەو بەیاننامەیە مەحکووم دەکەم، چونکە من لەنزیکەوە ئاگاداری کاروباری ئاسوودەم و ئەو جۆرە بەیاننامە بێ بەڵگانە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی توندوتیژی زیاد بێت و متمانەی ژنان بەرێکخراوەکانی ژن کەم ببێتەوە. ئەوەی کردوویانە هیچ خزمەتێک ناکات بە کۆمەڵگا بەڵکو زەرەرمەند دەبێت، ئەوان خۆیان لە ئەورووپا دانیشتوون و هیچ کێشەیەکیان نییە بەڵکو کێشەیەکی زۆر گەورەیان بۆ ژنی کورد دروستکردوە)).

لەلایەکی دیکەوە هەرسێ ڕێکخراوی (وادی ئەلمانی)، (ئێن پی ئەی نەرویجی) و (هارتلاندی هۆڵەندی) لە چەند روونکردنەوەیەکدا رایانگەیاند کە ئەوان هیچ کێشەیەکی داراییان لەگەڵ ڕێکخراوی ئاسوودە نییەو وەک ئەوەی لەهەفتەنامەی رووداو باسی لێوەکرابوو.

تێبینی: وارڤین وەک پابەندبوون بەئەخلاقیاتی رۆژنامەوانی پەیوەندی بەنووسەرانی بەیاننامەکەوە کرد، بەڵام ئەوان وەڵامی پرسیارەکانیان نەدواینەوە.



www.netewe.com

# سندوقی هاوسەرگیری



دوبەی

بیرۆکەیەکی جوان: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژیان لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دژوارتر و قورستر دەبێت، دەکرێ ئێمە بەزنجیرە باسیان نەکەین، چونکە هەموویان بەیەوەکەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵام لایەنی ژیانی تاکەکان زۆرجار دەبنە وێستگەی باسوخواستەکان.

وڵاتانی پێشوو ئەوانەی هەست بەپێداویستی کۆمەڵگەکانیان دەکەن و لەگۆڕانکارییەکان گەیشتوون بەوردی، ناگەڕێنەوە بۆ دواوە بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان لە کێشەکانیان لابدەن، کە لەهەناوی سەردەمی ئەم شارستانییەی ئەمڕۆ دا لەدایک بووە، ئەویش لەڕێگەی دامەزراندنی کۆلێژ و ریکخراوەکان بۆ خزمەتی تاکی کۆمەڵگەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان و کەمکردنەوەی باری قورسی سەرشانیان.

دەوڵەتی ئیمارات، پێشەنگی دامەزراندنی ئەم دامەزراوانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لاوان بەتاییەتی پرسی هاوسەرگیری کە کێشەیەکی گەورەی لاوانە ئەوەیش لەڕێگەی دامەزراندنی سندوقی هاوسەرگیرییەوە.

## سندووقی هاوسەرگیری چییە؟

بیرۆکەی دامەزرادنی سندوقی هاوسەرگیری لەساڵی ١٩٩٢ سەریهەڵدا مەبەست و بەرنامەکانی پتەوکردنی کۆڵەگەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەو پێکەوەبەستنی پێکهاتەکانی بوو، هەروەها بەرزکردنەوەو کاراکردنی هەموو لایەنەکانی ئەم خاڵە گرنگە بوو، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی خێر و سەقامگیری بۆ ئەو کەسانەی لەم سندووقە سوودمەند دەبن. هەروەها ئەم پرۆژەیە پەرۆشی دامەزراندنی خێزانێکی جێگیر و پێکەوەبەستراوە کە لەخزمەتی ئامانجەکانی دەوڵەتدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان بگێڕن و لەکاروانی پێشکەوتن و گەشەسەندن، بەتاییەتی لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دانیشتووان، ئەویش لەڕێگەی هاوسەرگیری نێوان هاووڵاتییەکانی ئەم دەوڵەتە دێتە دی.

ئەو سندووقە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و هاوبەشێکی سەرەکی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی تواناو پشتگیریکردنی لاوان بۆ هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان کاردەکات.

دیارترین خزمەتگوزارییەکانی سندووقی هاوسەرگیری کە دکتۆرە میساء شامسی وەزیری دەوڵەت و سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری ئەو سندووقەیە بریتیەلە: ڕێنمایی و ئاراستەی خێزانی، سازدانی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ و هاریکاریکردنی ئەو کەسانەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن. ڕێنمایی و ئاراستەکردنی خێزانی: سندووقی هاوسەرگیری ئەرکی ڕێنوینیکردنی خێزانەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگە جێبەجێ دەکات، ئەویش بەپلانی بەردەوام بۆ وەگەڕخستنی هۆشیاری و توانای تاکەکان کە لەو ڕێگەیەوە بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن و هیواو ئاواتەکانیان بێتە دی و هەلی خۆیان بزانن و ڕێگەچارەکان لەبەردەمیاندا واڵا بێ. بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن، وێڕای ئەوەی بتوانن لەڕێگەی مەشق و ڕاهێنان لەڕێگەی ڕاهێنەرانی خێزانەوە شارەزایی ژیانی هاوسەرگیری بین لەقۆناغی پێش هاوسەرگیری و دواییدا.

هەروەها ئامانجی ڕێنمایی خێزانی ئەوەیە پشتیوانی لەخێزانەکان بکرێت و کۆمەڵگەیەکی دروست بنیاتبنرێت، لەڕێگەی پلان و پڕۆسەی بەردەوامی سەرپەرشتیکردنی خێزانەکان بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات و زاڵ بێت بەسەر ئاستەنگەکانی ژیانیدا، ئەم خزمەتگوزارییە هەموو هاووڵاتیانی ئیمارات و ئەوانەی لەو وڵاتەدا نیشتەجێن دەگرێتەوە.

سندووقی هاوسەرگیری زۆر کیشەو پرسیاری ڕووبەڕوو دەکرێتەوە، هەمووی لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و ئەوانەی لەناو سندووقی هاوسەرگیری کار دەکەن چارەسەر دەکرێن و وەڵامدەدرێنەوە. هاوسەرگیری بەکۆمەڵ: هەروەها سندووقی هاوسەرگیری یەکێک لەخزمەتگوزارییەکانی تری هاوسەرگیری بەکۆمەڵە.

ئەم چالاکییەش بەبەردەوامی لەبەرنامەی سندووق جێگیر کراوەو ئامانج لەمە هاوکاریکردنی لاوان و کەمکردنەوەی تێچوونی هاوسەرگیرییە. هەروەها سندووقی هاوسەرگیری بواری واڵایە لەبەردەم ئافرەتان، کچان و کوڕان، بۆیان هەیە لێرە داواکاری خۆیان تۆمار بکەن تا بەشداربن بەکۆمەڵ و لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دەتوانن لەم پڕۆسەیە بەشدار بن. پاشان سندووقی هاوسەرگیری بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەکە ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر و لەکاتی سازدانی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ پەیوەندی بەوانەوە دەکات کە داواکارییان تۆمار کردووە. مەرجی پێویست بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەهاوسەرگیری بەکۆمەڵدا بەشدار بن ئەوەیە کە ئەم سندووقەو یاساکانی ئیمارات پشتیوانی لەفرەژنی ناکەن و پاڵپشتی مافی ئافرەتان دەکەن. تەنیا لەوکاتانە پشتیوانی ئەو کەسە دەکرێت کە ژنی دووهەم بێنێت کە ژنەکەی مرد بێت یان ژنی یەکەم منداڵی نەبێ، یان پێش گواستنەوە ژنەکەی تەڵاقدابێت.

www.metewe.com



### بەخشینی هاوسەرگیری

یەکێک لەچالاکییەکانی ئەم سندووقەو گرنگترین خزمەتگوزاری کە پێشکەشی دەکـات، لەلایەن هاووڵاتیانەوە پێشوازی لێدەکرێ، بەخشینی پارەیە بۆ هاووڵاتیانی ئیمارات بۆ سازدانی هاوسەرگیرییە بۆ ئەوانەی توانای داراییان سنووردارە. حکومەتی ناوەندی لەئیمارات ساڵانە بودجەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات. لەم چوارچێوەیەدا ئەنجوومەنی کارگێری مەرج و ڕێکاری بۆ ئەوانەی سوودمەند دەبـن لـەم بەخشینە دیاریکردووە. ئەویش دەبێ ئەو کەسە توانای ماددی سنووردار بێت و یاسای سندووق بیگرێتەوە، ئەم مەرجەش بـاری قورسی لاوان کـەم دەکـاتـەوەو دەرگـای پێکهێنانی هاوسەرگیری لەبەردەمیان واڵا دەکات و ژیانی کۆمەڵگاو خێزان پتەو و جێگیر دەکات. دەستنیشانکردنی ئەو لاوانـەی یاسای سندووقی هاوسەرگیری دەیانگرێتەوە لەلایەن ئەنجومەنی کارگێری پێشوو و ئێستاوە دیاریکراوە. ئەویش دەبێ داهاتەکەی ١٥٠٠٠ درهەمی ئیماراتی بێت، ئەم دیاریکردنە لەچوارچێوەی دیدێکی هاوسەنگ پـەیـڕەو کـراوە کە ئـەو لاوانـە داهاتیان کەمە بەتوێژێکی گرنگی کۆمەڵگە تەماشا دەکرێن لەڕووی دروستکردنی کۆمەڵگەو پێکهێنانی خێزانەوە، بۆیەش سندووقی هاوسەرگیری هەموو پێداویستی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ئەو لاوانە دابین دەکات، تابتوانن درێژە بەهیواو ئاواتەکانیان بدەن و ژیان و خێزانێکی نوێ دروست بکەن. هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەوانەی ژنی دووهەم دەهێنن دەبێ ئەو سێ مەرجەی سەرەوەیان تێدا بێت ئینجا دەتوانن لەهاوسەرگیری بەکۆمەڵ بەشدار بن.

### ژمارەو بۆچوونەکان

تێکڕای ئەوانەی لەسندووقی هاوسەرگیری لەساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠٨ سوودمەند بوون، دەگاتە ٥٨ هەزار کەس. ساڵی ٢٠٠٩ ئەوانەی سوودمەند بـوون ٢٣٧ هـاووڵاتـی ئیمارات بـوون، بـڕی ئەو هاوکارییانەش لەوساڵەدا ٨ملیۆن و٩٠٠ هەزار درهەم بوو. سەرەڕای ئەم ئامارانە، هێشتا هاووڵاتیانی ئیمارات ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەو بڕە پارەییەی سندووق پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات(١٥٠٠٠ درهـەم) ئەمە کەمە چونکە تێچوونی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر لەوە زیاترە، تەنانەت هەندێ لەوانەی داهاتیان باشە داوا دەکەن ئەو هاوکاری بەخشینە بیانگرێتەوە.

کۆمەڵگەی ئیماراتی لەکاتی سازدانی پرۆسەی هاوسەرگیری پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بەتایبەتی بۆ ئاهەنگگێڕان و دیکۆر و هۆڵی ئاهەنگ و هۆتێلی پێنج ئەستێرە و جلووبەرگ کە دەگاتە ملیۆنەها درهەم.

هاووڵاتی(سەعید) دەڵـێ، من یاسای بەخشینی سندووقی هاوسەرگیری ڕەتدەکەمەوە، چونکە هەموو کەسێک پێوستی بەهاوکاری دارایی هەیە. لەبەرئەوەی هاوسەرگیری لەوڵاتی ئێمە پارەیەکی زۆری تێدەچێت، کاتی خـۆی شێخ زایـد ئەو مەرجانەی دانەنابوو بۆ داهاتی هاووڵاتیان و هەموو کەسێک ئەو هاوکارییە دەیگرتەوە، بۆیە پێویستە سندووقی هاوسەرگیری ئەو مەرجانە لابەرێت. هەروەها خاتوو»عەلیە» دەڵێ، داواکارم چاو بەو یاسایەدا بخشێندرێتەوەو ئەو هاوکارییە هەموو ئەوانە بەبێ جیاوازی بگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوانەی داهاتیان کەمە زیاتر بایەخیان بدرێتێ، هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت ژنی دووهـەم بێنن هاوکاری بکرێن، چونکە ڕێژەی ئافرەتانی قەیرە زۆر بـووە، ئـەوەش کـار دەکاتەسەر پێکهاتەی دانیشتووان. (محەمەد)دەڵێت، من لەدەرەوەی وڵات لەسەر حیسابی وەزارەتـی خوێندنی باڵا دەخوێنم، مووچەیەکی کەمم هەیەو دوو ساڵە دەزگیرانم هەیە ناتوانم بیگوازمەوە، لەبەرئەوەی باوکم قـەرزاری بانکەو خـاوەن خێزانێکی زۆرە، سندووقی هاوسەرگیری پێیانووتم تۆ سێ مانگت بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری کەمترە. لەکاتێکدا زۆر لەهاووڵاتیانیتر باس لەڕۆڵی ئەرێنی سندووقی هاوسەرگیری دەکـەن لەهاوکاری لاوان و ڕۆڵی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئیماراتی و پشتیوانی لاوانی ئەو وڵاتە.

### کۆمەڵگەی کوردستان و سندووقی هاوسەرگیری

بۆ تەواوکردنی بیرۆکەی عەشایەری و هاریکاری و هاوبەشبوون لەکەمکردنەوەی باری گرانی دارایی کە تائێستا لەهەندێ ناوچەی کوردستان بڵاوە، بۆیە باشترە ئەم بیرۆکەیە زیاتر لەچوارچێوەی دامەزراوەیی کاراتر بکرێت و هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگرێتەوە، ئاشکرایە کە تاکی کورد لەبارێکی سەخت و دژواردایـە، سندووقی هاوسەرگیری دەتوانێت زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکات و میدیای کـوردی لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بووەو تیشکی نەخستۆتەسەر، گفتوگۆ لەنێوان شـارەزایـیـان و پسپۆڕان نـەکـراوە. پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن کۆمەڵگای کوردستان لـەڕووی هۆشیاری هاوسەرگیرییەوە کەموکوری هەیەو شارەزایی پێویستی نییەو بنەمای دروستی هاوسەرگیری نازانن، سەرباری کێشەی مارەیی و شیربایی و تێچوونی هاوسەرگیری کە باری گەنجی کورد قورستر دەکات. گەنجی کورد، زۆرجار لەبەر ئەم هۆیانە ناتوانێت هاوسەرگیری بکات.



سنا کوردی

www.netewe.com

# کچانی کورد لە ئەورووپا لەدەست خێزانەکانیان هەڵدێن

ئامانج خەلیل – نەرویج

سەناریا، کچە کوردێکی دانیشتوی نەرویجە، کاتێک بڕیاریدا خێزانەکەی بەجێبهێڵێت، تازە پێی نابووە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە، ئەو دووساڵە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی دەژی و ماڵەکەی ٤٠٠ کیلۆمەتر لە خیزانەکەیەوە دوورە.

سەناریا، دواینجار کە بڕیاریدا خێزانە پێنج کەسییەکەی جێبهێڵێت شەوێکی زستان بوو، ئەویش دوای ئەوەی باوکی ئەو پەیوەندییە نهێنییەی ئاشکرا کرد کە کچەکەی لەگەڵ کوڕێکی بیانیدا هەیبوو. سەناریا، دەڵێ کە ئەو شەوە باوکی دوای لێدانێکی باش هەڕەشەی کوشتنیشی لێکردووە، بەڵام ئەو توانیویەتی لەڕێگەی پۆلیسیەوە خۆی لەدەستی باوکی رزگار بکات.

گوتیشی: ((باوکم وتی تۆ شەرەفی منت شکاند، ئەبێ بتکوژم)). ئەو ڕووداوەکە بە فیلمێک وەسفدەکات کاتێک کە ئەکتەرەکەی لە کاتژمێر دووی شەودا لەماڵەوە دێتە دەرەوەو دوای نیوکاتژمێر ڕۆشتن بەناو بەفردا خۆی دەگەیەنێتە ماڵی هاوڕێ کوڕەکەی و دواتر پەیوەندی بە پۆلیسی شارەکەیەوە دەکات. ئەو شەوە بۆ سەناریا، بووە دواین شەو و جارێکیتر نەگەڕایەوە بۆ ناو خێزانەکەی. دەیان کچی کورد بەهۆی فشاری کەسووکاریانەوە لەخیزانەکانیان هەڵدێن و بەتەنها دەژین، ئەو کچانە زۆربەی جار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو هەندێجاریش دەگاتە حاڵەتی کوشتن. ئەو خێزانە کوردانەی کە دانیشتوی وڵاتانی ئەورووپان گەورەبوونی کچەکانیان بەگەورەترین کیشە دادەنێن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا کە زۆرینەی ئیسلامە، خێزانەکان ڕێگە بەکچانیان نادەن هاوڕێی کوڕیان هەبێت، مومارەسەکردنی سێکس بەر لە شووکردن بەیەکێک لە ((حەرامکراوەکان)) دادەنرێت. ئەو کچانەش کە گیانبازی دەکەن و لەو کەلتوورە لادەدەن، تووشی کوشتن و ئازاردان دێن، تەنانەت ئەگەر خێزانەکە لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەورووپاشدا بژی.

بەپێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، تەنها لە ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ دا ١٧٣ کچی کورد، سکاڵایان لەدژی کەسووکاریان تۆمار کردووەو لە خێزانەکانیان هەڵهاتوون. جگە لەو کچانەی بەهۆی فشاری زۆری خیزانەکانیانەوە ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە ٣٦٠ حاڵەتی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنانیش تۆمار کراون کە زۆربەیان لەلایەن کوردەوە ئەنجامدراون. خێزانە کوردەکان لە ئەورووپا هێشتا بە دابوونەریتی عەشایەرییەوە مامەڵە لەگەڵ کچەکانیاندا دەکەن، بەڵام کوڕان بە دەگمەن تووشی ئەو کێشانە دەبن.

(چاوان)ی تەمەن٢١ ساڵ، لەبنەڕەتدا خەڵکی شاری هەولێرە، هێشتا تەمەنی ٣ ساڵان بوو کە خێزانەکەی بڕیاری چوونەدەرەوەیان لە کوردستان دا و خۆیان گەیاندە وڵاتی نەرویج، ئەو کچە بچووکی خێزانێکی شەش کەسییەو ناتوانی بە زمانی کوردی بنووسێ و بخوێنێتەوە، بەڵام دەرچووی پەیمانگایەکی پزیشکییە لە نەرویج.

پەیوەندی چاوان، لەگەڵ خێزانەکەی ئاسایی بوو تا ئەوکاتەی شەوێک لەگەل کوڕە کوردێکی هاوڕێیدا لە دیسکۆ لەلایەن براکەیەوە دەبینرێن.

چاوان گوتی: ((براکەم دوو کچی لەباوەشدا بوو، بەڵام کاتێک منی بینی لەگەڵ ئەو کوڕە، خێرا کەوتە لێدانی و منیشی بەزۆر هێنایەدەرەوە)).

هەروەها گوتیشی: ((هەر کە گەیشتمە ماڵەوە بە باوک و براکەم کەوتنە لیدانم، بۆ ماوەی هەفتەیەکیش نەیاندەهێشت بچمە دەرەوەو مۆبایلەکەشیان لێسەندم)).

چاوان، دەڵێ کە براکەی چەندینجار بەبەرچاوی دایک و باوکییەوە هاوڕێ کچەکانی هێناوەتەوە ماڵەوەو لەگەڵی خەوتوون، بێئەوەی باوکی هیچ قسەیەک بکات.

چاوان، وەها درێژەی بە قسەکەیداو گوتی ((باوکم پێیگوتم براکەت کوڕە هەرچی بکا ئاساییە، بەڵام تۆ بۆت نییە، ئەتەوێ شەرەفم بشکێنی لەناو خەڵکا)).

چاوان کە ڕوودواوی لەو جۆرە چەندجارێکی تریش لەژیانیدا ڕوویداوە، تا دواینجار بەهۆی لێدانی براکەیەوە دەستی دەشکێت و لەکۆتایدا بڕیاردەدا خێزانەکەی جێبهێڵێت.

((براکەم دوو کچی لەباوەشدا بوو، بەڵام کاتێک منی بینی لەگەڵ ئەو کوڕە، خێرا کەوتە لێدانی و منیشی بەزۆر هێنایەدەرەوە))

www.netewe.com



چاوان و کچە کوردێکی هاوڕێی، نزیکەی ساڵێکە لە ماڵێکدا دەژین. ئەو کچە کوردەش لەدەست خێزانەکەی هەڵهاتووە، جارجارەش بەنهێنی دایکی سەردانی دەکات بەڵام بەبێئەوەی باوک و براکانی پێی بزانن.

((بۆ کچی کورد ئەورووپا تا ئەوکاتە خۆشە کە منداڵە، کە گەورەبوو ئەبێ وەک نەنکی بژی کە لەکوردستانە، باوک و براکانمان خۆیان هەموو شتێک ئەکەن، بەڵام بۆ ئێمە قەدەغەیە)). کچە هاوڕێ کەی چاوان وای گوت.

زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خیزانە کوردەکان وایکردوە کە چەندین ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی ژنانیش لەولاتانی ئەورووپا دابمەزرێنن، بەهەمانشێوەی کوردستان.

ئەو ڕێکخراوانە بەدوای ئەو دەستدرێژی و کێشانەدا دەچن کە کچان و ژنانی کورد لە ئەورووپا تووشی دەبن.

هەڵهاتنی کچان لەخێزانەکانیان وای لە چالاکڤنان و ڕێکخراوەکانی ژنان کـردووە کە بـەدوای دیاردەکەدا بچن و لەهەندێک حاڵەتیشدا ڕۆڵی بەیەک پێکهێنانەوەی خیزانەکان بـدەن. ڕێگا ڕەئـوف، لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و هەڵسووڕاوی مافەکانی ژنان، کە زیاتر لە ١٥ ساڵە دانیشتوی وڵاتی سویدە، دەڵی کە هێشتا خیزانە کوردەکان بە دابوونەریتی کۆنەوە لێرە لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەڵسووکەوت دەکەن. ڕێگا پێیوایە کە هۆشیاری کچەکان وایکردووە کە لەبەرامبەر فشاری خیزانەکانیاندا بێدەنگ نەبن.

ڕێگا گوتی: ((جێهێشتنی خێزان بڕیارێکی زۆر قورسە بۆ کچەکان، بەڵام دیارە کە کچان فشاریان زۆر لەسەرە بۆیە ئەو بڕیارە دەدەن، چونکە کاتێک کچێک بڕیاری هەڵهاتن دەدا، هیچ پەیوەندیەکی بەخیزانەکەیەوە نامێنێت)).

ڕێگا دەڵێ، کچانی کورد هەست بەوە دەکەن کە هاوڕێکانیان تەواو ئازادن و ئەوانیش ٢٤ کاتژمێر لەژێر کۆنترۆڵ وچاودێری خیزانەکانیاندان، هەست بە نەقس دەکـەن، بۆئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لەو ئازادییە، بڕیاردەدەن کە خێزانەکانیان جێبهێلن.

هـەرچـەنـدە، هەڵهاتنی کـچـان زیـاتـر لەناو ئەوخیزانە کوردانەدایە کە دانیشتووی وڵاتانی ئەسکەندەناڤین، بەڵام وڵاتانی تری ئەورووپاش بێبەش نین لە دیاردەکە.

ڕێگا، ئاماژە بـەوە دەکـات کە لایەنی یاسایی پشتیوانی لەو کچانە دەکـات و دەیانپارێزێت، ئەوەش بەهۆکارێکی تر دەگەڕێنێتەوە کە کچەکان نەترسن لە بڕیاری هەڵهاتن.

هانای تەمەن ١٦ ساڵ کە هێشتا خوێندکارەو لە شارێکی سەر سنووری نەرویج لە باوکێکی باشووری و دایکێکی ڕۆژهەڵاتی لەدایکبووە، تا کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە ٦ مانگ بوو خێزانەکەی جێهێشتبوو. هانا، دوای ئەوەی ئاشکرا دەبێت کە پەیوندی سێکسی لەگەڵ کوڕە فارسێکدا ئەنجامداوە، لە ترسی باوکی خێزانەکەی جێدەهێڵێت. کێشەی هاناو باوکی هێشتا لە پۆلیس یەکلایی نەکراوەتەوەو پۆلیس بەوردی چاودێری هاناو باوکی دەکات، چونکە بەگوتەی هانا، باوکی هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە.

هەرچەندە هانا، لەژێر چاودێری دەوڵەتدایە، بەڵام هێشتا هەست بەدڵنیایی ناکات، بـەڵام لەوە پەشیمانە کـە کەوتووەتە پەیوەندی سێکسییەوە لەگەڵ کوڕێکدا. هانا، گوتی: ((من دان بـەوەدا دەنێم کە هەڵەم کـردووە، بـەڵام باوکم لەمە تێناگا)).


هانا، کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو شەوەی کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کـوڕەکـەدا ئەنجامداوەو گوتی کە لەکاتی گەشتێکی قوتابخانەیەکدا دوای مانەوەیان لە شارێکی تر بۆ چەند ڕۆژێـک، لەیەکێک لە شەوەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بڕێکی زۆر ڤۆدگا کە خواردنەوەیەکی کحولییە، دەخۆنەوەو دواتر سەرخۆش دەبن و تووشی سێکس دەبن.

هەروەها گوتیشی: ((ئەمە چەندجارێک روویداو دواتر لەڕێگەی دایکمەوە باوکم زانی، چەندجارێک لێیدام، جارێکیان دەموچاوم بەهۆی لیدانەکەوە شین بووەوە کاتێک چووم بۆ قوتابخانە مامۆستاکەم پی یزانیم و منیش هەموو شتەکانم پی وت)).

هانا، درێژەی بە گێڕانەوەکەداو گوتی کە دواتر مامۆستاکەی پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردووەو باوکیان دەستگیر کردووە، پاشان ئازاد کراوە، لەوکاتەوە هانا، بڕیاردا نەگەڕێتەوە. هانا دەڵێ کە ئەو ئێستا لە بارودۆخێکی دەرونی خراپدا دەژی، لەلایەک بێزارە لە ژیانی و لەلایەکیش بیری دایک و باوکی دەکات. گوتیشی کە هیچ پەیوەندییەکیشی لەگەڵ هاوڕێ فارسەکەیدا نەماوە. ((هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی کە من بتوانم بە تەنها بژیم)).

تێبینی: بۆ ئەنجامدانی ئەم راپۆرتە چاوپێکەوتن لەگەڵ زیاتر لە دە کچدا کـراوە، بەڵام بەهۆی رازینەبوونیان بە بڵاوکردنەوەی، ئاماژەیان بەناوی تـەواویـان نەکرا. بەڵکو تەنیا سـوود لە قسەکانیان وەرگیرا.

ئـــەو کـــەســانــەش کـــە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە نـاوی تەواویان هەیە، بەڵام بۆ ئـەوەی کێشەیان بۆ دروست نەبێت، ئاماژەمان بە ناوی باوکیان نەدا.



www.netewe.com

## ٣٤ کەیسی ژن هەیە....

# ژنانی ئەشکەنجەدراو لە هەولێر چارەسەر دەکرێن

هەولێر

بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە لەهەولێر، لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەو ژنانەدایە کە تووشی ئەشکەنجەو کێشەی دەروونی هاتوون، هەروەها چەندین کەیسی ژن و پیاو و منداڵیان لایە کە لە زیندانەکانی رژێمی پێشوو و زیندانەکانی هەرێمی کوردستان، تووشی نەخۆشی و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی هاتوون.

### چۆنیەتی دامەزراندن

لەجیهاندا، بنکەی تایبەت بەچارەسەری قوربانیانی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی هەیەو لەو رێگەیەوە هەوڵدەدرێت بەباشترین شێوە، کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانە بکرێ کە تووشی ئەو حاڵەتە هاتوون. لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد، زۆرترین قوربانی ئەشکەنجەی نێوخۆیی و زیندانەکانی بەعسیان هەیە، بەڵام بنکەیەکی لەوجۆرە تا ساڵی رابردوو لە هەولێردا دانەمەزراوە. ئەو بنکەیە لەلایەن رێکخراوێکی خێرخوازی ئەڵمانی، بۆ چارەسەری قوربانیانی ئەشکەنجەو توندوتیژی دەروونی و جەستەیی، دامەزرێندراوە. بەرپرسی نووسینگەی هەولێری بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە گەیلان کەمال ئەنوەر لەبارەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم بنکەیەوە دەڵێ کە لەساڵی ٢٠٠٥ لە شاری کەرکووک دامەزراو هۆکاری دەستنیشانکردنی شاری کەرکووکیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خەڵکی ئەوشارە لەژێر سایەی حوکمی (٣٥) ساڵی رابردووی بەعس رووبەرووی زۆرترین توندوتیژی بوونەتەوە ( (دوای کردنەوەی نووسینگە لەوشارەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک بۆ



> زۆرترین قوربانی ئەشکەنجەی نێوخۆیی و زیندانەکانی بەعسیان هەیە، بەڵام بنکەیەکی لەوجۆرە تا ساڵی رابردوو لە هەولێردا دانەمەزراوە.

چارەسەر سەردانیان کردین و دوای ئەمەش سنووری کارەکانمان بۆ هەولێر و سلێمانی فراوانبوو)). وەک باسی کرد بەمنزیکانەش بنکە لەهەریەک لە هەڵەبجەو چەمچەماڵ دەکرێتەوەو بنکەی چەمچەماڵیش، تایبەت بە منداڵان دەبێت. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە بنکەی چارەسەرکردنی ئەوان، بێلایەنانەو بەستایلی ئەورووپی کار دەکات. گەیلان کەمال، دەستنیشانی ئەو لایەنانەی کرد کە هاوکاری دارایی پێشکەش بە بنکەکەیان دەکەن، ئەوانیش هەریەک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و رێکخراوی خێرخوازی ئەڵمانی»بی زێت ئێف ئۆ»یە کە رێکخراوێکی جیهانییەو کاری خێرخوازی دەکات. بەگوتەی خۆی لەرووی مەعنەوییەوە پەیوەندی باشیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم دا هەیە.

### ئامانج لەکردنەوەی بنکە

بەرپرسی نووسینگەی هەولێر، لەبارەی ئامانج لە کردنەوەی بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە دەڵێ کە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی ئەشکەنجە دراو و قوربانیانی دەستی توندوتیژی لەعێراق و بوونی بۆشایی لەو بوارەدا بیریان لەکردنەوەی ئەو بنکەیە بۆ چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجەو ئەو کەسانەی تووشی خورپە هاتوون، کردووەتەوە. ئەو بەرپرسە کاری بنکەکە وەها دەخاتەڕوو کە بۆ چارەسەری لایەنی دەروونی، جەستەیی، توندوتیژی ئەو کەسانەیە کە دووچاری پێشێلکردنی مافە مرۆییەکان بوونەتەوە. ئەو گوتی کە لەهەموو نەتەوەکان و بەبێ جیاوازی رەگەزی دەیان کەیسیان هەیە. هەروەها لەبواری چارەسەرکردن و ئامادەسازی قوربانیانی ژنەوە دەڵێ:»بەشی ژنان لەو بنکەیەدا لەرێگەی کادیری پسپۆڕی ژنەوە لە بوارەکانی پزیشکی، دەروونی،

www.netwe.com



جەستەیی و راهێنانەوەی کۆمەڵایەتییەوە یارمەتی کەیسەکان دەدات.

## پێکهاتەی بنکە

بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە، لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت ئەویش بەشەکانی پیاوان، ژنان و منداڵانە. هەروەها پسپۆڕی تایبەتی لەبواری دەروونی، تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەیە کە کەسانی زۆر ئەکادیمین و لـەدەرەوەی وڵات خولیان بۆ کراوەتەوە. سەبارەت بە بەشی ژنان گەیلان کەمال، ئاماژەیدا کە رۆژانە لەو بەشەدا کەیس وەردەگیرێت ((تائێستا ٣٤ کەیسی ژنمان هەیە کە بەشێوەی جیاواز رووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، بوونەتەوە. بۆیە ئێمەش لەهەموو روویەکەوە چاودێریان دەکەین و پسپۆڕی پزیشکی، دەروونی، کۆمەڵایەتیمان بۆ دابینکردوون و لەلایەنی تەندروستییەوە چارەسەرمان کردوون. هەروەها لـەڕووی دەروونییەوە کاریان لەسەر کـراوەو لەرێگەی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆرجار ئەو ژن و پیاوانەمان ئاشت کردووەتەوە کە گرفت کەوتووەتە نێوانیان)). ئامانجێکی تری ئەم بەشە کردنەوەی کۆڕ و سیمینارە بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان لەبەرامبەردا کراوە. گەیلان، روونیکردەوە کە ئەوان پەیوەندی باشیان لەگەڵ خانەی نەوجەوانان هەیەو ئەو کەسانەی ماوەی گرتنیان تەواو دەبێت راستەوخۆ رەوانەی بنکەکەیان دەکرێت، تا لەکاریگەری گرتووخانە دوور بکەونەوەو جارێکیتر بۆ سەر ئەو رەفتارە خـراپـەی کـە لـەسـەری زیـنـدانـی کـرا بـوون، نەگەڕێنەوە. سەبارەت بەبەشی پیاوان و منداڵان دەڵێ: ((٦١ کەیسی پیاو و ١٢ حاڵەتی منداڵمان هەیە کە بەشێک لەو پیاوانە لەکاتی رژێمی بەعسەوە تووشی ئەشکەنجە هاتوون و بەشێکی تریش ئەو پیاوانە لەخۆدەگرێت کە لەزیندانییەکانی کوردستان لەلایەنی جەستەیی و دەروونییەوە رووبەڕووی ئازار بوونەتەوەو بەوهۆیەوە زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کەوتووە)).

## ((بنکە فریام کەوت))

یەکێک لـەو ژنـانـەی کـە بـەهـۆی چارەسەری تەندروستی ئەو بنکەیە سوودمەندبووە ناوی (م. س) بوو. تەمەنی ئەو ژنە ٤٨ ساڵەو لە دایکبووی شاری هەولێرە. (م.س) شوویکردووەو خـاوەنـی شـەش کـوڕەو ئێستا لە کۆمەڵگەی پیرزین، نیشتەجێیە. ئەو ژنە باسی لەوەکرد کە لەساڵی ١٩٨١ شووی بە پیاوێک کردووە، ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە ((لەرێگەی هاوسەرەکەمەوە بوومە ئەندامی نهێنی ئەو حزبە، تا راپەرینی ١٩٩١ بەو شێوەیە بـەردەوام بووم و دوای راپەڕین بەسەردانێک بۆ پارێزگای بابل، گەڕامەوە کە ئەوکات ماڵی باوکم بەهۆی کارەوە لەوێ نیشتەجێبوون. کاتی گەڕانەوەم برایەکی خۆم چووە بارەگایەکی حزبی بەعس و شکاتی لێکردم بەوەی کە من ئەندامی پارتێکی کوردیم، ئیتر بەو هۆیەوە ماوەی سێ ساڵ لە زیندانەکانی بەعسدا مـامـەوە)). ئـەو ژنـە کـە تائێستاش کاردانەوەی ساڵەکانی بەندیخانەی بەسەرەوە بوو دەڵێت، لە زینداندا رووبەڕووی هەموو جۆرە توندوتیژیەکی دەروونی و جەستەیی بووم، وەک ئەوەی ((جگەرەیان بە مەمکم کوژاندووەتەوەو رۆژی وا هەبووە یەک ژەم نانیان پێداوم)). ئەو ژنە باسی لەکاریگەری زیندان بەسەر ژیانی ئێستای دەکات کە بەوهۆیەوە وایلێهاتووە کە رۆژو شەو دوو کاتژمێر بخەوێت ((بیر لەئەشکەنجەی زیندان دەکەمەوەو شەو رۆژ، سێ پاکەت جگەرە دەکێشم، جگە لەوەی تووشی (وەرەم) بووم، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرەکەم خۆی ناکاتە خاوەنم، کەچی بەهۆی ئەو تووشی زیندان بووم)).

(م.س) دەڵێ لە ١٦-٢-٢٠١٠ یەوە لەم بنکەیە چاودێری دەکرێم و تائێستا (٧) دانیشتنی دەروونی و تەندروستیم بۆ کراوە. بایەخدانی ئەو بنکەیە بە چارەسەرکردنی من، وایکردووە ئۆمێدێکی زیاترم بە ژیان هەبێت، ئێستا کەمتر بیردەکەمەوەو زیاتر دەخەوم، چونکە لایەنی دەروونیم باشتر بووە.

(م.س) ئەوەی کە بەنیگەرانییەوە باسی لێوەکرد هەوڵدانی ئەو بنکەیەبوو بۆ هێنانی هاوسەرەکەی کە ئەویش لەو بنکەیە چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام وەک گوتی: ((مێردەکەم پێی عەیبە لەو شوێنە چارەسەری بۆ بکرێت، چونکە وا دەزانێت کە لەکەسایەتی کەم دەبێتەوە)). (گ.ع) ژنێکی ترە لەو بنکەیەدا چارەسەری بۆ دەکرێت و تەمەنی٤١ ساڵە. خاوەنی چوار منداڵەو بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی ئێستا بەردەستی خەڵک دەکات. بەگوتەی خۆی هاوسەرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلی خەڵک بووەو لە ٢٦_١٢_٢٠٠٤ لەرێگەی بەغدا لەلایەن چەند تیرۆرستێکەوە هێرشی کراوەتە سەر و کوژراوە ((لەڕووی داراییەوە دەستمان زۆر کورتەو مووچەکەم ٢٣٠ هەزار دینارەو لە خانووی کرێشدام. هەر دوای لەدەستدانی هاوسەرەکەم خۆم و کچێکی تەمەن ١٠ ساڵی تووشی نەخۆشی دەروونـی بووین، هەرچەندە لەلایەن پزیشکەوە رینمایی ئەوەم پێدراوە کە کار نەکەم، چونکە تووشی (فەقەرات) بووم، بەڵام بە ناچارییەوە کار دەکەم چونکە گەر وانەکەم لە برسان دەمرم)). ئەو ژنە کە سەرپۆشیکی رەشی پۆشیبوو دەڵێت لەو بنکەیە چارەسەری دەروونی دەکرێین و ئێستا لایەنی دەروونیمان کەمێک جێگیرترە.

بۆکان هیوا

BOKAN.HAWLER@YAHOO.COM

www.netewe.com

# پەیامی ئاگر



کۆمەڵگای کوردستان و زەنگی مەترسی سووتان

لێکدانەوەی دیاردەی خۆکوشتن

رەهەندەکانی خۆکوشتن

ئامار و شیکاری

ژمارەی کوشتن لەکوردستان مەتەڵە یان شوێنکەوتنی گشتییە؟

پێشەنگی رووداوەکانی سووتانە!

هۆکارەکانی سووتان

ئایا ئاگر زمانی کوردی تایبەت و بێگەردە لەئاخاوتنی مردوو لەگەڵ زیندووەکاندا؟

ئاگر نهێنییەکان دەکاتەوە؟!

چارەسەر

راسپاردە

ئەنجام

**ئامادەکاران:**

١. لاڤە خالید

٢. تەنیا کوردی

**فۆتۆ: رەفیق شوکری**

www.neleewe.com

# ئایا کورد تایبەتمەندییەکی بۆ دیاردەی خۆکوشتن هەیە؟

تایبەت

کۆمەڵگای کوردستان و زەنگی مەترسی سووتان
نەبوونی ئامارێکی ورد لەبارەی دۆخەکانی سووتان، لەهەرێمی کوردستان کە بەردەوام دۆخی سیاسی لەگۆڕاندایەو کۆنترۆڵنەکردنی قەیرانەکان بەردەوام سووتان و کوشتنی لێ کەوتووەتەوە، لەراستیدا تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە. بەپێی دیدو بۆچوونی ئەو رێکخراوانەی بەرگری لەمافەکانی ژن دەکەن، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک ئامار دەستبەر کراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانیان بۆ بەدەستخستنی ئاماری وردتر رووبەرووی کێشە بووەتەوە. ئەوەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە، نەبوونی ئامارێکی دروست و تێکەڵبوونی خۆکوشتنی ژن لەگەڵ سووتان، لەگەڵ ئەو کردەوانەی بەپیلان لەلایەن گروپە تیرۆرستییەکان بۆکاری خۆکوشتن بەکار دەهێنرێت. وێڕای ئەوەی لەدنیادا جۆرەها تایبەتمەندی خۆکوشتن هەیە. خۆکوشتن بەسووتان، لەکۆمەڵگای کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەوانەی پەنا دەبەنەبەر خۆکوشتن لەرێگەی خۆسووتاندنەوە، زۆر کەسی پسپۆڕی ئەو بوارە دیاردەکە بە (زەنگێکی ترسناکی کۆمەڵایەتی) ناو دەبات.

خۆسووتاندن، ئاگادارمان دەکاتەوە لەئاکامە رەش و کاریگەرەکانی و هۆکاری نوێبوونەوەی، وەک کونێکی رەش، وایە کە کەوتووەتە ئاسمانی کۆمەڵگەکەمان کە مەترسییەکەی لەکونی ئۆزۆن کەمتر نییەو هەرەشە کار لەتێکڕای مرۆڤایەتی دەکات. لەکۆمەڵگایەک کە گوتارە سیاسییەکان، بە جوانترین شێوە کۆمەڵگا دەخەنەڕوو، بەپێچەوانەوە پرسیارەکان زیاتر دەبن و پرسیاری ئەوە دەکرێت کە دەرهاوێشتەی دۆخەکانی خۆکوشتن لەنێو ژناندا چین؟ بۆچی لەم هەرێمەی ئێمەدا خۆکوشتن لەبەشەکانی تری عێراق زیاترە، لەکاتێکدا ئەزموونی حوکمڕانی ئێمە لای هەمووان جێگەی ستایشە؟ خاڵی لاواز و کەموکورتی لەکوێدایە؟ هۆکارەکان چین؟ ئایا دەبێت لە خودە ئازاردراوەکانی ئێستادا بێ و پێشینەکەی لە ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش مابێتەوە، یان هۆکارەکەی ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتییەیە کەکاریگەری دیاریکراوی لەسەر رەفتاری مرۆڤ، هەبووە. یاخود لەجۆری ئەو پێکهاتەوەیە کە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگای کوردستانی کردووەو لەرێگای دەزگای سیاسی، کارگێڕی و گوتاری سیاسییەوە، کاریگەرییان لەسەر ژن هەبووبێت و ژن لەو رێگایەوە بەشوێن شووناسی خۆیدا بگەڕێت. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە لەچەمکی ئەم دیاردەیەو تایبەتمەندییەکانی ئاشنابین.

## لێکدانەوەی دیاردەی خۆکوشتن

دیاردەی خۆکوشتن، بەپێی قوتابخانەو چەمکە سایکۆلۆژییەکان، چەند لێکدانەوەیەکی بۆکراوەو هۆکارەکانی دیاریکراوە لەوانە: فرۆید، دەڵێ، خۆکوشتن دوژمنکارییە بەرامبەر بەناخی مرۆڤ، بەڵام قوتابخانەی مەعریفی وا لێکیدەداتەوە کە بیرکردنەوەیەکی نەرێنییە بەرامبەر ژیانێکی سەخت و دژوار. هەندێکیتر دەڵێن، گریانێکی روخسارییە، یان بۆ سەرنجراکێشان و ئاگادارکردنەوەیە. زانای بواری کۆمەڵناسی ئەمیل دۆرکهایمی فەرەنسی دەڵێت، خۆکوشتن، تێکشکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو دوورەپەرێزییە، بەڵام ئەریک فرۆم، بۆ ململانێی نێوان ناخ و دەرەوەی، دەگێڕێتەوە. پزیشکانی دەروونی دەڵێن، ئەمە دوژمنکارییە بەرەوخود و ناخی مرۆڤەکە، چونکە ئەو کەسەی پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن، لەبەر هۆکارێک ناتوانێت ئەو دووژمنکارییە بەرامبەر کەسێک بەکاربهێنێت. لەلایەکی دیکەوە، زانایانی زانستی بۆماوەیی، دەڵێن، بەهۆی کەمی ماددەی سیرۆتۆنینەف لەجەستەی مرۆڤدا کەسەکە خۆی دەسووتێنێت. پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د.توانا عەبدولڕەحمان لەوبارەیەوە دەڵێت: ((کەمی ماددەی سیرۆتۆنینفی لەژن و پیاودا دەبێتە هۆی تووشبوون بەخەمۆکی و بەو هۆیەوە کەسی وا هەیە خۆی دەسووتێنێت)).

## رەهەندەکانی خۆکوشتن

زانایانی دەروونزانی رەهەندەکانی خۆکوشتن بۆ ٣ خاڵ دەگەڕێننەوە:

١. ئارەزووی خۆکوشتن.
٢. ئارەزووی مردن.
٣. ئارەزووکردن بەوەی کە بکوژرێت.

لێرەدا ئاماژە بەخاڵی چوارەم نەکراوە کە ئارەزووی مردنێکی لەسەرخۆیە، کاتێک مرۆڤ هەستکردن بەخۆشی و خەمی لەلا نامێنێت و لەدەستی دەدات خەونەکانی دەمرێت. دڵی دەبێتە ئامێرێکی خوێنبردن و هیچی تر. ئەمجۆرە نەتوانراوە ئاماری لێوەربگیرێت. ملیۆنەها کەس بەمشێوەیە خۆیان کووشتووەو ژیانیان وەک پیشەیەک، یان تۆپی شووشە سەیرکردووە. رەهەندی چوارەمی خۆکوشتن کە زانایانی دەروونزانی باسیان نەکردووە، پەیامی کۆتایی لاپەڕەکانی تاکە، بەڵام بێکۆتاییە، چونکە بەشێوەیەک لەدەرەوەی ئاخاوتنە، تا لە بیرەوەری تاک و کۆمەڵدا بمێنێتەوە. رەهەندی چوارەم، دەنگێکە دوای کپکردنی، خەونێکە دوای تیرۆرکردنی، ئارەزوویەکی لە قوتو نراوە لە دارەبازەیەکی کۆمەڵگەیەکی ئاینگەرادا. لەرەهەندی چوارەمدا بەشوێن رووخساری تایبەتمەندی کوردی دەگەڕێین کە بەزمانی

www.netewe.com

ئاگر، لەجەستەی ژنانی کورد دا نەخشێندراوەو هاوار دەکەن ئێمە لەسەر هەقین.

## ئامار و شیکاری

توێژینەوەیەکی فەڕەنسی دەریخستووە، ساڵانە ١٦٠ هەزار هاووڵاتی ئەو وڵاتە هەوڵی خۆکوشتنیان دەدەن و ڕۆژانە ٣٢ کەس بەهۆی خەمۆکی و گوشاری ژیان و کێبڕکێ لەسەر قازانج و خۆدەوڵەمەندکردن، گیان لەدەست دەدەن. ئەو توێژینەوەیەی لەلایەن (جۆن شۆکیە) سەرۆکی یەکێتی نەتەوەیی فەرەنسی بۆ نەهێشتنی خۆکوشتن ئەنجامدراوە تێیدا هـاتـووە کە دیـاردەی خۆکوشتن، هەموو چینەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی بەبێ جیاوازی گرتووەتەوە. بەتایبەت لەناو ئەو گەنجانەی تەمەنیان لەنێوان ١٦تـا١٧ ساڵاندایە. ئەو توێژینەوەیە دەریخستووە تێکڕای خۆکوشتن لەفەرەنسا، لەنێوان ساڵانی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٩، بەڕێژەی ٤٠٪ بۆ کچان و ٢٠٪ـیش بۆ کوڕان، زیادی کردووە. هاوکات لە ژاپۆن، ساڵی ٢٠٠٣ (٣٤٤٢٧) کەس خۆیان کوشتووە کە ڕێژەکەی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو دا ٧١٪ زیادی کـردووە.٧٠٪ـــی ئەوانەی خۆیان کوشتووە نێرینەن و تەمەنیان ٢٠ ساڵە. یەمەن کە یەکێکە لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان، لەساڵی ١٩٩٧دا ژمـارەی ئەوانەی خۆیان کوشتووە ١٠٠ کەس بوون، لەوانە ٧٨ نێرینەن و ٢٢یان مێینە بوون، بەڵام لەئەمریکا ژمارەکان زیاترن. بەپێی ئەو ئامارانەی لە ئەمریکا بڵاوکراونەتەوە، بـەبـەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا ڕێژەی خۆکوشتن لەناو ژنان ٦٧٪ بەرزبووەتەوە. هەروەها ئەو ژنانەی تەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ١٩ ساڵانە بەڕێژەی ٣٢٪ بەرزبووەتەوە. ڕێـژەی خۆکوشتن، لەناو گەنجانی ڕەگەزی نێرینە لەهەمان تەمەن ٩٪بـەرز بووەتەوە. ڕۆژنامەی (یوئێس ئـەی تـودەی) ئەمریکی لە ژمـارەی ٩ـی مارسی ٢٠٠٥ ئەو ئامارەی بڵاوکردووەتەوە کە ئەوانەی خۆیان کوشتووە ژمارەیان لەتاوانی کوشتن زیاترە. بەپێی ئەو ئامارانەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە ساڵانە ٢٩٠٠٠ حاڵەتی خۆکوشتن لەوێ ڕوودەدەن و ڕۆژانەش ٨٠ حاڵەت. ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها دووپاتیدەکاتەوە کە سێ حاڵەتی خۆکوشتن بەرامبەر بەیەک حاڵەتی تاوانی کوشتن ڕوودەدات. ئەمەشی بۆدۆخی خەمۆکی و هەستکردن بەنیگەرانی و نەخۆشییە دەروونییەکان گەڕاندووەتەوە. بۆ نموونە، ڕەوشی خۆکوشتن لەویلایەتی ئۆریجۆن ٥١٨ حاڵەتی خۆکوشتن بەرامبەر ٧١ تاوانی کوشتن بووە لەساڵێکدا. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دەڵێن ساڵانە لەجیهاندا نزیکەی ٢٠ بۆ ٦٠ ملیۆن کـەس هـەوڵـی خۆکوشتن دەدەن، لەو ژمارەیە تەنیا ١ ملیۆن لەهەوڵەکانیاندا سەرکەوتوودەبن و خۆیان دەکوژن. هەروەها ڕۆژانـە هەوڵی٣٠٠٠ حاڵەتی مردن بەرامبەر بەیەک حاڵەتی خۆکوشتن دەدرێـت. هەموو ٤٠ چرکەیەک یەک کەس خۆی دەکوژێت و واچاوەڕواندەکرێت ئەم ژمارەیە زیاد ببێت لەساڵی ٢٠٢٠ دا ژمارەکە بگاتە ١,٥ ملیۆن کەس کە هەوڵی خۆکوشتن بـدەن. ڕێژەی ئەوانەی خۆیان کوشتووە لەسەرتاسەری جیهان ٦٠٪ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بەرز بووەتەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی تـازە پێشکەوتوودا. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن بەرزترین ژمـارەی خۆکوشتن لەئەورووپای ڕۆژهەڵات تۆمارکراوە بەتایبەت لەلیتوانیا، ڕوسیای سپی و کازاخستان، هەروەها لەکیشوەری ئاسیا بەتایبەت لە چین، هیندیستان، ئوستڕالیا، بەلجیکا، دانیمارک، سویسرا و ئەمریکا، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەئەمریکای لاتین و وڵاتە ئیسلامییەکان کەمترە.

| ئامار<br>سەرچاوە<br>(مانگی نۆڤەمبەری 1999 | | خۆکوژی | |
|---|---|---|---|
| دەوڵەت | ساڵ | نێر | مێ |
| ئەلبانیا | 1993 | 2.9 | 1.7 |
| ئەنتیگوا وبربیو دا | 1995 | 0 | 0 |
| ئەرجەنتین | 1993 | 10.6 | 2.9 |
| ئەرمینیا | 1992 | 3.6 | 1.0 |
| ئۆستڕالیا | 1995 | 19.0 | 5.1 |
| نەمسا | 1997 | 30.0 | 10.0 |
| ئازەربایجان | 1996 | 1.5 | 0.3 |
| باهاما | 1995 | 2.2 | 0 |
| بەحرەین | 1988 | 4.9 | 0.5 |
| باربادۆس | 1995 | 9.5 | 3.7 |
| ڕوسیای سپی | 1993 | 48.7 | 9.6 |
| بەلجیکا | 1992 | 26.7 | 11.0 |
| بلیز | 1995 | 12.0 | 0.9 |
| بەرازیل | 1992 | 5.6 | 1.6 |
| بولگاریا | 1994 | 25.3 | 9.7 |
| کەنەدا | 1995 | 21.5 | 5.4 |
| شیلی | 1994 | 10.2 | 1.4 |
| چین | 1994 | 14.3 | 17.9 |
| هونگ کونگ | 1996 | 15.9 | 9.1 |
| کولومبیا | 1994 | 5.5 | 1.5 |
| کۆستاریکا | 1994 | 8.0 | 1.8 |
| کرواتیا | 1996 | 34.2 | 11.3 |
| کوبا | 1995 | 25.6 | 14.9 |
| چیک | 1996 | 24.0 | 6.8 |
| دەنمارک | 1996 | 24.3 | 9.8 |
| دومینیکان | 1994 | 0 | 0 |
| ئیکوادور | 1995 | 6.4 | 3.2 |
| میسر | 1987 | 0.1 | 0 |
| ئەلسلفادور | 1990 | 15.6 | 7.7 |
| ئیستونیا | 1996 | 64.3 | 14.1 |
| فنلەندا | 1996 | 38.7 | 10.7 |
| فەرەنسا | 1995 | 30.4 | 10.8 |
| جورجیا | 1990 | 5.4 | 2.0 |
| ئەلمانیا | 1997 | 22.1 | 8.1 |
| یونان | 1996 | 5.7 | 1.2 |
| گواتیمالا | 1984 | 0.9 | 0.1 |
| گانا | 1994 | 14.6 | 6.5 |
| هیندوراس | 1978 | 0 | 0 |
| مەجارستان | 1997 | 49.2 | 15.6 |
| ئایسلەند | 1995 | 16.4 | 3.8 |
| هیندستان | 1995 | 11.4 | 8.0 |
| ئێران | 1991 | 0.3 | 0.1 |
| ئیرلەندا | 1995 | 17.9 | 4.6 |
| ئیسرائیل | 1996 | 8.2 | 2.6 |
| ئیتالیا | 1993 | 12.7 | 4.0 |
| جامائیکا | 1985 | 0.5 | 0.2 |
| ژاپۆن | 1996 | 24.3 | 11.5 |
| ئوردون | 1979 | 0 | 0 |
| کازاخستان | 1996 | 51.9 | 9.5 |
| کویت | 1994 | 1.8 | 1.9 |
| قیرقیزستان | 1996 | 17.6 | 3.8 |
| لاتفیا | 1998 | 59.5 | 11.8 |
| لیتوانیا | 1998 | 73.7 | 13.7 |
| لوکسمبورگ | 1997 | 29.0 | 9.8 |
| مالتا | 1997 | 5.9 | 2.1 |
| موریشیوس | 1996 | 20.6 | 6.4 |
| مەکسیک | 1995 | 5.4 | 1.0 |
| هۆلەندا | 1995 | 13.1 | 6.5 |
| نیوزلەندا | 1994 | 23.6 | 5.8 |
| نیکاراگوا | 1994 | 4.7 | 2.2 |
| نەرویج | 1995 | 19.1 | 6.2 |
| پاناما | 1987 | 5.6 | 1.9 |
| پاراگوای | 1994 | 3.4 | 1.2 |
| پیرو | 1989 | 0.6 | 0.4 |
| فلپین | 1993 | 2.5 | 1.7 |
| پولەندا | 1996 | 24.1 | 4.6 |
| پورتوگال | 1996 | 10.3 | 3.1 |
| پورتوریکو | 1992 | 16.1 | 1.9 |
| کۆریا | 1995 | 14.5 | 6.7 |
| مولدۆفا | 1996 | 30.9 | 6.2 |
| ڕومانیا | 1996 | 21.1 | 4.3 |
| ڕوسیا | 1995 | 72.9 | 13.7 |
| سانت کیتس ونیفیس | 1995 | 0 | 0 |
| سانت لوسیا | 88.1986 | 11.0 | 3.0 |
| سانت فنسنت وگرینادین | 85.1982 | 2.0 | 0 |
| ساوتومی وبرینسیبی | 1987 | 0 | 1.8 |
| سیشیل | 87.1985 | 12.2 | 0 |
| سنگافورە | 1997 | 14.3 | 8.0 |
| سلوفینیا | 1996 | 48.0 | 13.9 |
| ئیسپانیا | 1995 | 12.5 | 3.7 |
| سریلانکا | 1995 | 44.7 | 16.6 |
| سورینام | 1992 | 16.6 | 7.2 |
| سوید | 1996 | 20.0 | 8.5 |
| سویسرا | 1994 | 30.9 | 12.2 |
| سوریا | 1985 | 0.2 | 0 |
| تاجیکستان | 1992 | 5.1 | 2.3 |
| تایلاند | 1994 | 5.6 | 2.4 |

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهان

## شیکاری خشتە

١. پەرەسەندنی ژیاری، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕەوشی ئابووری و تێکڕای داهاتی تاک لە وڵات و کۆمەڵگەکان، پێوەر نییە لەوەی کە خۆکوشتن وابەستەی ئەوحاڵەتانە بێت، بۆ نموونە وڵاتانی وەک سوید، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمریکا لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکانن، بەڵام ڕێژەی خۆکوشتنی هاووڵاتییان تێیدا بەرزە.

٢. سەربەستی و ئازادی ژنان، لەبواری یاسایی،

خشتەی (ب)

ئامار
سەرچاوە
((بانکی نۆڤەمبەری 1999)

| دەوڵەت | نێر | مێ |
|---|---|---|
| لیتوانیا | 73.7 | 13.7 |
| ڕوسیا | 72.9 | 13.7 |
| ئیستونیا | 64.3 | 14.1 |
| لاتڤیا | 59.5 | 11.8 |
| کازاخستان | 51.9 | 9.5 |
| مەجارستان | 49.2 | 15.6 |
| ڕوسیاسپی | 48.7 | 9.6 |
| سلوڤینیا | 48.0 | 13.9 |
| سریلانکا | 44.7 | 16.6 |
| فنلەندا | 38.7 | 10.7 |
| ئوکرانیا | 38.2 | 9.2 |
| کرواتیا | 34.2 | 11.3 |
| مولدوڤا | 30.9 | 6.2 |
| سویسرا | 30.9 | 12.2 |
| فەرەنسا | 30.4 | 10.8 |
| نەمسا | 30.0 | 10.0 |
| لوکسمبورگ | 29.0 | 9.8 |
| بەلجیکا | 26.7 | 11.0 |
| ئیسپانیا | 12.5 | 3.7 |
| سیشیل | 12.2 | 0.0 |
| بلیز | 12.0 | 0.9 |
| هیندستان | 11.4 | 8.0 |
| سانت لوسیا | 11.0 | 3.0 |
| بەریتانیا | 11.0 | 3.2 |
| ئەرجەنتین | 10.6 | 2.9 |
| زیمبابوی | 10.6 | 5.2 |
| پورتوگال | 10.3 | 3.1 |
| شیلی | 10.2 | 1.4 |
| باربادوس | 9.5 | 3.7 |
| ئوزبەکستان | 9.3 | 3.2 |
| ڤەنزویلا | 8.3 | 1.9 |
| ئیسرائیل | 8.2 | 2.6 |
| تورکمانستان | 8.1 | 3.4 |
| کۆستاریکا | 8.0 | 1.8 |
| ئیکوادور | 6.4 | 3.2 |
| مالتا | 5.9 | 2.1 |
| یونان | 5.7 | 1.2 |
| بەرازیل | 5.6 | 1.6 |
| پنما | 5.6 | 1.9 |
| تایلاند | 5.6 | 2.4 |
| کۆلۆمبیا | 5.5 | 1.5 |
| جورجیا | 5.4 | 2.0 |
| مەکسیک | 5.4 | 1.0 |
| تاجیکستان | 5.1 | 2.3 |
| بەحرەین | 4.9 | 0.5 |
| نیکاراگوا | 4.7 | 2.2 |
| ئەرمینیا | 3.6 | 1.0 |

ئابووری و سیاسی، بۆ لێکدانەوەی دیاردەی خۆکوشتن ئاماژەیەک نابێت لەوەی کە ژنکوشتن نییە، بۆ نموونە سوید و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لەپێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە خۆکوشتنی تێیاندا ڕوودەدات. سەربارى ئەوەی ژیانی ژنان لەو وڵاتانە نموونەیە ئەگەر لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ژمارەی حاڵەتی خۆکوشتنی تێیدا نزمە، بــەراووردی بکەین.

٣. سیستەمی سیاسی و شێوازی بەرهەمهێنان بۆ لێکدانەوەی جۆرکانی خۆکوشتن، هێمایەک نییە. بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی لەپێشەنگی ژمارەی خۆکوژاندان، ئەو وڵاتانەن کە لەسیستەمی سیاسی و شێوازی خۆکوشتن جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی تاکڕەوی وسەرکوتکاری لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییان هەیەو تائێستا گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە وەک سیستەمی سۆسیالیستی بمێننەوە، لەهەردووکیاندا خۆکوشتن هەیە.

٤. پەیوەندی لەنێوان جۆرەکانی خۆکوشتن و ئەو ئایینانە نییە کە بڵاوە. بۆ نموونە هەندێ وڵات کۆمەڵگایەکی ئایینی و دواکەوتووی هەیە، بەڵام ژمارەی خۆکوژان بەرزە وەک ئاینی مەسیحی، ئیسلام، بودی و تەنانەت لەو وڵاتانەش کە بڕوایان بەهیچ ئاینێک نییە وەک سوید.

٥. هەندێک وا لێکیدەدەنەوە کە خۆکوشتن، دوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاساسییەکان لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی دێـت، بەڵگەشیان ئەوەیە زنجیرەی یەکەمەکانی لیستی خۆکوژان ئەو وڵاتانەیە کە سیستەمی سیاسی، شێوازی بەرهەمهێنان، بیردۆزی ئابووری و ئایدۆلۆژی تێدا هەرەسی هێناوە، وەک وڵاتە سۆسیالیستەکان.

## ژمارەی کوشتن لەکوردستان مەتەڵە یان شوێنکەوتنی گشتییە؟

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩ دا ٢ هەزار و ٦٥٨ ژن، بەرەورووی توندوتیژی بوونەتەوەو تێیدا ٤١٤ ژن سووتاون. لەو ئامارەدا هاتووە کە تەمەنی ٧٠٪ـی ئەو ژنانە لەنێوان ١٤-٣٠ ساڵیدایەو ڕێژەکان بەپێی پارێزگاکان بریتییە: هەولێر ١٥١ حاڵەتی سووتان، سلێمانی ١٨٨ و دهـۆک ٧٥ حاڵەت. هاوکات ئاماری ساڵی ٢٠٠٨ـی هەمان بەڕێوەبەرایەتی، لەهەر سێ پارێزگاکانی هەرێم، بەمشێوەیە: پارێزگای هەولێر ١٦٣ حاڵەت، پارێزگای سلێمانی و سنووری گەرمیان ١٦١ و پارێزگای دهۆک ٥٨ حاڵەت. ئەگەر ئاماری ئەو دوو ساڵە بەراوورد بکەین دەردەکـەوێت ڕێـژەی سووتان زۆر بەرز بووەتەوە، بەشێوەیەک کە لەساڵی ٢٠٠٨دا ٣٨٢ ژن و لەساڵی ٢٠٠٩دا ٤١٤ ژن، خۆیان سووتاندووە یان سووتێندراون. لەهەمان ئاماردا لەبارەی ڕووداوەکانی کوشتن ئاماژەبەوە کراوە کە لەساڵی ٢٠٠٩، لەپارێزگای هەولێر ٣٧ ڕووداوی کوشتنی ژن هەبووە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٨، تەنیا ٥٢ حاڵەتی کوشتن هەبووە. بەڵام لەپارێزگای سلێمانی بەئیدارەی گەرمیانەوە ساڵی ٢٠٠٩، ٢٩ حاڵەت بووە کە هەمانرێژەی ساڵی ٢٠٠٨ بووە. بۆ پارێزگای دهۆکیش لەساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی کوشتنی ژنان ١٩ حاڵەت بووە. لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٨ ئەو ڕێژەیە ٢٣ حاڵەت بووە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠٠٦ ئـەوانـەی خۆیان سووتاندووە ٥٤٥ کەس لە شاری هەولێر بوون. لەو ژمارەیە ٣٣٣ ژن و ٢١٢ پیاو بوون. سەبارەت بەتەمەنی ئەوانەی خۆیان سووتاندووە ئامارەکە ئاماژە بەوەداوە ٤٠٠ کەس لەوانەی خۆیان سوتاندووە، تەمەنیان لەنێوان ١٤ بۆ ٢٩ ساڵیدایە. هاوکات لەساڵی ٢٠٠٥ بەپێی دەزگای فریاکەوتنی میللی لەهەرێمی کوردستان، ٢٠٣ کەس لەئەنجامی خۆسووتاندن گیانیان لەدەستداوە کە ٩٧٪ـی گەنج بوون. هەروەها بەپێی ئاماری ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێینە، کوشتنی ئافرەتان ساڵانە بەشێوەیەکی ترسناک زیاتر دەبێت. لەساڵی ٢٠٠٣، ٣٢٩ ژن کوژراون و ئەو ژمارەیە لەساڵی ٢٠٠٤دا بووەتە ٢٩١ حاڵەت. لەساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکە بوو بە ٧٧٨ و لەساڵی ٢٠٠٦، بووەتە ٨١٢ کوژراو. بەو ژمارانە دەردەکەوێت لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا ٢٢٢٢ ژن لەڕێگای خۆسووتاندنەوە کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. لەساڵی ٢٠٠٣ بـۆ٢٠٠٦، بە تێکڕای ٥ حاڵەتی خۆکوشتن لەیەک ڕۆژدا، سیانیان گیانیان لەدەست داوە. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتـی تەندوستی لەهەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٦٧ ,٤٤٪ لەحاڵەتی خۆکوشتنی ژنان بەخۆسووتاندنەو تەمەنیشیان لەسەرووی ١٨ ساڵەوەیە. بەڕێوبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری لەسلێمانی، د. بارزان محەممەد گوتوویەتی، ٩٨٪ـی ئەو ژنانەی سووتاون، خۆیان ئەنجامدەری ئەو کارە بوونە. ڕاپـۆرتـی وەزارەتــی مافی مــرۆڤ، لەهەرێمی کوردستان دوویاتی دەکاتەوە کە ٥٣٣ ئافرەت لەساڵی ٢٠٠٦ پەنایان بردووەتە بەرخۆکووشتن یان ڕووبەڕووی کوشتن بوونەتەوە. ژمارەی ئەو

www.netewe.com

ژنانەی لەساڵی ٢٠٠٥ خۆیان کوشتووە یان کوژراون ٢٨٩ بووە. ڕێژەی خۆکوشتن لەنێو قوربانیان ٢٢٪ لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٨٨٪ لەساڵی ٢٠٠٦ بەرز بووەتەوە. هەروەها ڕێژەی کوشتن لە ٤٪ لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٦٤,٦٪لەساڵی ٢٠٠٦ بەرز بووەتەوە. ڕاپۆرتەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاماژە بۆ کوشتنی ١٢,٥٠٠ ئافرەت لەساڵی ١٩٩١ و٢٠٠٧ دەکەن کە بەپاساوی شەرەف یان خۆکوشتن لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕوویداوە. بەپێی دوایین ئامارە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، ٤٦١ لەساڵی ٢٠٠٨ هەوڵی خۆکوشتیان داوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی ئەوانەی خۆیان کوشتووە ٧٧٩ ئافرەت بوون، ئامارەکانی ساڵی پێشوو ئەوە دەردەخەن خۆکوشتنی ژن بەخۆسووتاندن لەدوای ڕاپەڕین لەزیادبووندایە ( تەنیا ساڵی ١٩٩١ نەبێ کە ٣٩ ئافرەت بووە).

## پێشەنگی ڕووداوەکانی سووتانە!

بۆچی ژنانی هەرێمی کوردستان، لەخۆکوشتن و خۆسووتاندن پێشەنگی هەموو ژنانی پارچەکانی دیکەی کوردستانن؟ ژن لەهەرێمی کوردستاندا لەڕووی ئازادی، ژیان، ئابووری و سیاسی لەپارچەکانیتر ئازادییان زیاترەو ٣٠ ژن ئەندامی پەرلەمانن، جگە لەوەزیر و بەڕێوبەری گشتی و قایمقام و دادوەر. هەروەها ژمارەی خوێندکارانی کچ لەزانکۆکاندا لەکوڕان زیاترە. پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەیاسای باری کەسێتیدا کردووە. لەوانە دانانی کۆتوبەند لەسەر فرەژنی و وەرگرتنی شایەدیی ژن وەک پیاو، لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا. کردنەوەی پەناگە بۆ ئەو ژنانەی دووچاری هەڕەشە، توندوتیژی و کوشتن بوونەتەوە. هەروەها حکوومەتی کوردستان ساڵی ٢٠٠٢ یاسایەکی دەرکرد و تێیدا سووککردنی سزای بکوژانی ژنانی بەبیانووی پاراستنی شەرەف، نەهێشت. ژماری سووتان و کوژراو لەهەرێمی کوردستان، ئەوە بەدیاردەخات کە ژمارەیە ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن لەئاستی جیهان بەرزترین ژمارەیەو تەنانەت لە کۆماری چین زیاترە کە بەرزترین ژمارەی خۆکوژی ئافرەتی تێدا تۆمارکراوە. ژمارەی کوشتن، ئاشکرای دەکات کە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە پێشەنگی لیستی وڵاتان و ناوچەکان لەخۆسووتاندنی ژنان.

## هۆکارەکان


کەیسی سووتێندراو خۆسووتێنەر، لەهەرێمی کوردستاندا بەشێک لەهۆکاری ڕووداوەکانی سووتان بەڕوونی بەدیاردەخات. بەپێی زانیاری وارڤین، کاتژمێر ١ی شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥/ ٤ / ٢٠١٠ لەشارەدێی دارەتووی هەولێر، سەرخۆشێک بەناوی (ع.ن) پەلاماری خێزانەکەی دەدات و پێشتریش چەندینجار بەهۆی سەرخۆشییەوە گێچەڵی بەهاوسەرەکەی کردووە. لەبەرامبەردا هاوسەرەکەی (س.م) وەک زەنگێکی ئاگادارکەرەوە نەوتی بەخۆیدا ڕشتووەو ئاگاداریکردووەتەوە ئەگەر لەگێچەڵکردن بۆی بەردەوامبێت، ئەوا خۆی دەسووتنێت. بەڵام لەوکاتەی کە ژنەکە نەوتی بەخۆدا ڕشتووە، هاوسەرەکەی ئاگری تێبەردەدات و کۆتایی بە ژیانی دێنێت. بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی توندوێژی دژ بەژنان لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کوردە عومەر، دەڵێ ((نزیکەی ١٠٪ی حاڵەتەکانی سووتانی ژنان، هاندراوبوونەو وا لە ژنەکە کراوە کەخۆی بسووتێنێت، یان سووتێندراوە)). هاوکات، گوتەبێژی ئەنجوومەنی داوەری هەرێمی کوردستان، عەبدولباست فەرهادی دەڵێ، بەپێی یاسای ٤٠٨ـی سزاکانی عێراق کە لەپەرلەمانی کوردستان هەموارکراوە، سزای ئەو کەسانە دەدرێت کە هاندەری ئەوەن کەسێک خۆی بسووتێنێت یان بسووتێندرێت. بەڵام وەک عەبدولباست فەرهادی، باسی لێوەکرد کە ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوەو زۆربەی ئەوانەی بەهۆی سووتانەوە گوتە دەدەن، داوا لەسەر کەس تۆمارناکەن و یاساش پشت بەدەقی نووسراو دەبەستێت. کوردە عومەر، باس لەوەدەکات کە هۆکاری کۆمەلایەتی، ئابووری و سیاسی، لەپشتەوەی سووتانی ژنەو هەندێجار گوشاری دەروونی زۆر دەخرێتە سەر کەسەکەو پێدەگوترێت بۆ خۆت ناسووتێنیت، ئەمەش وادەکات کە کەسەکە بۆ خۆسووتاندن هان بدرێت ((زۆربەی حاڵەتەکانی تر بۆ لاوازی کەسەکە دەگرێتەوە کە ناتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە، بۆیە بەناچاری خۆی دەسووتێنێت)). ئەو دەڵێ، هەندێجاریش ڕاگەیاندن لەورووژاندنی حاڵەتەکانی سووتاندن هۆکارن کە کەسێک بەکاریگەری چۆنیەتی وروژاندنی میدیاکە خۆی بسووتێنێت. چالاکڤان، خانم ڕەحیم لەوبارەیەوە دەڵێ، هەندێجار ئاگر وەک پەیکەرێکی پیرۆز لەکەلتووری کورد دا سەیرکراوەو نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە ژنی واهەبووە بۆ نەورۆز وەک شکۆداری گڕی لەخۆی بەرداوە. بۆیە خانم، دەڵێ، دەبێ ئەو بیرکردنەوەیە نەهێڵدرێت و ئەو پەیکەرە بشکێندرێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەو چالاکڤانە ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕێژەی سووتان لەقۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەل ساڵانی پێشوو زیادی نەکردووە، چونکە ژنان هۆشیار بوونەتەوەو قسە لەسەر مافەکانیان دەکەن. پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د.توانا عەبدولڕەحمان، دەڵێ: ((لەکەلتووری کوردیدا پێوەندی ڕۆحی و ئاگر بەیەکەوە گرێدراوەو ئاگر بە پیرۆز دانراوە، ئەمەش هۆکارێکە کە ئەو ژنەی بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوە لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئاگرەوە ئەوکارە ئەنجامبدات)). ئەو دەڵێ خۆسووتاندن لەنێو وڵاتانی عەرەبی کەمترە، وەک ئەوەی کە لەهەرێمی کوردستان هەیە)). هۆکارێکیتر بۆ نەبوونی لایەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دەگەڕێنێتەوە کە ئەو ژنەی پەنای بۆ خۆسووتاندن دەبات، ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری زۆر نییە، تا بیر لەچارەکردنی کێشەکەی لەبریتی خۆسووتاندن، بکاتەوە.

## ئایا ئاگر زمانی کوردی تایبەت و بێگەردە لەئاخاوتنی مردوو لەگەڵ زیندووەکاندا؟

تایبەتمەندی کوردی: جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی (هۆی لۆنگ) لە پەکین، بە ڕۆژنامەی چاینادەیلی ڕاگەیاندووە کە چین تاکە وڵاتە کە ژمارەی خۆکوژرانی ژنی لە پیاوان زیاترە. بەپێی ئەو توێژینەوەیەی کە گۆڤاری لانیستی پزیشکی بڵاویکردووەتەوە تەمەنی کچە خۆکوژەکان لەنێوان ١٠ بۆ١٩ ساڵانەو دوو بەرامبەری ژمارەی خۆکوژانی کوڕە لەو تەمەنەدا. ئەو ژمارانەی لە چین وەرگیراون ئەوەمان بۆ دووپاتدەکەنەوە

www.netewe.com

کە خۆکوشتن بەتایبەتی لەنێو ژنان بەبەراورد لەگەڵ پیاوان تەنیا تایبەت بە کورد نییە. لێرە پرسیارێک دێتە پێشەوەو تایبەتمەندیەکی کوردی ئاشکرا دەبێت ئەویش (پەنابردن بۆ ئاگر) بەمەبەستی خۆکوشتن کە بووەتە نەریتێکی بڵاو لەناو ئافرەتانی کوردو تەنانەت پیاویشدا. دەبێ هۆکاری ئەو کێشەیە جیابکرێتەوەو شیکردنەوە لەسەر ئەو ژنانە بکرێت کە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن. ئەوەش کارێکی ئاسان نییە تا ئەنجامی خۆسووتاندنەکەت بۆ دەربکەوێت، چونکە یاساکانی هەرێم لەو بوارەدا پێویستی بەسەر لەنوێ داڕشتنەوە هەیە تا لەو رێگەیەوە بتوانرێت بەوردی کەیسێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت. خۆکوشتن بە ئاگر، زۆرجار لەنێو چێشتخانەو گەرماوی ماڵەوە ئەنجامدەدرێت و ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی خۆسووتاندن لەکۆمەڵگای کوردستان. رۆماننوس ئۆرهان پامووک، لەرۆمانی بەفر، ئاماژە بەو ئافرەتە کوردانە دەکات کە لەتورکیا خۆیان دەسووتێنن و کۆتایی بە ژیانیان دێنن، ئەمەش ئەندێشەیەکی ئەدەبی نییە، بەڵکو واقیع و راستییەکە لەژینگەی کۆمەڵگای کوردیدا بووەتە رێورەسمێکی باو. ئەم دیاردەیە شوێنی خۆی لەئەدەبی جیهانیدا کردووەتەوە، لەبەر ژمارەکەی نا، بەڵکو لەبەر ئەو هێزەی لەپشتەوەیەتی. ئاوات مەحەمەد، توێژەری بواری دیاردەی خۆکوشتنی ژنان دەڵێت، خۆسووتاندن رەهەندێکی مێژووی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیەو وابەستەی فەرهەنگی ئێران، ئەفغانی و هیندییە ((لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئاگر بەپیرۆز دادەنرێت و کاریگەری زەردەشتی بەسەرەوەیە کە ئاگریان لا پیرۆزەو لەماڵەکانیاندا ئاگر بەردەوامی هەیە. بەهەمانشێوە لەپەرستگاکانیان، ئاگر گوزارشت لەپاکبوونەوەی مرۆڤ لەو ئازارەی کە تێیدا دەژیت دەکات)). لێرە ئەوەی تێبینی بکرێت تەنیا کەلتووری ئایینی بۆ لێکدانەوەی خۆکوشتن و خۆسووتان، بەس نییە. ئەو گرفتە لەوە ئاڵۆزترە تەنیا بەلێکدانەوەی ئایینی و رێورەسمەکانی بزانین. بۆ نموونە دوای کەرتبوونی کەنیسەی رووسی چەندین دانیشتوانی دێهاتەکان بەتەواوەتی خۆیان سووتاندو مردن و ئەم رووداوەش بە ((پەرستنی ئاگر)) ناودێر کرا. هەروەها نموونەیەکی تر قەشەکانی مەسیحی رووسیا بوون کە لەساڵی ١٦٠٠ بەشێکی جەستەی خۆیان وەک پیاوانی ئایینی بوزی، سووتاند لەبەرئەوەی لەلایەن قەشەکانی کاسۆلیک دەچەوسێندرانەوە. لەکاتی داگیرکاری ئەمریکا بۆ ڤێتنام خەڵکی ئەو وڵاتە جەستەی خۆیان دەکردە خەڵوز. دوایین نموونە ژمارەیەک لەئەندامانی کۆمەڵەی نوری مەغریبین کە لەبەردەم وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتەدا ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردا، بەڵام هاوڕێکانیان فریایان کەوتن ئەگەرنا دەبوونە خەڵەمێش. ئەو کەلتوور و فەرهەنگانەی لەنێوان گەلانی هیند و ئەورووپی بڵاوبوونەتەوە، کاریگەرییان لە زەمینەخۆشکردن و سازکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ پیادەکردنی خۆکوشتن لەرێی ئاگرەوە هەبووە. بۆ نموونە ٨٣٪ لەخۆکوژانی ژن لەئێران لەرێگەی ئاگر کۆتاییان بەژیانیان هێنا. لەساڵی ٢٠٠٣ لەهەرێمی لورستانی کوردنشین ٦٧٪ی ئەوانەی خۆیان کوشتووە ژن، بوون. لەمیانەی ژمارەو راستییە ئاشکراو دیارەکان خۆکوشتن لەرێگای خۆسووتانەوە،



فۆتۆ گرافیک: ئاریان ئەبوبەکر



www.netewe.com

تەنیا لەلایەن ئافرەتانی کـوردەوە پیادە ناکرێت، بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە ئاگر نوێترین رێگەیە لەهزری ئافرەتانی کورد دا.

من هەقم...

## ئاگر نهێنییەکان دەکاتەوە؟!

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر، بە وارڤینی راگەیاند کە ٢٢ /٢٠١٠/١ لە گوندی ئۆخسەری سەر بەشارۆچکەی شاوێس ژنێکی تەمەن ٢٢ساڵ خۆی سووتاندووەو بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکە گیانی لەدەستداوە. بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوەیە هۆکاری خۆسووتاندنەکە بەپێی گوتـەی بـاوکی کچەکە هاوسەری کچەکەیەتی و بەوهۆیەشەوە سکاڵای لەدژ تۆمارکردووە.

لە سلێمانیش ژنێک بەناوی (ی-س-س) تەمەن ٢٤ساڵ لەماڵەکەیدا لە گەڕەکی عەقاری لە ١١ /٢٠٠٩/١١بەنەوت ئاگری لەجەستەی بەردا. لەئەنجامی زۆری رێژەی سووتانەکەی دوای سێ کاتژمێر گیانی لەدەست دا.

دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەو بەرلەوەی گیان لەدەستبدات ناوبراو بەپۆلیسی راگەیاندووە بەهۆی خراپی هەلسووکەوتی خەسووی کە بەردەوام هانی مێردەکەی داوە لێی بدات، زۆر لەژیان بێزار بووە، بۆیە ئاگری لە جەستەی بەرداوە .ئەمەش نموونەیەکی تری خۆسووتاندنە کە ئاگر دەکاتە زمانی دیالۆگ بۆ کۆتاییهاتن لەو بێزارییەی کە بەهۆی خەسوویەکەوە تووشی هاتووە. هەروەها کاتێک مەنسوری حەلاج (سۆفیگەرایەک لە پلەی زاهید بوو لەسەردەمی حوکمرانی خەلافەتی عوسمانی لەبەغدا) خرایە ناو ئاگر بەهەموو دەنگی هـاواری کرد و ئاگر جەستەی داپۆشیبوو دەیگوت، من هەق و راستم. ئێستا ئافرەتانی کورد کاتێک ئاگر لەجەستەیان بەردەدەن، وا دەڵێن. ئێمە باسی خۆسووتاندنی هەندێ لە ئافرەتانی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەندێ جەنگاوەرانی ئەو پارتە بەو شێوە توندوتیژە ناکەین، بەڵکو تیشک دەخەینەسەر بیرکردنەوەو سایکۆلۆژیای ژنی کورد بە ئاگر خۆیان دەسووتێنن، بەمەستی پـەردە لادان و کـردنـەوەی نهێنیەکانی ئاگر، وەک رێگایەکی خۆکوشتن. بۆ زیاتر روونـکـردنـەوەی بیرۆکەکەمان دەتوانین بـەراوورد و نزیکبوونەوە بکەین لەنێوان دیمەنی ئاگری کوردی و هەراکیری ژاپۆنی. ئەو ژاپۆنییەی کە لەجەنگدا شکست بخوات، بەهەمانشێوەی خۆئامادەکردن لەجەنگدا



**فۆتۆ: ئاریان**

شمشێرەکەی بەشێوەیەکی ڕاست دادەنێ و خۆی پێدەکوژێت. هەراکیری پەیامێکەو ئاراستەی خەڵکانیتر دەکرێت بەوەی کە ئەم جەنگاوەرە لەشەڕدا ڕاینەکردووەو نەبەزیوە. ئایا ئافرەتان و جەنگاوەرە ئافرەتەکانی کورد لەئێستا و ڕابردوودا لەڕێگای خۆسووتاندنەوە پەیامیان ئاراستەی خەڵکانیتر کردووە. ئەو پەیامە ئاگرینە سیاسییەی لەگۆڕەپانی وڵاتە ئەوروپییەکان و شارەکانی کوردستان بینیمان، پێویستی بەزیرەکی زۆر نییە بۆ خوێندنەوەی دێڕەکان، ئەوانەی هاواریان دەکرد و بەجیهانیان دەگوت، تاکەی لەم جیهانەدا بەگەمارۆدراوی دەمێنینەوە لەکاتێکدا ئێوە داوای یەکگرتنێکی درۆزنانە دەکەن. تاکەی بێدەنگ دەبن بەرامبەر ئەم برینە، تاکەی بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد دەکرێت. هەرچەندە ئەم پەیامە ڕەتکراوەتەوە تەنانەت لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە، بەڵام لایەنی کەسایەتی کورد نیشاندەدات. ئایا گەلانی تر کوڕ و کچەکانیان پەنایان بردووەتەبەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن دژ بە خەڵکانی تر؟ بەڵام ئافرەتانی کورد بە زمانی ئاگر دەنووسن و خۆکوشتن هەڵدەبژێرن. بە ڕووناکی ئاگر و گەرمی وێنەکەی نابنە خۆکوژ دژ بەخەڵکی بێتاوان. ئافرەتانی کورد ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن لە شارەکانی کوردستان پەیامی خۆیان ئاراستەی ئەوانیتر کردووە، پەیامێکە بەستراوەتەوە بە کەلتووری زەردەشتی و پیرۆزراگرتنی ئاگر بۆ لێکدانەوەی بارەکانی ئەم خۆکوشتنە. ئافرەتان دەڵێن بە سادەو ساکاری ئێمە ئەم شێوازی توندوتیژییەمان دژ بە توندوتیژی ئێوە هەڵبژاردووە. ئەم پەیامە هێز و توانای ژنی کورد دووپات دەکاتەوە لەوپەڕی لاوازی و بێدەسەڵاتیدا.

## چارەسەر

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کوردە عومەر، ئەوەدەخاتەڕوو کە ئەوان بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ چارەسەرکردنی سنووردارکردنی سووتانی ژنان هەیەو لە ڕێگەی بایەخدان بەهۆشیاری پەروەردەیی، کۆڕ و سمینار و بەهێزکردنی ڕۆڵی یاسا ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە دەبنەوە. هەروەها دەڵێ، چەندین کەیسیان لەبەردەستە کە بەشێوەیەکی جیدی کاری لەسەر دەکەن و بەوردی لێکۆڵینەوە لەکەسووکاری ئەو کەسە دەکەن کە خۆی سووتاندووە. لەلای خۆیەوە چالاکوانی بواری ژنان خانم ڕەحیم، بۆ ڕێگرتن لە سووتان نایشارێتەوە کە چارەسەری ئەو حاڵەتە بە بەرنامەڕێژی حکوومەت لەگرتنەبەری ڕێوشێنی توند دەکرێت. هەروەها دوو بنەما بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە دەخاتەڕوو:

یەکەم: یاسایەک بتوانێت سزای توند بۆ ئەو کەسانە دیاری بکات کە هانی کەسەکە بۆ خۆسووتاندن دەدات و لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، چونکە وەک باسی دەکات ئەگەر ژنێک بزانێت ئەوکەسەی کە دەبێتە هۆکاری خۆسووتاندنی، ئەگەر سکاڵای لەدژ تۆمار بکات و بەتوندی سزا بدرێت، ئەوا ناچێت خۆی بسووتێنێت.

دووەم: هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە لەو ڕێگەیەوە بایەخ بە کۆڕ و سیمنار و هۆشیارکردنەوەی تاک بدرێت. تا ژن پەنا بۆ چارسەرکردن بەرێت نەوەک خۆی بسووتێنێت. خانم ڕەحیم دەڵێ لە قۆناغی ئێستادا ڕێژەی خۆسووتاندن لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو وەک خۆیەتی و جیاوازی داتاکان لەوبارەیەوە بەچەند ژمارەیەکەوە لەهەڵکشان و داکشاندایە.

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د.توانا عەبدولڕەحمان، بۆچوونی وابوو کە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەوەی کە ئەگەر کێشەیەکی هەبوو ڕوو لەپزیشکی دەروونی بکات، دەبێتە سەرەتایەکی باش لەوەی کە کەسەکە بیر لەچارەسەر بکاتەوە لەبریتی ئەوەی ڕێگەی خۆسووتاندن هەڵبژێرێت. هەروەها بۆچوونی وابوو کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دیاردەی خۆسووتاندن کەم بووەتەوە.

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، عەبدولباست فەرهادی، جەخت لەسەر چەند هەوڵێکی دادوەری دەکات و دەڵێ کە لە کۆنفرانسەکاندا داوایان لە مامۆستایانی ئایینی و ڕێکخراوەکان کردووە کە کار بۆ هۆشیاری خەڵک لەو ڕوانگەیەوە بکەن. هەروەها دەڵێ، ئەو دیاردەیە زۆر ترسناکە، پێویستە هەر کەسەو لەلای خۆیەوە هۆشیاری بڵاو بکاتەوە. ((پێویستە مامۆستایانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی ژنان، مامۆستایانی زانکۆ و لایەنی پەیوەندیدار ڕۆڵی تەواو لەهۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بگێڕن)).

## ڕاسپاردە:

١.داڕشتنەوەی پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان و دانانی ماددەیەک کە سزای توند بۆ ئەو کەسانە دەستنیشان بکات کە هۆکار و هاندەری سووتان بووە.

٢. کرانەوەی سەنتەری دەروونی لە شار و شارۆچکەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

٣. بایەخدان بەکەیسی سووتاوەکان، لەڕووی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەو لێپێچینەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەهۆکار و چۆنیەتی سووتانەکە.

٤. بایەخ بەو ئامارانەی کە بەوردی دەستنیشانی حاڵەتەکانی سووتان دەکەن، بدرێت و تێیدا ڕێگەچارەی پێویست بۆ حاڵەتەکان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، بدۆزرێتەوە.

## ئەنجام:

١. کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی یاسای سزادانی عێراقی بەرامبەر کەسی تاوانبار لەهاندانی سووتان و هەروەها بەهەندوەرنەگرتنی ڕاپۆرتی پزیشی دادوەری لەنەخۆشخانەکان.

٢. نەبوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان کە تێیدا بە ماددەیەک بایەخ بە بنبڕکردنی سووتاندن و خۆسووتانی ژنان بدات.

٣. تێکشکاندنی ئەو پەیکەرەی کە بەهۆی کەلتووری کوردییەوە ئاگری وا پیرۆزکردووە کە لەو ڕێگەیەوە تاک بیر لە کۆتاییهێنان بە ژیانی بکاتەوە.

٤. سەربەستی و ئازادی ژنان، لەبواری یاسایی، ئابووری و سیاسی، بۆ لێکدانەوەی دیاردەی خۆکوشتن ئاماژەیەک نابێت لەوەی کە ژن کوشتن نییە، بۆ نموونە سوید و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لەپێشەوەی ئەو وڵاتانەیە ژمارەی خۆکوشتنیان تێدا ڕوودەدات.

www.netewe.com



٢٠٠٩ قیرغستان - ژنێک خەریکی مەشکە ژەنینە لەگوندی کازیرمان.

فۆتۆ: گاسپەر چیەکارۆ

# هێڵە گەرمەکەی بەیان ساڵح دەکەوێتە کارەوە

هەولێر

ژنێکی گەنج، ماوەی ١٣ساڵە لەوڵاتی دانیمارک، دەژیت و بڕوانامەی تەکنۆلۆژیای زانیاری I.T، لەو وڵاتە بەدەستهێناوە. دوای ئەوەی ویستوویەتی بیرۆکەی پڕۆژەی هێڵی گەرم، بهێنێتە کوردستان، حکوومەت وەڵامی پڕۆژەکەی نەداوەتەوە، بۆیە ئێستا لەڕێگەی ڕێکخراوێکی ناحکوومییەوە کار بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەکەی دەکات.

هێڵی گەرم، هێڵێکی تەلەفۆنییەو ماوەی ٢٤ کاتژمێر کراوەیە. ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، پەیوەندی پێوە دەکەن، تا لەکەمترین ماوەدا، یارمەتیان پێشکەش بکرێت. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، پۆلیس، سوود لەبەکارهێنانی ئەو هێڵە وەردەگرێت. بەیان ساڵح، کە بڕوانامەی لە تەکنۆلۆژیای زانیاری I.T، هەیە، ئارەزووی خزمەتکردن لەبواری ژنان، بەئارەزوویەکی لەمێژینە وەسفدەکات و دەڵێ، بەر لەوەی بڕواتە دەرەوەی وڵات، ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساوە. بۆیە دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٩ سەردانی کوردستانی کردووە، زانیویەتی کە ڕەوشی ژنان، ناجێگیرە ((ویستم بەهاوکاری حکوومەت، ئەو پڕۆژەیە بێنمە کوردستان، بەڵام ئەوان، بەبیانووی ئەوەی کاتیان نییە، گفووگۆ لەسەرئەوبابەتە بکەن، بەتەنگ داواکارییەکەمەوە نەهاتن )). بەیان، ئاماژە بەپڕۆژەیەکی تری هاوشێوەی ئەو پڕۆژەیە دەکات، لەکوردستان و دەڵێ، ((سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە))، بۆیە بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەو پڕۆژەیە بهێنێتە سەرانسەری عێراق، بەڵام کوردستان بکاتە دەروازەی ((چونکە لەئێستادا زەمینەی کارکردن لەکوردستان، خۆشترە وەک لەناوچەکانی تری عێراق)). دوای ئەوەی حکوومەت وەڵامی ئەرێنی داواکارییەکەیان نەداوەتەوە بەیان، دەڵێت، بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکەی بیری لەهەماهەنگی لەگەڵ



بەیان ساڵح

ڕێکخراوێکی ئافرەتان کردووەتەوە ((لەگەڵ ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، دانیشتم. گفتووگۆمان لەبارەی پڕۆژەکەوە کرد. زۆر بەئەرێنی وەڵامیان دایەوە)). دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە دانیمارک، باسی ڕەوشی ناجێگیری ژنی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخراوی کیڤین فۆ، کە ڕێکخراوێی بەناوبانگی تایبەت بەکاروباری ژنانی دانیمارکییەو ٢٤ شەڵتەر بەڕێوەدەبات، دەگێڕێتەوە، ئەوان پێشوازی لە کارکردنی هاوبەش دەکەن. بەیان، بیرۆکەی هۆتلاین، بۆ بەتەنگەوە هاتنی ژنی کورد لە (١٢ تا ٧٠ ساڵ) بەئەرێنی دادەنێت. ئەوەش بۆ وارڤین ئاشکرا دەکات کە هەرکاتێک پڕۆژەکە کەوتە بواری پراکتیکییەوە، ئەوا لەڕێگەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتانەوە، بارەگایەکی تایبەتی بۆ دەکەنەوە. سەبارەت بەکارکردنیان لەسەر کام جۆرە کێشەو چۆنیەتی پەیوەندی کردنی ئافرەتانەوە، بەیان، دەڵێت: ((هەر ژنێک تووشی کێشە یاخود توندوتیژی دەبێتەوە، دەتوانێت لەڕێگەی هێڵی گەرمەوە پەیوەندی بەئێمەوە بکات. ئێمەش بەشێوەی تەلەفۆن، یاخود ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و ناردنی بۆ شوێنی ڕووداوەکە بێت، بەزووترین کات فریای دەکەوین)). وەک بەیان گوتی، ئامانجێکی دیکەیان، هاوکاریکردنی ئەو ژنانەیە کە پەنا بۆ خۆکوشتن و سووتاندن دەبەن و بۆ ئەوەش لەڕێگەی پسپۆڕی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی دەدەن. بەیان، هەروەها گوتی: ((بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرەکانی داڵدەدانی ئافرەتاندا یارمەتیدانی ئەو ژنانەی دەدەین کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێت)). بەیان ساڵح، کاری پڕۆژەی هۆتلاین، لەوڵاتە عەرەبییەکان، بەنموونە دەهێنێتەوە کە تارادەیەک لەکەلتوری کوردستان نزیکن و دەڵێت ئەو پرۆژەیە لەو وڵاتانەدا زۆر سەرکەوتوو بووە. بەڵام ئەو خاڵەی کە بەیانی نیگەران، کردووە ئەوەیە ((قسەم لەگەڵ کۆمەڵێک ژن کردووە دەڵێن لەوانەیە ئەگەر پەیوەندی بەو هێڵەوە بکەین، لەلایەن مێردەکانمانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی زیاتر ببینەوە، بەڵام بەپێی ئەو پڕۆژەیە گرەنتی ئەو حاڵەتە دەکرێت و هەوڵدەدرێت کێشەکە چارەسەر بکرێت)). سەبارەت بەبەڕێوەبردنی هێڵەکە ئەو ژنە، دەیەوێت کۆمەڵێک کەس دەستنیشان بکات کە بتوانن بەباشترین شێوە کاری هێڵەکە ڕاپەڕێنن. ئەوەش لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی لەبوارگەلی دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاساییەوە دەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەنیازن، بۆ ماوەی ١٠رۆژ ١٠ کەس بۆ ڕاهێنان بنێرنە وڵاتی ئەردەن، لەوێ لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەردەنی و دانیمارکییەوە ڕاهێنانیان پێ بکرێت.

بۆکان هیوا
Bokan.hawler@yahoo.com



www.netewe.com



# ژن و بازاڕ

پەیوەندی ژنان، لەگەڵ بازاڕدا پەیوەندییەکی نائاساییەو زۆرجار ژن خۆیان بەسەرسورمانەوە ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن، کە ئایا ئەوان بۆ ئەوەندە خولیای بازاڕ و شت کرینن؟ بۆ زانینی ئەو نهێنیانەی کە لەپشت حەزی ژنانەوەیە بۆ بازاڕ، وارڤین رای کۆمەڵێک ژن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو.

www.netewe.com

## خووگرتن بە بازاڕ

ژنێکی دەم بەپێکەنین، لەبارەی ئارەزووی بەردەوامی بۆ چوونە بازاڕ، دەڵێ ((هیچیشم پێویست نەبێ، هەر حەز دەکەم برۆمە بازاڕ)). خووگرتنی ئەو ژنە بەبازاڕ، ئارامییوکی لەلا دروست کردووە کە خۆیشی بۆی لێکنادرێتەوە. نەسرین دانیشتووی هەولێرەو مامۆستای ئامادەییە لە قوتابخانەی هەڵاڵە. وەک دەڵێ، هەفتەی دوو تا ٣جار دەچێتە بازاڕ. هەروەها وایدەبینێت کە قەرەباڵغی و بوونی ئەو تێکەڵاوییەی لەبازاڕدا هەیە، جۆرە خۆشییەکی تایبەتی بۆ ژن هەیە. چونکە ژن، بەردەوام لەماڵ دادەنیشێت. ئەو ژنە بەهۆی نەبوونی شوێنی گشتی وەک، کافتریاو شوێنێکی حەسانەوە بۆ ژنان، رووکردنە بازاڕ وەک رێگایەک بۆ کاتبەسەربردن دەزانێت. ئەو هەروەها دەڵێ ((ژن بۆ کڕینی کاڵاو پێداویستییەکان لەپیاو شارەزاترە. پیاو سەیری هەرشتێک بکات دەیکڕێت، ژن لێیدەکۆڵێتەوەو ئەوکات دەیکڕێت)).

## کاتبەسەربردن

بەهەردوو دەستەکانی چەند کیسەیەکی گەورەی هەڵگرتبوو، لەکاتی قسەکردندا کیسەکانی دانایە سەر زەوییەکە، تەواو ماندووبوونی پێوەدیاربوو. بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکەوە گوتی کە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان زۆرە، بۆیە ناچارە رۆژ نا رۆژێک بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان برواتە بازاڕ. ئەو ژنی ماڵە، بەقسەی خۆی، ئەگەر پێویستی بەبازاڕ نەبێت، بەبێ کار نایەتە بازاڕ و ئەوەندە تامەزرۆی هاتنە بازاڕی نییە. بەبۆچوونی ئەو، ئەو ژنانەی هیچ کارێکیان نییەو سەردانی بازاڕ دەکەن، بۆ گۆڕینی کەش دێن. شیرین لوقمان (٣٧) و ژنی ماڵە، وەک دەڵێ ((ژن دەناسم تەنیا بۆ سەیرکردنی شتومەک و جلووبەرگ دێتە بازاڕ، ئەمەش وادەکات کە قەرەباڵغی دروستببێت)).

## پاساو

پەیوەست بوونی ژنـان بـەبـازاڕ، هۆکاری زۆرە، چونکە ژمارەیەکی زۆری ئەو ژنانەی کە روو لەبازاڕ دەکەن، بەهۆی ئەو کەلتوورە کۆمەڵایەتییەی کە هەمانە بـەردەوام لەماڵەوەن، بۆیە بەچوونیان بۆ بازاڕ، دەیانەوێ جۆرێک لەنەریتی مانەوەی ژن لە ماڵدا، بشکێنن.

توێژەری کۆمەڵایەتی سەروین سەلاح، پێیوایە کە زۆرێک لە ژنان بەپاساوی چونە بازاڕ، لەچوارچێوەی ماڵ دێنـەدەرەوەو چوونە بـازاڕ وەک دەرفەتێک بۆ دەرچـوون لەماڵ بەکاردێنن. هاوکات ژنان، پێداویستییەکانی ماڵ دەکڕن، ئەوەش پێویستی بەچوونە بازاڕ هەیە.

## ڕیکلام و بازاڕ

بەهۆی دەرخستنی کاڵاکان لەشاشەی تیڤییەکاندا ژنـان زیاتر ئـارەزووی چوونە بـازاڕیـان دەبێ. مامۆستایی ریکلام لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، ئیبراهیم حاجی ساڵح، دەڵێ کە ژن زیاتر کاریگەری لاساییکردنەوەیان لەسەرە ((زۆرجار ژنان کەسێکی وەرزشی یان ئەکتەرێک، دەکەنە نموونەی باڵای خۆیان و لاسایی دەکەنەوە، هەمان ئەو کەرەستانە بەکاردەهێنن کە ئەکتەرەکە بەکاری دەهێنێ، بۆیە بەردەوام حەزیان لەچوونە بازاڕە، تابتوانن جۆرێک لەجلووبەرگیان دەستکەوێت کە لەجلووبەرگی ئـەو کەسە بچێت کە دەیانەوێت لاسایی بکەنەوە)). مامۆستا ئیبراهیم، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: ((کاتێک لە تیڤییەکدا هەندێ کەلوپەلی تایبەت بە ماڵ ریکلامی بۆ دەکرێت، راستەوخۆ ژنەکە حەز بەو شوێنە دەکات، کە سەردانی بکات و کاڵاکان بکڕێت)). ئەو مامۆستایە، باس لەوە دەکات کە کۆمەڵێک کاڵای تایبەت بەجوانکاری و ماڵ، وەک، گەسکی کارەبایی و فڕن، چەندین کاڵای تر، ژن بەکاریان دەهێنێت و پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵی هەیە. ئەو مامۆستایە روونیشیکردەوە کە زۆرجار ئافرەتان پێداویستییەکانی پیاون دەکڕن، چونکە شارەزایی زیاتریان هەیەو لەو بوارەدا ژن لەپیاو سەرکەوتووترە.

## بیرەوەری بازاڕ

شادیە حسێن، کە فەرمانبەری فەرمانگەیەکی حکوومییە، نایشارێتەوە کە زۆری حەز لەبازاڕە. بەپێکەنینەوە بیرەوەرییەکانی سەردەمی کچێتی دەگێڕێتەوە کە ماوەی ٢ ساڵ دەستگیراندار بووەو ماڵەوەیان نەیانهێشتووە لەگەڵ دەستگیرانەکەی بچێتەدەرەوە ((بەبیانووی بازاڕ، هەفتەی چوار جار لەگەڵ دەستگیرانەکەم دەچوومە دەرەوە)). ئەو ژنە هۆکاری چوونە بازاڕی بۆ بینینی دەستگیرانەکەی دەگەڕێنێتەوە، بۆیە بەڕای ئەو، هەر ژنەو لەبەر هۆیەک حەز بەچوونە بازاڕ دەکات.

## بازاڕ و پارە

شارەزایانی بواری ئابووری پەیوەستبوونی ژن بە بازاڕ، بۆ حەز و ئارەزووی هەر تاکێک دەگەڕێننەوەو رەتیدەکەنەوە کە حەزی ژن بۆ بازاڕ، پەیوەندی بەسەرچاوەی دارایی زۆرەوەبێت. مامۆستا ئەیوب محەمەد، لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەستبوونی ژن بـەبـازاڕەوە لەهیچ سەرچاوەیەکی ئابووریدا ئاماژەی پێنەکراوەو هۆیەکانی نەخراوەتەڕوو. ئەو دەڵێ کە ئەم دیاردەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێت. لەبارەی سەرچاوەی دارایی ژن، ئەوە دەخـاتـەڕوو کە بەکاربەر، واتـە ئەوکەسەی کە شتومەک بەکاردەهێنێ، خۆی لایەنی پارەکەی پەیدا کردبێت یان نا، بەکاریدەهێنێ و بیری لێناکاتەوە. چونکە ئەوەی بەلاوە گرنگە کە پێداویستیەکانی دابین بکات.

## بازاڕ و خەمی ژن

روقییە سابیر، ژنێکی بەساڵاچووی (٧٣)ساڵەو دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەو، ئارەزووکردنی ژن بۆ بازاڕ، بۆ خەمخۆری و کاری ژن دەگەڕێنێتەوە. ئەو پێیوایە، ژن لەبەدەستهێنانی کەلوپەل و مامەڵەکردن، باشترەو دەزانێ چۆن پارە بەکاردەهێنێت. ستار، کە لە بازاڕی هەولێر، خاوەن کۆگایەکی فرۆشتنی پێداویستی خواردەمەنییەکانەو مـاوەی ٥ ساڵە کاردەکات، ئاماژە بەتایبەتمەندییەکی تری ژنانیش دەکـات کە زۆر لەجۆری شتومەک و نرخەکەی دەکۆڵنەوەو ئەوکات دەیکڕن. ئاسکە جوتیارە (٢٩) دانیشتووی شاری سلێمانی، دەڵێ کە لەهەفتەیەکدا چوار جار سەردانی بازاڕ دەکات ((سوپەرمارکێت زۆرە کە پێداویستییەکانی لێ جێبەجێبکەم، بەڵام بازاڕی گەورەی هەولێر، تامونچێژی خۆی هەیە، بۆیە بەردەوام حەز بەچوونی ئەو بازارە دەکەم)).

## بازاڕ و فەرمانبەران

کچە فەرمانبەرێکی دەستەی فێرکردنی تەکنیکی هەولێر، باس لـەوەدەکـات کە هەرکاتێک پارەی پێبێت، دەڕواتە بازاڕ. شاناز(٢٥)، ئەو پارەی کە مانگانە لەدەستەی فێرکردنی تەکنیکی وەریدەگرێت، هەمووی لەبازاڕ خەرج دەکات ((کەس داوای پارەم لێناکات)).

بەبڕوای شاناز، ئەم حاڵەتە ئاساییەو ((هەرکەس جۆرە بەرنامەیەکی بۆ ژیان، هەیە)). ئاشکراشی دەکات، کە رۆژانە چەندین ژن، بەهۆی چوونە بازاڕ مۆڵەت لە فەرمانگاکانی حکوومەت وەردەگرێت. بـەم هـۆیـەوە بەشێک لـە کـارەکـانـی فەرمانگە دوادەکەوێت.

# خوێندکاران بە نیگەرانییەوە زانکۆ جێدەهێڵن


## ((زانکۆ تەواو بوو،



هەولێر

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئاهەنگی دەرچوون و ئەنجامدانی گەشتی زانستی لەکاتی دەوامکردنی خوێندکاراندا قەدەغە کرد، بەڵام خوێندکاران، وەک ساڵانی رابردوو لەئاهەنگگێڕانی دەرچوون، بەردەوام بوون.

ئاهەنگی دەرچوون، نەریتێکی ساڵانەی ئەو خوێندکارانەیە کە دوا قۆناغی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان تەواو دەکەن. ساڵانە نزیکەی ١٠هەزار خوێندکار لەهەرێمی کوردستاندا ئەو قۆناغە تەواو دەکەن کە زۆرینەیان دەرچووی زانستە مرۆڤایەتییەکانن. لەو ئاهەنگەدا نزیکەی ٩ هەزار خوێندکار بەشداری دەکەن و تێیدا وێنەی دەرچوون دەگرن، تا وەک یادگارییەک لایان بمێنێتەوە. دواتریش بەپێی خشتەی دیاریکراویان (( گەشتی زانستی)) بۆ شارێکی هەرێمی کوردستان، بۆماوەی ٣ رۆژ سازدەدەن. سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٧ـی نیسانی ٢٠١٠، رێنمایی قەدەغەکردنی ئاهەنگی وێنەگرتن و گەشتی زانستی لەکاتی دەوامدا بەسەرجەم زانکۆکان داوە، بەڵام خوێندکاران ئاهەنگی دەرچوون و وێنەگرتنیان، لەنێو کۆلێژەکاندا ئەنجام دا. یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کاروباری کارگێری د. جەمال موختار، دەڵێ کە سەرەتا ئەو بڕیارەیان بەباش زانییوە کە ئاهەنگی دەرچوون و گەشتی زانستی لەکۆلێژەکان نەکرێت، بەڵام دواتر رەچاوی لایەنی دەروونی خوێندکاران کراوەو ئەمساڵی بڕیارەکەیان جێبەجێ نەکردووە ((مافی خوێندکارانە کە بە رێورەسمێک کۆتایی بەخوێندنیان بهێنن)).



کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، زۆرترین خوێندکاری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەخۆگرتووە. کاتێ لەئاهەنگی دەرچوون، رووماان کردە ئەو کۆلێژە، زۆربەی خوێندکاران بە جلی کوردییەوە خۆیان بۆ ئاهەنگەکە ئامادە کردبوو. خوێندکارێکی کچ، دەیگوت کە کاتژمێر ٧ـی بەیانی لەئارایشتگابووەو بەجوانترین شێوە خۆی رازاندووتەوە ((بەنیازم بۆ ئاهەنگی ئێوارەش لەهۆڵ، جارێکیتر بڕۆمەوە ئارایشتگاو خۆم بڕازێنمەوە)). ئەوە خوێندکارە ناوی فرمێسک سامی، بوو لەبەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، ئاهەنگی دەرچوونی گێڕا. بەبڕوای فرمێسک، تەواوکردنی کۆلێژ، پەنجەرەیەک بەڕووی بەدیهێنانی ئاواتەکانی دەکاتەوەو دەڵێ، بەوەرگرتنی بڕوانامە، دەتوانم خزمەتی وڵاتەکەم بکەم، ئەگەر دەرفەتی کارم بۆ بڕەخسێنرێت. سەبارەت بەهەوڵی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ نەهێشتنی ئاهەنگی دەرچوون، فرمێسک، ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت (( لەگەڵ ئەوەی تێچووی ئاهەنگی دەرچوون، بۆ ئێمە زۆرە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی حکوومەت هاوکارمان بێت، هەوڵی نەهێشتنی دەدات)). هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە ١٦ساڵ خوێندوویەتی، بۆیە ئاهەنگی دەرچوونی بەلاوە گرنگە، تا وەک یادگارێک لای بمێنێتەوە. قوتابی کۆلێژی بنیاتی زانکۆی سەلاحەددین، دیلمان غازی، لە کۆلێژەکەیدا سەرقاڵی وێنەگرتنی ئاهەنگی دەرچوون بوو، لەبارەی بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەڵێ (( حکوومەت هەرخەریکی بڕیار دەرکردنە، بەڵام بۆ خەڵکی هەژار سوودی نییە. نابێ ئاهەنگی ماندووبوونی نیوەی ژیانیشمان بگێڕین! گلەیی ئەوەشمان لێدەکەن کە ئینتیمامان بۆ وڵات نەماوە)). بەڵام یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ لەوبارەیەوە دەڵێ،

www.netewe.com



# ژیان تەواو بوو))

لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بڕیاردراوە کە گەشتی زانستی ئەنجامنەدرێت و بوودجەی بۆ تەرخان نەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی بارگرانی دارایی بەسەر حکوومەتەوە. بەرپرسی کاروباری قوتابیان و کارگێری مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ق)، دانا عەبدولعەزیز، دەڵێ، دەکرێت قوتابیانی دەرچوو بەهەماهەنگی لەگەڵ راگرایەتی کۆلیژو پەیمانگەکان ئاهەنگێکی خنجیلانەی تایبەت بەخۆیان ساز بکەن.((لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەم ئاهەنگانە نەهێڵدرێت و دەتوانرێت بەشێوەیەکی زانستیانەو سەردەمیانە کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی زانکۆ بگونجێنرێت)). دانا، باس لەوەدەکات کە ساڵانە حکوومەتی هەرێم، بڕی ٢ تا ٣ ملیاردینار بەناوی گەشتی زانستی خەرج دەکات((کەچی هیچ سوودێکی زانستی تێدا نییەو تەواو لە گەشتێکی تەرفیهی دەچێت)). ئەوەی لەبۆچوونەکانی خوێندکارانەوە دەخوێندرایەوە خەمی دوای دەرچوونی زانکۆیان بوو کە ئاماژەیان بەوە دەکرد دانامەزرێن. بۆئەو مەبەستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای بودجەی ٢٠١٠، بڕیاریداوە ٩٥٤٧ کەس وەک فەرمانبەر دابمەزرێنێت کە بەشی زۆری دامەزارندنەکە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە. بەڵام خوێندکاران بەوە دڵخۆش نین و پێیانوایە، بەشی زۆری دامەزراندن لە فەرمەنگەکانی حکوومەت((بۆ کەسانی خاوەن واسیتەیە)). روناک ئەسعەد، قوتابی کۆلێژی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، لەگەڵ ئەوەی خۆشحاڵە بەوەی خوێندن تەواودەکات، بەڵام دەڵێ((بەو بڕیارە گەشبین نیم و دوای ١٦ ساڵ، رەنجکێشان، چارەنووسمان لەماڵەوە دانیشتنە. حکوومەت بایەخ بەدامەزراندنی قوتابیان نادات، خەڵکی بێ بڕوانامە پرۆژە وەردەگرێت و خاوەن بڕوانامەش لەماڵەوەیە)). زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ بەشداری ئاهەنگی دەرچوون دەکەن، بەڵام ئەوانەی کە بەشداری ناکەن بۆچوونیان وایە کە ئەم ئاهەنگە کاریگەری خراپی لەسەر رەوتی خوێندن دەبێت. زووبێدە مەحمود خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین، بەشداریکردن لەو جۆرە چالاکیانە رەتدەکاتەوە((کچان ناچار دەبن خەرجییەکی زۆر بکەن کە بەشێکیان توانای ماددی ئەو خەرجیاتەی نییە)). سەرەڕای هەموو ئەو کەموکورتیانەی کە لەسیستمی خوێندنی زانکۆکاندا هەیە، خوێندکاری کۆلێژی یاسا، سانا خدر، بەماڵئاواییکردنی لەزانکۆ، دڵگرانەو ٤ساڵ تەمەنی زانکۆ، بەخۆشترین رۆژانی تەمەنی وەسف دەکات((لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەسم ناسی. چوومە هەندێک شوێن بەهۆی کۆلێژەوە نەبوایە، هەرگیز ئەو شوێنانەم نەدەبینی)). سانا، لەهۆڵی های ستی، خەریکی گێڕانی ئاهەنگی دەرچوونی بوو، بەڵام خەمبارە بەوەی کە هیوای دەستکەوتنی کاری هەیەو نەیتوانی لەو ٤ ساڵەشدا، کوڕێکی بەمەرجەکانی خۆی دەستکەوێت((دەبێ بڕۆینەوە ماڵەوە، ئەو ئازادییەشمان نەما کە هەمانبوو. کۆلێژ تەواو، ژیان تەواو)). بۆ مانەوەی گەشتی زانستی و ئاهەنگی دەرچوون، یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لەهەوڵی پێشنیازێک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە تێیدا داوای ئەوە دەکرێ گەشتی زانستی لەسەر بنەمای زانستی رێکبخرێت و ساڵانە لەو گەشتەدا لێکۆڵینەوە ئامادە بکرێت. لەو بارەیەوە دانا عەبدولعەزیز، گوتی رێکخراوەکەیان پێشنیاز بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە بایەخی زیاتر بەم گەشتانە بدات و بەشە زانستییەکان ناچار بکات کە لەگەشتەکاندا لەسەر بەرنامەیەکی زانستی رێکخراو بڕۆن((بۆ نموونە خوێندکارانی بەشی بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو لەکۆلێژی ئەندازیاری، با سەردانی پڕۆژەی گاپ لە تورکیا بکەن و لەم گەشتەدا خوێندکاران ناچار بکرێن کە راپورتێکی زانستی لە سەر ئەم پرۆژەیە بنووسن و وەک هەڵسەنگاندێک سەرنج و پێشنیاز، بدەن)).

بۆکان هیوا

www.netewe.com



کچە یاریزانی روسی «ئیلینا ئیسنبایێڤا»

YELENA ISINBAYEVA

### کار بۆ نەهێشتنی قەڵەوی لەنێو لاواندا دەکات

# ((ئیلینا ئیسنبابیێڤا)) خۆی بۆ ساڵی ٢٠١١ ئامادە دەکات

کچەیاریزانی روسی و پاڵەوانی جیهان لە یاریی خۆهەڵدان بە دار ((ئیلینا ئیسنبابیێڤا)) کە مانگی رابردوو داوای مۆڵەتێکی کراوەی لە یاریگەکانی گۆڕەپان و مەیداندا کردبوو، ئەگەری ئەوەی خستە ڕوو، کە رەنگە هەر ئەم ساڵ بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی دووپات کردەوە کە لە ڕکابەرییەکانی ساڵی ٢٠١١ی پاڵەوانیەتییەکانی گۆڕەپان و مەیداندا لە ئاستی جیهان، دەگەڕێتەوە.

((ئیلینا ئیسنبابیێڤا)) کە تەمەنی ٢٧ ساڵە، لەو بارەیەوە دەڵێت: ((پشوویەکم وەرگرتووە، بەڵام بێگومان مەشق دەکەم و خۆم بۆ ساڵی ٢٠١١ ئامادە دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ئاسایی خۆم بەسەر دەبەم)).

((ئیسنبابیێڤا)) کە پاڵەوانی ئۆلمپیادەکانی ئەسینا ٢٠٠٤ و پەکین ٢٠٠٨ـە، گوتیشی: ((نازانم لە پاڵەوانیەتییەکانی ئەمساڵدا بەشداریی دەکەم یان نا، تا ئێستا بڕیارم نەداوە، چونکە تا ئێستا پشوویەکی تەواوم وەرنەگرتووە، هەر کاتێکیش هەستێکی بەتینم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکاندا بۆ دروست بوو، دەگەڕێمەوە و بەشداریی دەکەم، بەڵام بۆ ئەمساڵ ناتوانم هیچ بەڵێنێک بدەم)).

## بێهیوایی

کچەیاریزان ئیسنبابیێڤا کە بە ئەنجامە بەهێزەکانی سەرنجی هەموو دونیای بۆ خۆی ڕاکێشا و توانی چەند ژمارەیەکی پێوانەیی لە یارییەکەیدا تۆمار بکات، لەم ماوەیەی دواییدا دووچاری بێهیوابییەکی زۆر بووەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە مانگی ئاداری رابردوو لە پاڵەوانیەتیی دەوحە لە قەتەڕ بۆ گۆڕەپان و مەیدان لە نێو هۆڵە داخراوەکاندا، نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی باش تۆمار بکات و هیچ میدالیایەکی نەبردەوە، ئەمەش دووەم پاڵەوانیەتیی جیهان بوو، کە ئیسنبابیێڤا ئاستێکی خراپی تێدا نمایش بکات، دوای پاڵەوانیەتیی ساڵی ڕابردووی بەرلین، کە لە سێ هەوڵدا شکستی هێنا.

جێی ئاماژەشە لە ماوەی دوورکەوتنەوەی لە یاریگەکان بە هۆی پشوو وەرگرتنەوە، ئیسنبابیێڤا ڕۆڵی باڵیۆزی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئۆلمپیادی لاوان دەبینێت، کە مانگی ئابی ئەمساڵ وڵاتی سەنگافورە میوانداریی دەکات و خولێکی تازەیە و تێدا وەرزشوانانی تەمەن نێوان ١٤ تا ١٨ ساڵان بەشداریی تێدا دەکەن. ئەو خولە تازەیە بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی قەڵەوییە لە نێوان لاواندا.




Y

www.netewe.com




## کەمی ژمارەی ژنان لەنێو ڕاگەیاندنی وەرزشیی کوردستاندا، بۆچی؟

## کچەڕۆژنامەنووسێک:

# (کچان و ژنان خۆیـ

www.netewe.

هەولێر

لە کاتێکدا ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیا وەرزشییەکان لە کوردستان بەرەو زیادبوونە و ئاستی وەرزشیش لە کوردستاندا بەرەو پێشەوە دەچێت، کەچی هێشتا ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە بواری ڕۆژنامەنووسیی وەرزشیدا کار دەکەن، هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەستێکە.

ژنـان لە بوارەکانی دیکەی ڕۆژنامەنووسیدا (سیاسی، کۆمەڵایەتی و هونەر و هتد...) ئەسپی خـۆیـان تـاو داوە و بـە شێوەیەکی فراوان لە مەیدانەکەدا دەبینرێن، کەسانی زۆر بەتوانایان تێدایە، بەڵام لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی وەرزشیدا لە ئاستێکدا وەستاون و ژمارەیان زیاد ناکات.

ئایە هۆکاری ئەمە چییە، بۆچی ژنان گرنگی بە کارکردن لە ڕاگەیاندنی وەرزشیدا نادەن؟

نەجیبە کەریم، کە رۆژنامەنووسێکی بواری وەرزشییە و ساڵانێکە لەو بوارەدا کار دەکات، لە بارەی کەمیی ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشیی ژنانەوە بۆ وارڤین گوتی: ((بەشدارینەکردن یان دەرنەکەوتنی ژنان لەو بوارەدا بۆ دوو هۆ دەگەڕێنمەوە، یەکەم ڕەنگە لە ماڵەوە ڕێگە بە ژنان نەدرێت بۆ ئەو کارە و پشتگیریی ناکرێن، دووەمیشیان کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی عەشایرە و دەبێت ژن هەزار حیساب بۆ دەورووبەر بکات ئەگەر بیەوێت ڕوو لەو کارە بکات)).

تریفە ئازادیش کە کچەڕاگەیاندنکارێکی دیکەیە و کەمتری ساڵێکە دەستی بە کاری رۆژنامەنووسیی وەرزشـی کـردووە، لـەو بـارەیـەوە پێی وایە: «نەبوونی زانیاری پێویست لە بارەی یارییە وەرزشییەکان، هەروەها هاننەدانی بەڕێوەبەرانی دەزگە راگەیاندنە وەرزشییەکان بۆ کچان، لەو هۆکارەکانەن، کە تا ئێستا وایان کردووە ژنان و کچان نەهێنە پێش بۆ کاری مێدیای وەرزشی)).

لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، تاکە پەیامنێرێکی وەرزشیی ژن هەیە کە لە نێو یاریگەکاندا دەبینرێت و ڕووماڵی چالاکییە



# ـــان کەمتەرخەمن)

وەرزشـیـیـەکـان دەکـات، ئـەویـش «نەشمیل محەممەد))ە لە کوردستان تیڤی، ئەو لە بارەی هەمان پرسیارەوە وای بۆ دەچێت: ((هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە داخراوە و خانەوادە بە سەختی دەزانـێت کچەکانیان لە نێو یاریگە و هۆڵە وەرزشییەکاندا ببینن کـاری رۆژنامەنووسیی وەرزشی بکات.))

گوتیشی: ((بـەڵام ژنان دەبێت خۆیان هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنن، ئەگەر خۆیان نەبن، کەس هانی ئەو کارەیان نادات)).

ئـەوە بـۆچـوونـی «ژیـلا تـەیـفـور))یـشـە، کە کچەرۆژنامەنووسێکی شاری هەولێرە، ئەویش پێی وایە: ((کچان تا رادەیەکی زۆر، خۆیان کەمتەرخەمن بۆ هاتنە نێو بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری وەرزشی لە کوردستاندا، چونکە مەرج نییە هەموو کچێک لە ماڵەوە رێگریی ئەو کارەی لێ بکەن، بە پێچەوانەوە، هەیە لە ماڵەوە پشتگیریی باشی لێ دەکەن.))

نەشمیل محەممەدیش ئاشکرای دەکـات: «لە ماڵەوە پشتگیرییەکی گەورەم دەکەن، بەڕاستی ئەگەر باوکم نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو کارە سەختە بکەم، چونکە جاری وا هەیە سەعات ١١ی شەو لە کاری گەڕاومەتەوە.))

لە بەرانبەردا بێژەری هەواڵە وەرزشییەکانی کوردستان تیڤی ((شادان بەکر)) بیروڕایەکی دیکەی هەیە و دەڵێت: ((کەمیی ژمارەی ژنان لە نێو راگەیاندنی وەرزشیدا بۆ دەسەڵاتی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێتەوە، کە کاریگەریی گەورەی بەسەر ژیانی ئاسایی و رۆژانەی ژنان لەو وڵاتەدا هەبووە)).

ئاماژە بەوەش دەکات: ((ئەو رێگرییەی پیاو بۆ ژنان، وای کردووە کە هەرچی بەهرە و توانای



www.netewe.com

ژنان هەیە بزر بێت و نەهێڵدرێت تواناکانیان دەربکەوێت، بە تایبەتی بۆ بواری رۆژنامەگەری و میدیای وەرزشیدا)).

کارکردنی ژنان لە نێو یاریگە و شوێنە وەرزشییەکان وەکو رۆژنامەنووس و راگەیاندنکار تۆ بڵێی لە ئاست تێروانینی کۆمەڵگە و بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستان ئاسان بێت، ئایە دیاردەکە بە نامۆ سەیر ناکرێت؟

تریفە ئازاد لەو بارەیەوە وەڵامێکی هەیە: ((ژنان بە ئاسانی ناتوانن بچنە نێو یاریگە وەرزشییەکان بۆ راپۆرت و کاری رۆژنامەوانی، چونکە لە رووی دەروونییەوە ئاسوودە نین و ئەو ئازادییە باشەی بۆ هەڵسوکەوت نییە، کە پێویستی پێیەتی، رەنگە دووچاری چاوتێبرین و توانج ببێتەوە، هێشتا ئاستی زۆربەی خەڵکی لێرە، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە رێز لە کچە رۆژنامەنووسێک بگرن کاتێک دێتە یاریگەیەک، بۆیە بە هۆی نەبوونی ئازادییەکەی فرەوە، ژنان ناتوانن لەو بوارەدا بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کار بکەن)).

ژیلا تەیفور بە پێچەوانەوە پێی وایە: ((ژنان دەبێت بروایان بەخۆیان بێت و نابێت بیر لە قسەلۆک و توانج بکەنەوە، بە تایبەتی ئەگەر عەشقیان بۆ کارەکەی خۆیان هەبێت و بیانەوێت بەهرەی خۆیان دەربخەن)).

نەشمیل محەممەد لە لای خۆیەوە باسی ئەوە دەکات: ((بۆ کچان زەحمەتە کاتێک لە نێو پۆلە رۆژنامەنووسێکی پیاودا بە تەنیا لە یاریگەکاندا ئامادە بن و خەڵکیش بە چاوێکی دیکە سەیری دەکەن، بەڵام تۆ ئەگەر بتەوێت بە ئامانجی خۆت بگەیت و کارەکەت بە سەرکەوتوویی بکەیت، دەبێت بروات بە خۆت بێت و گوێ بە قسەی خەڵک نەدەیت.))

نەجیبە کەریمیش دەڵێت: ((تۆ دەبێت سەرەتا دەوروبەر رازیی بکەی، نەوەکو خۆت، چونکە کاتێک خۆت لە یاریگەیەکدا دەبینی و تەنیا تۆ کچی، کەسانی دیکە زۆر بە نامۆ سەیرت دەکەن، ئەوەش حاڵەتێکی دەروونیی ناخۆشت بۆ دروست دەکات.))

بەڵام ئەوەیش دەڵێت: ((ئەگەر بێتو تۆ کچێک بیت و بروا بە خۆت هەبوو و زۆر بوێرانە کارت کرد، رەنگە جارێک- دوو جار تووشی ئەو جۆرە گرفتانە بیت، بەڵام دواتر بە لای خەڵکەوە ئاسایی دەبێت کە کچان لەو بوارەدا ببینرێن)).

هەروەها ((شادان بەکر))، پێی وایە: ((ژنان بۆ ئەوەی ئەفراندن لە بواری رۆژنامەگەری و میدیای وەرزشیدا بکەن، دەبێت هەوڵی زۆر بۆ هاتنە پێش بدەن و بریار لەسەر کارەکە بدەن، دەبێت بەسەر بەربەستەکاندا باز بدەن، چونکە هێشتا زۆرمان ماوە بە سنووری ئامانجەکانمان بگەین، بەڵام بەم دواییەش پێشکەوتن لەو بوارەدا بەدی دەکرێت)).

**کچان لە ترسی ئەوەی نەوەکو لە نێو دەزگە راگەیاندنەکاندا دووچاری ئیستغلالکردن ببنەوە، کەمتر بۆ ئەو کارە دێنە پێشەوە، بە تایبەتی بۆ نێو ناوەندی وەرزشی**

ئێستا زۆربەی رۆژنامەکان ئەگەر پاشکۆیەکی وەرزشییان نەبێت، ئەوا لاپەرەیەک یان زیاتریان بۆ وەرزش تەرخان کردووە، بەڵام ئایە رۆژنامە و هۆکارەکانی دیکەی میدیا لە کوردستان، تا چەند پاڵپشت و هاوکاری ژنان بوونە بۆ کاری رۆژنامەگەری وەرزشی و هانی هاتنەپێشیان داون؟

بۆ ئەو پرسیارە، ژیلا تەیفور، کە ماوەیەکی باشە لەو بوارەدا کار دەکات، دەڵێت: ((دەزگەکان هانی کچانی رۆژنامەنووسیان داوە و پاڵپشتیی ئەوەیان لێ کردوون، کە لە بوارەکەدا کار بکەن و بواریان داون)).

بەڵام ((تریفە ئازاد)) رایەکی دیکەی هەیە: «دەزگە راگەیاندنەکان تا ئێستا بە شێوەیەکی باش و فراوان پاڵپشتیی لە هاتنە پێشی کچان بۆ نێو راگەیاندنی وەرزشی ناکەن)).

نەشمیل((یش پێی وایە تا ئێستا دەزگە راگەیاندنەکان بە شێوەیەکی باش هانی کچان نادەن بۆ کاری رۆژنامەگەری وەرزشی، تا ئێستاش لە هەندێک شوێن کچەرۆژنامەنووس بە چاوێکی نامۆ سەیر دەکرێت)).

ئەوەش دەڵێت کە کچان لە ترسی ئەوەی نەوەکو لە نێو دەزگە راگەیاندنەکاندا دووچاری ئیستغلالکردن ببنەوە، کەمتر بۆ ئەو کارە دێنە پێشەوە، بە تایبەتی بۆ نێو ناوەندی وەرزشیش)).

ئێستا رۆژنامەنووسانی وەرزشی لیژنەیەکیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئایە ئەو لیژنەیە کار بۆ هاتنە پێشی کچان بۆ نێو میدیای وەرزشی دەکات، زاگرۆس نانەکەلی کە ئەندامی ئەو لیژنەیەیە، بۆ ((وارڤین)) دەبێژیت: ((ئامانجمان ئەوەیە کە یارمەتی کچان بدەین بۆ هاتنە پێش بۆ ئەو کارە، دەمانەوێت خولێکی دووردرێژ بۆ کچان و ژنان بکەینەوە، بۆ ئەوەی فێری کاری رۆژنامەنووسی وەرزشی ببن، بەڵام ئایە لیژنەکەمان دەتوانێت ئەو کارە بکات، ئایە خەڵکی تایبەتمەند هەیە بتوانێت خولێکی لەو شێوەیە بەرێوەببات، ئەمانە هەمووی کێشە و گرفتن)).

زاگرۆس کە ساڵانێکە لەو بوارەدا کار دەکات، پێی وایە ژنی کورد بەهۆی چەوساندنەوەی بەردەوامەوە، حەزی کردووە تەنیا بژیت، نەوەکو بێتە نێو بواری راگەیاندن. ئەو هەروەها دەڵێت: ((تا ئێستا نەمزانیوە دەزگە راگەیاندنە وەرزشییەکان هانی کچانیان دابێت بۆ هاتنە پێش بۆ کاری رۆژنامەگەری وەرزشی، رەنگە هەوڵی تاکەکەسی هەبووبێت، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان نەبووە)).

### چیمان دەست کەوت

ئەوەی لەو بەدواداچوونەدا دەست دەکەوێت، ئەوەیە کچان و ژنانی کورد تا ئێستا بە شێوەیەکی فراوان حەزیان لە بواری رۆژنامەگەریی وەرزشی نییە، بە هۆی ئەو هۆکارانەی باس کران و چەندین هۆی دیکەش کە دەرفەتی باسکردنیان نەبوو، جگە لەوەش دەزگە راگەیاندنە وەرزشییەکان و کێشە و تێروانینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیش بەربەستێکی دیکەی بەردەم هاتنەپێشی ژنانە بۆ ئەو بوارە.



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewe.com




باکوری کوردستان ٢٠٠٦ پزیشکێک چارەسەری منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی پەتا دەکات

فۆتۆ: ئادەم سۆنمە

# سوودەکانی مۆز



توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە خواردنی دوو مۆز لەرۆژێکدا سوودێکی زۆر بەمرۆڤ دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی پاراستنی کەسەکە لەچەندین نەخۆشیدا.

-خواردنی مۆز، وزەو توانایەکی زۆر بەلەش دەبەخشێت کە دەتوانێت ٩٠ خولەک وەرزش بکات.

-تواناو تەندروستییەکی باش بەمرۆڤ دەبەخشێت.

- یارمەتی لەش بۆ زاڵبوون بەسەر ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی دەدات.

-بەهۆی ئاسان هەرسبوون و رێژەیەکی زۆر کالسیۆم و فۆسفۆر تێیدا، ئێسک، ددان و نینۆک، بەهێز دەکات.

-خواردنی مۆز لەماوەی سووڕی مانگانەدا ڕێژەی کلوکۆز لەخوێندا ڕێکدەخات و باری دەروونی مرۆڤیش ڕێکدەخات، چونکە ڤیتامین B٦ تێدایەو ئازاری سووڕی مانگانە کەم دەکاتەوە.

-ڕێژەیەکی زۆر ئاسنی تێدایە. یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و دروستکردنی هیمۆگلۆبین لەخوێنداو هەروەها بۆ تووشنەبوونی کەسەکە بەنەخۆشی کەمخوێنی، یاریدەدەرێکی باشە.

-پێکهاتەی مۆز، بڕێکی باش فۆسفۆری تێدایەو بەو هۆیەوە توانای بیرکردنەوەی مێشکی مرۆڤ زیاد دەکات، بۆیە زۆر گرنگە منداڵ، مۆز بخوات.

-خواردنی شەربەتی شیرمۆز بۆ برینی گەدە (قورحە مەعیدە)و هەوکردنی ریخۆڵە زۆر باشە.

-خواردنی مۆز، بەشێوەیەکی رۆژانە دەبێتە هۆی چالاککردنی گورچیلەو بۆ نەخۆشی پووک و ناودەم، چارەسەرێکی باشە.

-خواردنی مۆز، وادەکات مرۆڤ بەرگری بۆ تووشنەبوون بەرۆماتیزم و هەوکردنی مێشک، پەیدابکات.

- هەموو رۆژێک خواردنی مۆز، بەبەردەوامی کێشی لەش کەمدەکاتەوەو هەروەها بەرێژەی ٤٠٪، تووشبوون بەنۆرەی دڵ کەمدەکاتەوە.

- بە بەراوردکردنی مۆز لەگەڵ سێو، چوار ئەوەندەی سێو، ڤیتامین، ئاسن و پرۆتینی تێدایە، بۆیە دەتوانرێت وەک ژەمی بەیانی بخورێت و وەک ژەمە نانێکی تەواو سوودی دەبێت.

www.netewe.com



**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

# پزیشکی وارڤین

پ. تەمەنم بیست و دوو ساڵەو کێشی لەشم حەفتاو پێنج کیلۆیە. ماوەی پێنج ساڵە شووم کردووە. باڵام ١٧٠ سانتیمەو هاوسەرەکەشم تەمەنی ٢٩ ساڵە. منداڵێکم هەیە تەمەنی ٣ ساڵە، ئێستاش حەزم لەمنداڵێکی ترە، بەڵام پێشتر بەزەحمەت و لەژێر چاودێری پزیشکەوە بەوەرگرتنی چارەسەر منداڵم بووە، ئێستا چی بکەم باشە؟

و. پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د. ئاریان شێخ خاڵس: ئەو حاڵەتەی تۆ زۆرجار لەزۆر ئافرەتدا روودەدات، بۆیە پێویستیت بەپشکنین هەیە، تا بزانرێت ئەگەر تووشی هەوکردن و گیرو گرفت بوویت، ئەوا پێویستیت بەچارەسەرە. یان ئەگەر تۆ لەو ئافرەتانەی کە خۆیان لە بنەڕەتەوە بە زەحمەت سک دەکەن و هێلکەدانت تەمبەڵە، ئەویش هەر دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت. لەوانەشە ئێستا بۆری هێلکەدانت گیرابێت. ئەگەر هاتوو بۆرییەکانت گیرابوو، ئەوا دەبێ چارەسەرت بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر هەر چارەسەرت نەبوو، ئەوا دەبێ پیتاندن لەدەرەوەی منداڵدانت بۆ بکرێت.

پ. من کچێکم تەمەنم ٢٧ ساڵەو لەدوانزەی هەموو مانگێکدا سووڕی مانگانەم بەرێکی و بێدواکەوتن دێت، بەڵام ئەمجارەیان دوانزە رۆژ دوای وادەی خۆم، خوێنم بینییەوە کە پچڕ پچڕ و بێ ژان بوو. بەردەوام هەوکردنم هەیەو رەنگی سپی مەیلەو زەردە. هەندێجار رەنگی دەبێتە پەمەیی یان قاوەیی، کەچی ئەمجارە هەر خوین بوو بەپچڕ پچڕی، من ژان و خورانم نییە؟

و. پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د.نازەنین فایق فەرەج: ئەوەی تۆ هەوکردنی هۆرمۆنەکانەو چەندین هۆکاری هەیە. پێویستە پزیشکی تایبەتی ئافرەتان ببینیت. لەوانەیە گرێی منداڵدان، یان نەخۆشییەکی درێژخایەنت هەبێت. لەوانەشە بەهۆی هەندێک جۆری تایبەتی هەوکردنەوە بووبێت و هەوکردنەکەت تەشەنەی کردووەو بەوهۆیەوە لەرەنگی سپی و مەیلەو زەردەوە بووەتە خوێندانان و تەشەنەی کردووە، ئەوەش حاڵەتێکی ئاساییە. نارێکی باری دەروونی، هۆکارێکی ترە، بەڵام پێویستە بۆ چارەسەر سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەیت.

پ. دانانی لاپتۆپ لەسەر مێز یان لەسەر ران، کە گلۆپی لەیزەرەکەی بەر سکت بکەوێت، زیانی لەسەر منداڵدان هەیە؟

و. د. نازەنین فایق فەرەج: نا. بەهیچ شێوەیەک زیانی بۆ ئافرەت نییەو هیچ مەترسییەکی ئەوتۆی نییە کە ببێتە هۆی نەزۆکی، یان شێرپەنجەی منداڵدان و دروستبوونی ئازار و گرفت.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**


تەلەفۆن: 0662647813

ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM


www.netewe.com



# ئازاره سێکسییەکانی ژن VAJINISMUS

هەولێر



شیلان یاسین

**زۆرجار سێکسکردن، دەبێتە مایەی ئازار، ئەگەر ژنەکە نەگەیشتە ئۆرگازم و هەستنەکردن بەچێژی سێکسی، ئەوا لەو حاڵەتەدا هۆکارەکە لەهەر کامیان بێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت و کردارەکە بەرێکی بەڕێوەناچێت. ئازاری زیاتر لای ئافرەت دروست دەبێت، چونکە لەو قۆناغەدایە کە هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی ئەراوزەڵ، واتا حەزەکە هەیە، بەBم نەگەیشتووەتە قۆناغی ئامادەیی و تەڕبوون و جەستەی ئامادە نەبووە.**

## ئازاری سێکسی چییە؟

ئازاری سێکسی، بریتییە لەبوونی ئازاری بەردەوام بەهۆی گرژبوونی ماسوولکەکانەوەو ١٤٪ـی ئافرەتانیش لەکاتی سێکسکردندا، ئەو گرفتەیان هەیە. بـەڵام ئەو ڕێژەیە لای پیاوان، لە ٢٪ کەمترە.

## هۆکارەکان

پسپۆڕان، جەخت لـەوەدەکـەنـەوە کە ئازاری سێکسی لای ئافرەتان زیاترە تا پیاوان. هۆکاری ئەوەش بۆ بوونی ترس لەسێکسکردن و نەمانی پـەردەی کچێنی و بوونی گرێ دەروونییەکان، یـاخـود نەمانی ئـــارەزووی سێکس و لاوازی بڕوابەخۆبوون و کیشەی سۆزداری، دەگەڕێننەوە. هاوکات نەبوونی هۆشیاری سێکسی، بۆ ڕوودانی ئەو حاڵەتە بەهۆکارێکی گرنگتر دەستنیشان دەکەن. د.ئومێد قادر تەها، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، دەڵێ ((جاری وا هەیە ئافرەتەکە حەزی لەسێکسکردن نییە، یان نەگەیشتووەتە قۆناغی لوتکە، بەڵام پیاوەکە گەیشتۆتە ئۆرگازم و هەست بەپشوودان دەکات و تەواویش بووە». ئەمەش بەحاڵەتێکی ئازاری سێکسی، دادەنێت. ئەو پسپۆڕە ئاماژە بـەوە دەکـات کە زۆرجار سێکسکردن، دەبێتە مایەی ئازار، ئەگەر ژنەکە نەگەیشتە ئۆرگازم و هەستنەکردن بەچێژی سێکسی، ئەوا لەو حاڵەتەدا هۆکارەکە لەهەر کامیان بێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت و کردارەکە بەڕێکی بەڕێوەناچێت. ئـازاری زیاتر لای ئافرەت دروستدەبێت، چونکە لەوقۆناغەدا دەمێنێتەوە کە هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی ئەراوزەڵ، واتا حەزەکە هەیە، بەڵام نەگەیشتووەتە قۆناغی ئامادەیی و تەڕبوون و جەستەی ئامادە نەبووە. لەو حاڵەتەدا پیاوەکە پەلە دەکات و ژنەکە تووشی ئازاردەبێت. قۆناغی گەیشتنە ئۆرگازم لەلای ژن و پیاو جیاوازە، بۆ نموونە حاڵەتی فیسیۆلۆژی لوتکەی خۆشی لەپرۆسەی سێکسیدا ((ئۆرگازم))بۆ ژن بە شێوازێکی هێواشە، ئافرەتەکە وردە وردە دەگاتە لوتکەی هەرەمی چێژ وەرگرتن. بەڵام هەرچی ئاراستەکەیە



www.netewe.com



لەلایەن پیاوەوە یەکسەر بەرەو سەرەوە دەچێت و دواتر یەکسەر نزم و خاو دەبێتەوە. بۆیە هۆشیاری سێکسی، بۆ هەموو کەس گرنگەو پێویستە ئەو کردەیە بەشێوەیەکی نادروست نەکرێت و تێگەشتن لەویست و ئارەزووی بەرامبەر هەبێت. ئەوەش بەشێک لەرۆشنبیرییەو رێزگرتنە لەکەسی بەرامبەر و خۆشی بەخشینە بە یەکتر. توێژینەوەکانیش ئەوەیان دوپاتکردووەتەوە، کە هەمیشە کێشە سێکسییەکان و کێشەی حەزی سێکسی لەلای ژن، دوو بەرامبەری پیاوە. بۆیە پێویستە پیاو، بەرلەئەنجامدانی کرداری سێکسی، هەوڵبدات نارەحەتی و نائارامی ئافرەت، بڕەوێنێتەوەو ئامادەباشی تەواو بۆ کاری سێکسی بکات. پسپۆڕان، هۆکارێکی تری دروستبوونی ئازاری سێکسی، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە زۆرجار بەهۆی گرفتی نێوان ژن و پیاو ئافرەتەکە ناگاتە قۆناغی ئامادەیی و تەڕنابێت، بەو هۆیەشەوە خاوبوونەوەی ماسولکەکان زووتر روودەدات. ئەوەش گەرمی کەم دەکاتەوەو بەهۆی وشکی زێ، لێکخشاندنەکەش دەبێتە هۆی برینداربوون، یاخود ترسان لەدروستبوونی منداڵ. زۆرجاریش گرفت لەپێکهاتەی ئەندامی نێرینەی پیاودا هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ژانی زێی ژن. پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون، د. کامیلیا، روونیدەکاتەوە کە هەر کردارێکی سێکسی دەستبازی و وروژاندنی لەسەرەتاوە بۆ نەکرابێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازار لای ئافرەت. هەوکردنی ئەندامی مێینەی ژن یاخود هەبوونی زام، بەهۆکارە سەرەکییەکانی ئازاری سێکسی، دەستنیشان دەکات و هاوکات هەندێ هۆکاری تر دەخاتەڕوو:

- تووشبوونی ئەندامی مێینە بەهەوکردنی میکرۆب یان کەڕوویی.
- بوونی هەستدارییەک لەئەنجامی بەکارهێنانی جۆرێکی دیاریکراو، لەدژەسکپڕی وەک، لەناوبەری تۆو Spermicide.
- بوونی نەخۆشیی پێست کە تووشی زێ، بووبێت. وەک، تووشبون بە هێرپس.
- سارێژنەبوونی برینی زێ، پاش منداڵبوون.
- وشکهەڵاتنی زێ، بەهۆی بەکارهێنانی حەبی دژەسکپڕی کە رێژەیەکی زۆر پرۆجسترینیان تێدایە. منداڵبوون، سێکسکردنی زۆر. هەروەها بەکارهێنانی ماددەی پاکژکەرەوە، لە قووڵایی زێدا کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پێکهاتەی شلەی زێ، لەتەمەنی نائومێدیدا کە بەهۆی وەستانی چالاکییەکانی هێلکەدانەوە، روودەدات.
- زۆرجار ژن، بەهۆی چەند هۆکارێکی ترەوە، رقیان لەکرداری سێکسییە. هەروەها نەبوونی خۆشەویستی بۆ یەکتر و یەکتر قەبووڵنەکردنیش، کاریگەرە. بەڕای د. کامیلیا، کۆنیشانەی تەسکبوونەوەی زێی ژن، تووشی ئەو حاڵەتە دێ کە تێیدا ماسولکەکانی زێ بەڕادەیەکی زۆر کرژ دەبن و رێگە لەچوونە ژوورەوەی چووک دەگرن، لەئەنجامی پەستاوتنی پیاوەکە بۆ ناوەوە ئازارێکی زۆر بۆ ژن، دروستدەبێت. هاوکات برینداربوونی دیواری منداڵدان و بوونی زیادە گۆشت، وەرەمی حەمیدە، هەوکردن و فتریات، هۆکاریتری ئازارن بۆ ژن.

## ((بەهۆی هەوکردنەوە ئازارم هەیە))

شاناز کەریم، ٢٠ساڵ، ژنی ماڵەوەیەو ماوەی پانزە ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دوو منداڵی هەیە، بەڵام وەک دەڵێ ((هاوسەرەکەم بەردەوام گلەیی هەیەو دەڵێت، وەک پێویست بەهۆی تووە ناگەمە چێژ)). شاناز، لەگەڵ ئەوەی لە رەفتاری هاوسەرەکەی رازییە، ئاماژە بەوە دەکات کە خۆشەویستی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەکاتی سێکسکردندا، هەست بەئازار دەکات ((چەندینجار سەردانی پزیشکم کردووە، دەڵێ، هیچ کێشەیەکی جەستەییت نییە، لەوانەیە هۆکارەکەی کەلتوور و سەرکۆنەی کۆمەڵگەو تێڕوانینان بۆ ئەو پرۆسەیە بێت کە وا لەژن دەکات، لەوحاڵەتەدا هەست بەئارامی نەکات)). سەمیرە حەسەن، ٣٤ساڵ، مامۆستای قوتابخانەیەکی بنەڕەتییە لە هەولێر و دوومنداڵی هەیە. ئەو ئاماژە بەگرفتێک دەکات کە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیدا تووشی هاتووە ((ئازارێکی زۆرم هەیە. هەندێجار خوێنیش دەبینم. دکتۆر، پێیگوتم کە نابێ تاماوەیەک سێکس بکەیت و ئێستاش دەرمانم وەرگرتووە)).

## چارەسەر

زۆربەی پسپۆڕان، هۆکارەکانی ئازاری سێکسی بەگرفتی دەروونی، دیاری دەکەن. رێنمایی کەسانی تووشبوو بەم حاڵەتە دەکەن کە لەکاتی تووشبووندا، سەردانی پسپۆڕی دەروونی بکەن. د. ئومێد قادر تەها، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێ، پێویستە لەو حاڵەتانەدا، ژن و پیاو، هەریەک لەدانیشتنی جیادا، راوێژی دکتۆری دەروونی وەربگرن. دواتر لەدانیشتنێکدا هەردوولا ئامادەبن.

ماستەر و جۆنسن، دووپسپۆڕی بواری دەروونی، بەریتانین، چوار قۆناغیان، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی، دەستنیشان کردووە: یەکەم، پەیوەندی (کۆمۆنیکەیشن). دووەم، پێدانی زانیاری لەرووی فیسیۆلۆژییەوە (ئینفۆرمەیشن). سێیەم، بریتییە لەگەمە سێکسییەکان و وروژاندنی یەکتر. چوارەم، بوونی ئامادەیی لەلایەن هەردوکیانەوە.

یەکەم، بوونی حەز، دووەم، ئەراوزەل، واتا جەستە ئامادەبێت و هەڵچوونی سێکسی هەبێت. ئەم حاڵەتە لەپیاو دا، پێکهاتە ماسولکەییەکانی ئەندامی نێرینە رەق و گەورە دەبێت و لەژنیشدا ئەندامی مێینە، ئۆرگانی سێکسیش تەڕدەبێت. سێیەم، ئۆرگازم، ئەو حاڵەتەیە کە شەهوەتی پیاو، دێتە دەرەوەو ژنیش دەگاتە هەرەمی خۆشی و چێژوەرگرتن.

چوارەم، بریتییە لەخاوبوونەوە. لەم حاڵەتەدا هەست بەپشوودان دەکرێت. ژن و پیاو، توانای زۆریان نامێنێت. ئەوەش حاڵەتی فیسیۆلۆژییەو هەستکردنە بەچێژی سێکسی کە بەم چوار قۆناغەدا دەڕوات.

پێویستە دروستکردنی منداڵ، بە ئارەزووی هەردوولابێت. هەروەها پێویستە ژن و پیاو، کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن و لەتوندوتیژی و ئازاردانی یەکتر دووربکەونەوە.



# نەخۆشییەکانی ددان لەسەر ژن

پاککردنەوەی ددانەکان، کردارێکی پێویستی ڕۆژانەیەو پسپۆڕانیش هەمیشە ڕێنمایی گرنگ بۆ پارێزگاریکردن لەدەم و ددان پێشکەشی هاووڵاتییان دەکەن و ڕایدەگەیەنن کە پێویستە هەر مرۆڤێک ڕۆژانە دووجار کە ماوەکەی زیاتر لەدوو خولەک بێ، دەم و ددانی بشوات.
پسپۆڕی بواری نەشتەرگەری دەم و ددان، د. ڕزگار محەممەد ئەمین، جەخت لەسەر پاککردنەوەی دەم و ددانەکان بۆ مرۆڤ و بەتایبەتی ژنی دووگیان دەکاتەوەو ئەوەدەخاتەڕوو کە پێویستە ژنی دووگیان، بایەخی تەواو بەپاککردنەوەی ددانەکانی بدات کە بەجۆرێک بێ پاشماوەی خۆراک لەبەینی ددانەکانی نەهێڵێت.

هەولێر

## کاریگەری دووگیانی لەسەر دەم و ددان

لەکاتی دووگیانیدا، گۆڕانێکی گەورە بەسەر هەموو ئەندامانی جەستەی مرۆڤدا، دێت. گۆڕانی ئاست و ڕێژەی هۆرمۆنەکان لە لەشی ژندا دەبێتە هۆی گۆڕان لەباری فیسیۆلۆجی. یەکێک لەو شوێنە هەستیارانەی لەشی ژن کە زۆر کاری تێدەکرێت، پووکەکانیەتی. زۆرجار دووگیانی دەبێتە هۆی هەوکردنی پووکەکان و ئاوسان و کۆبوونەوەی زۆری خوێن لەناو پووکدا. جاری واش هەیە ئاوسانی پووکەکان، شێوەیەکی دەرەکی ترسناک وەردەگرێت. ئەمەش وادەکات ڕۆژانە ددان، زیاتر پێویستی بەپاککردنەوە بێت. جگە لەددانەکان، پووکەکانیش پێویستییان بەپاککردنەوەیە، بۆ مەساجکردنی پووک و دەرچوونی ئەو خوێنە زیادەیەی کە لەپووکدا کۆبووەتەوە.
زۆرجار ژنی دووگیان بەهۆی کەمتەرخەمی و گرنگینەدان بەجەستەی، بەشێکی لەشی تووشی نەخۆشی و هەوکردن دەبێت.

## ددان کێشان

بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکییەوە، لەئێستادا تەنیا ئەو ددانانە دەکێشرێت کە هیچ هیوایەک بۆ چارەسەرکردنیان نەماوە. واتا پڕناکرێنەوەو چارەسەرکردنیان مەحاڵەو ناتوانرێت بەهۆی پڕکردنەوەی ڕەگی ددان، یان چارەسەری تری پێشکەوتووی پزیشکی ددانی سەردەم چارەسەربکرێت.
پسپۆڕان، ئامۆژگاریمان دەکەن کە نەهێڵین ددانەکانمان، ئەوەندە کلۆر و بێسوود بێ کە بگاتە کێشان. بەڵام لەئافرەتی دووگیاندا، هەر کاتێک گەیشتە ئەو ڕادەیە، ئەوا لە سێ مانگی دووەمی سکپڕیدا، واتا لەدوای سێ مانگی تا شەش مانگ، سەلامەتترین کاتە بۆ کێشانی ددان. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ژنەکە نەترسێت، چونکە ترس دەبێتە هۆی دەردانی ماددەی ئەدرینالین کە دەبێتە هۆی کرژبوونی ماسوولکەکانی لەش. لەوانەشە ماسوولکەکانی منداڵدانیش بگرێتەوەو ببێتە هۆکاری لەبارچوونی منداڵ.

ئاوات عەبدوڵڵا (٢١) دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانە لەهەولێر. مامۆستای سەرەتاییەو دەڵێ، کاتی خۆی سکی نۆبەرەی لەبارچووە ((دوای دوو ساڵێتر سکم هەبوو، تەمەنی کۆرپەکەی سکم دوو مانگ بوو، کاتێ بەهۆی کلۆرییەوە

www.netewe.com



# NEXOŞYEKANÎ DIDAN

# وکـــــاریگەریی
# ـــی سکپڕ

ددانم ئازاری هەبوو چومە لای دکتۆر، تا ددانم دەربێنێ، نەمن گووتم سکم هەیەو نەئەویش پرسی؟ دووای ٣ رۆژ لەددان دەرهێنانم سکەکەم لەبارچوو کە پرسیم گوتیان ترساویت و بەوهۆیەوە سکەکەت لەبارچووە)). د. رزگار، پسپۆڕی بواری ددان، ئـەو بیرۆکە بـاوەی کە ژنانی سکپڕ، وادەزانن، بەهەر سکێک، ددانێک دەفەوتێت، چەوتە. بـەڵام ئاماژەبەوە دەکات کە خۆپاراستنی ژنانی دووگیان، لەکێشانی ددانەکانیان پێویستەو نابێ ئەو ژنانەی کە ((نۆبەرە)) سکی یەکەمیانە، یاخود ئەو ژنانەی لەبارچوونی دووبارەیان هەیە، ددانەکانیان بکێشن.

## بۆنی ناخۆشی دەم و هۆکارەکانی

بۆنی ناخۆشی دەم، یەکێک لە بۆنە جاڕسکەرەکانە کە زۆرجار دەبێتە هۆی گرفت. هۆکارەکەشی کلۆربوونی ددانەکان، هەوکردنی پووک، هەوکردنی گیرفانەکانی لـوت ((لـەوزەتـێـن)) نەخۆشییەکانی گەدە، فلّچە لەدەم نەدانە. هەندێکجار خواردنی وەک سیر و پیاز، یان بەهۆی جگەرەکێشانەوە، یانیش چەندەها هۆکاریتر ئەو حالّەتە روودەدات.

## پارێزکاری کردن

پـارێـزگـاریـکـردن لـە دەم و ددان، بەپاکڕاگرتنیان، بەهۆی بەکارهێنانی فلّچەو مەعجوون کە دەبێ رۆژانە بەلایەنی کەمەوە، دووجار بشۆردرێت و هەرجارەش لەدوو خولەک زیاتر بێ. واتا زۆر بایەخی پێبدەین و بەجوانی بیشۆین. ئەویش بەشووشتنی هەموو رووەکانی ددان و شووشتنی پووک و رووی ناوەوەی ددان و بەکارهێنانی داوی نێو کەلێنەکانی ددان.

هەروەها پێویستە هەر شەش مانگ جارێک لەلای پزیشکی ددان، ددانەکانمان بشۆین بەهۆی ئامێری تایبەتەوە ئەو کلسانەی رووی ددانی داپۆشیوە لێ بکرێتەوە کە ئەوەش لەلای پزیشک ئەنجامدەدرێت. پۆلّیش کردنەوەی ددانەکان، پێویستە بـۆ ئــەوەی بەئاسانی کلسی لەسەر نەنیشێتەوە، چونکە بوونی ئەو کلسانە کاردانەوەی خراپی بۆ پووک دەبێت و بەوهۆیەوە خوێنی زۆر و بۆنی ناخۆش بلّاودەبێتەوەو دەبێتە هۆی هەوکردن.

پرکردنەوەی ددان

پڕکردنەوەی ددان، لەکێشانی باشترە، ئەگەر ددانەکە چانسی ئەوەی مابوو کە بەپڕکردنەوە چارەسەر بکرێت. بۆ ژنانی سکپڕ، پێویستە لەدوومانگی یەکەمی ئەگەر کێشەی لـەددان هەبوو لەلایەن پزیشکەوە چارەسەری بکات.

# بینجی یەمەك



## ئامادەکردن

سەرەتا باینجانەکە پاکدەکرێت، پاشان لەگەڵ قیمەکەدا بۆ ماوەی دە خولەک لە رۆندا، سوور دەکرێتەوە. بە هەمان شێوە گۆشت و رانی مریشکەکە بۆ ماوەی دە خولەک دەخرێتە ناو فڕنەوە، دوای ئەوە تـەواوی شتەکان دەخرێتە ناوەڕاستی قاپێکی گەورە لەگەڵ یەک کەوگیر برنج، ئینجا لە دەوروبـــەری قاپەکە بیبەر و تەماتە دادەنرێت، بەم شێوەیە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.

ئامادەکردنی:

ریستۆرانتی سوڵتان

وەستا دیار شەهاب

## بینجی یەمەك
## (خواردنێکی تورکییە)



## پێداویستییەکان

٢٥٠ گم گۆشتی بەرخ

یەک رانی مریشک

قیمە

برنج

باینجان+بیبەر+تەماتە




www.netewe.com

Deşne

دەشنێ

# دەشنێ لەگەڵ کوڕانــــ



هونەرمەند دەشنێ موراد، لەهەڤپەیڤیێکی وارڤیندا باس لەپەخشکردنی کلیپە تازەکەی لەکەناڵی ڕۆتانا، چۆنیەتی گرێبەست و پەیوەندیکردنی بەو کەناڵەوە دەکات. هاوکات پەیامێکی کورت ئاراستەی ئەو کەسانە دەکات کە دەڵێ((بوختان)) یان پێکردووەو لەسەر ئەوەش پێداگری دەکات کە((ویستوویانە لەناوم ببەن)).

# Deşnê

## Bo warvin

www.netewe.com

# ـــی عەرەب گۆرانی دەڵێت

هونەرمەند دەشنی موراد، وەک یەکەم گۆرانیبێژی ژن بە ستایلی پۆپ، توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت و ببێتە جێی سەرنجی میدیا کوردستانی و بیانییەکان، ئێستا ئەو هونەرمەندە کلیپێکی نوێی بەناوی ((شیکە واوا))لەکەناڵی ڕۆتانا بڵاوکراوەتەوەو بەمەش بووەتە یەکەم هونەرمەندی کورد کە لەکەناڵێکی دیاری عەرەبی وەک کەناڵی ڕۆتانا، بایەخ بەکارە هونەرییەکانی بدرێت. سەرەتای کارەکانی دەشنێ، بە بەرنامەی بێکۆنتڕۆڵ لە کوردستانتیڤی دەستی پێکرد و دواتر وازی لەو بەرنامەیە هێناو لەکەناڵی کۆرەکتیڤی بەرنامەی دەشنێ شۆی، پێشکەش کرد. دوای ئەو هەنگاوە هەڵکەوت زاهیر، ڕاهێنانی هونەری لەبواری میوزک و گۆرانیگووتن پێکرد، وەک خۆی دەڵێت: ((٨٠٪ـی کارە هونەرییەکانم، لە هەڵکەوت زاهیر فێر بووم)).

هونەرمەند دەشنێ، دەڵێ کە لەکارەکانیدا سەرکەوتووەو سەرکەوتنەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشکەوتن لەکارەکانیدا دەبینرێت ((خۆم زۆر ماندوو دەکەم و هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، بایەخم پێدەدات و گوێ لەرەخنە دروستەکانی دەگرم. هەوڵی زۆریش بۆ ڕازیکردنی دڵی گوێگرەکانم دەدەم)). ئەو کچە هونەرمەندەی پۆپبێژ، حەز بەکاری هاوبەش لەگەڵ گروپێکی گۆرانیبێژانی بیانی دەکات ئەگەر داوای کارکردنی هونەری لێ بکەن، بۆیە نایشارێتەوە ((گروپێک لە کوڕانی عەرەب، داوایان لێکردووم و بۆ ساڵی داهاتوو خۆم بۆ ئەو پڕۆژەیە ئامادەدەکەم)). دەشنێ شۆ، بەرنامەیەکی ساڵی ڕابردووی کەناڵی کۆڕەکتیڤی بوو، ئێستا دەشنێ، بەنیازە جارێکیتر ئەو بەرنامەیە پێشکەش بکاتەوە، بەڵام ناوی ئەو کەناڵەی نەدرکاند کە بەرنامەکەی تێدا پەخش دەکات. ((مانگێکە خەریکی نووسینەوەی بەرنامەیەکم بەناوی دەشنێ شۆ. هەروەها سەرقاڵی کلیپکردنی چەند گۆرانییەکی ئەلبوومی»شیکە واوا))م. دەشنێ، ماوەیەک بوو لەهەندێ کەناڵی کوردی کلیپەکانی پەخش نەدەکرا، بەڵام ئێستا ئەو لەکەناڵی ڕۆتانا، کلیپێکی پەخش دەکرێت))دەمەوێت بەو کەسە بڵێم کە ویستی من لەناو ببات و لاساییم بکاتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوو. من ئەگەر بمەوێت شەڕ بفرۆشم ئەوا بەکاری جوانەوە دەیکەم. نەک لەپشتەوە وەک مار بەخەڵکەوە بدەم)).

دەشنێ، وەک باسیدەکات خۆشەویسترین کاری ئەلبوومی هێلا هۆپ بووەو هاوکات زۆزانی برا بچووکیشی یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆری خۆشدەوێت. هەروەها ئاماژەبەوەدەدات کە لەکاتی تەنیاییشدا دانس دەکات و هەندێ کاتی تریش بە گۆرانی و نووسین وبیرۆکەدانان بۆ بەرنامەدانانی هونەری، بەسەردەبات. دەشنێ لەمنداڵیدا وەک هەر منداڵێکی ئاسایی، حەزی بە خەت خەتێن کردووەو زۆر هێمن بووە، لەلایەنماڵیشەوە زۆر بایەخی پێدراوە ((پێیاندەگووتم، جوانی، زۆر یاریم بەبووک دەکردو لەکۆڵان لەگەڵ هاوڕێکانمدا باجی باجێنەمان دەکرد)). دەشنێ، لەبارەی ئەو رەخنانەی کە لێی دەگیردرێت یان ستایلی ئەویان بەدڵ نییە، ئاماژە بەوە دەکات کە چەندجارێک لەلایەن هەندێ لەکەسان قسەی ناڕاستی بۆ هەڵبەستراوەو بوختانی زۆری پێکراوە، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا بەکلیپ، وەڵامی ئەو قسانە دەداتەوە. لەپەیامێکی کورتدا دەڵێت ((جیاوازی لە گۆرانیگوتندا، یەکێکە لەسنوورە جیاوازەکان و لەجیهاندا هەموو ستایلێک دەکرێت و ڕۆژانە بەدوای تازەگەریدا دەگەڕێن. ئەوە پێیدەگوترێت، هونەر. ئەو کەسەی کە شارەزای لایەنی هونەری نییە، قسە نەکات باشترە)). لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی ناوخۆیی و بیانی، باس لەوەدەکات کە لەگەڵ هونەرمەندانی بیانیدا نێوانی زۆر نییە. لەهۆڵەندا ڕاپەرێک دەناسێت و لە کوردستانیش پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەند لۆکە، زۆر باشە.

دەشنێ، کوردستانی لەهۆڵەندا (ئەو وڵاتەی کە لە٨ ساڵییەوە لێی ژیاوە)، پێی خۆشترە ((بەهەموو شێوەیەک کوردستانم پێ جوانە، چونکە وڵاتی خۆمەو گۆرانییەکیشم بۆ جوانی کوردستان، گوتووە)). هۆکاری نەگەڕانەوەی بۆ هۆڵەندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو لەکوردستان ژیانی خۆی دروستکردووە. ئەو هونەرمەندە پێداگری لەوە دەکات کە لەهەموو کارێکدا زۆر باوەڕی بەخۆیەتی، ئەوەش وایکردووە کە سنووری هەندێ دابوونەریتی کۆمەڵگە بشکێنێت. هەروەها باس لەوە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکیدا زۆر باشەو لێ تێدەگەن ((لەهەموو کۆمەڵگایەک گۆڕانکاری یەکەم، زۆر سەخت وەردەگیرێت، بەڵام من زۆر شانازی بەخۆم، دایکم و باوکم دەکەم، کە پشتگیری لەستایلە تازەگەرییەکەم دەکەن)).

دەشنێ، باس لە کلیپە تازەکەی بەناوی ((شیکە واوا)) دەکات کە لە ١٥ تراک پێکهاتووەو سەرجەم ئاوازی گۆرانییەکان لەلایەن هەڵکەوت زاهیر دانراوەو هێمن حوسێنیش کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە. کاری دەنگ، کاوە شێخ کردوویەتی و کاری میوزیکەکەشی لەتورکیا کراوە. تێکستەکانیش لەلایەن هەریەک لە دەرباز یونس، هەڵکەوت زاهیر، حەمەسەعید ئیبراهیم، ئەدیب چەلکی و مامۆستا سەید نووسراون. فۆتۆکانیش لەهۆڵەندا گیراون و دیزاینەکەشی شڤان تاهیر، کردوویەتی. لەبارەی چۆنیەتی گرێبەست و بڵاوکردنەوەی کلیپەکەی لە کەناڵی ڕۆتانا، دەشنێ دەڵێ کە هێلا هۆپ، تەواو بوو، لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت، لەنووسینگەی فادی حەداد لەبەیروت، سەیرمان دەکرد و ئەوکات پڕۆدۆکارێکی ڕۆتانا لەوێ بوو، بەکلیپکە زۆر سەرسامبوو. گۆرانی و دانس و کاراکتەری منی بەلاوە جوان بوو. لەوێوە هەڵکەوت زاهیر، پەیوەندی لەگەڵ دروست کرد و ئەوان گوتیان هەرکاتێک گۆرانییەک بەعەرەبی کاری لەسەر بکەیت و پڕۆڤەی کلیپی بۆ بکەیت، ئەوا بۆتی بڵاو دەکەینەوە. دوای ساڵێک گۆرانییە عەرەبییەکەم تۆمار کرد. دواتر هەڵکەوت زاهیر، پەیوەندی بە ڕۆتاناوە کردو هەموو شتەکانیان بڕاندەوەو گوتیان، ئێمە هەموو کارەکانی دەشنێ، بڵاو دەکەینەوە. کە من زۆر پێی دڵخۆشم و سوپاسی هەڵکەوت زاهیر، دەکەم کە هەموو خەونەکانی هێنامەدی.

لەبارەی خەرجی کلیپەکەی کە خۆی ئەرکی گرتووەتە ئەستۆ یان ڕۆتانا، ئەوەدەخاتەڕوو فادی حەداد، لەپارەی کلیپەکان، زۆر هاوکاری کردووە. دەشنێ، دەڵێ کلیپی ((شیکە واوا)) لەبەیروت تۆمار کراوە. بەپێی گرێبەستی نێوان دەشنێ و کەناڵی ڕۆتانا، دەبێ تا ٣ مانگ کلیپەکەی تەنیا لەو کەناڵەدا پەخش بکرێت و دوای تەواوبوونی گرێبەستەکە دەشنێ بەنیازە لەکەناڵە جیهانییەکانیش پەخشی بکات.



ڕۆشنە عومەر

## سەباو بۆ وارڤین:

# درامای کوردی بینەر تێر ناکات

سلێمانی



ڕۆشنە عومەر

**نەرمین کاوانی: سەباو سادەیی منی سڕپییەوە**

**نەرمین ئەحمەد کاوانی، کە وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لە هەریەک لە درامای ژیلەمۆ و ئارەزوو، ناوبانگی هونەری دەرکرد، ئێستا لە لایەن دەرهێنەر جەلیل زەنگە بانگهێشت کراوە کە لەدرامای گەردەلولدا بەشداری بکات. نەرمین ئەحمەد کاوانی، کە لەلای بینەری کورد بە سەباو ناوبانگی دەرکردووە، دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە. ئەو لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا دەڵێ کە درامای کوردی لاوازەو بینەر تێر ناکات. نەرمین، هەروەها دەڵێ، کە لە کوردستان دەرچووی بەشی دراماو سینەما زۆر کەمە.**



وارڤین: ساڵی چەند بۆ یەکەم جار چوویتە سەرتەختی شانۆ؟

نەرمین: لەساڵی ١٩٩٣ ئەوکات لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگە بووم لەکاری شانۆیی ((ەنتیگۆنا))ـی سۆفۆکلیسدا بەشداریم کرد کە مامۆستا موەفەق عارف لهۆنی، دەرهێنەری شانۆکەبوو.

وارڤین: چەند بەرهەمی شانۆ و درامات هەیە؟

نەرمین: کاری شانۆییم زۆرەو ناژمێردرێت. بۆ کاری درامای تەلەفزیۆنیش ٣ کارم هەیە (کاتێک خەم گۆڵ دەگرێت، ژیلەمۆ، ئارەزوو) فیلمێکیش بەناوی (عەشقی تەنیایی) لەگەڵ دوو کورتە فیلم. کورتە فیلمی هیوا و رزگاری.

وارڤین: چۆن دەڕوانیتە کاری دراما؟

نەرمین: قەرەباڵغییەکی زۆر هەیەو شانۆکارانیش بەمەبەستی دەرکەوتن روو لەبەردەمی کامێرا دەکەن. ئێمە دەرچووی بەشی دراما و سینەمامان زۆر بەکەمی هەیە. جگە لە خۆم، تەنیا چەند ناوێکی وەک (کامەران رەئوف، حەمە عەلی خان، عەباس عەبدولڕەزاق و عەتا عوسمان) دەناسم کە بەشی سینەمایان تەواو کردبێت. ئەو ژمارە بۆ گەلێکی وەک ئێمەی پڕ لەمەرگەساتی مێژوویی کەمە. دەشتوانم بڵێم تائێستا کارێکی پێرفێکت و



پرۆفیشناڵ لە گرتە هونەرییە بەرزەکانی درامادا نییە کە چاوی بینەر تێر بکات و لەیادەوەریدا بمێنێتەوە. پێموایە ئەکتەرەکان، زیاتر لەکارەکان لای خەڵک دەردەکەون، بەتایبەت کاتێک کاراکتەرێکی جیاواز پێشکەش دەکەن. ئەم لاوازییەی دراماش بۆ لاوازی سیناریۆکان و هەژاری بابەتە پێشکەشکراوەکانی نێو چیرۆکی سیناریۆ و گرێنەدانی ڕووداوەکانی نێو دراماکە بەیەکەوەو پاشانیش کەمی و بێئەزموونی دەرهێنەران، دەگەڕێتەوە. لەلایەکی تریشەوە نەبوونی ئەکتەری تایبەت بە بواری دراماو بەردەم کامێرا، دۆخەکەی خراپتر کردووە. لەهەمان کاتیشدا کەمتەرخەمی حکوومەت بەرامبەر بە بواری شانۆ و دراما وایکردووە بوارەکە چەقبەستوو بێت و هەموو شتێک بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی کارێکی جوان و پڕ مانا، فەراهەم نەبێت.

وارڤین: بەشداریکردنت لەدرامای ئارەزوو، تاچەند کاریگەری لەسەر کەسایەتی تۆ هەبوو؟

نەرمین: ئەو کارە خۆشەویستی خەڵکی پێبەخشیم و نەرمینی گەیاندە ئەو بڕیارەی کە لە کاری دراماو بەر کامێرا، بەردەوام بێت.

وارڤین: کاتێک تێکستێکی هونەری وەردەگریت، خۆت سەر پشکی یان دەرهێنەر؟

نەرمین: بێگومان ئەکتەری ڕاستەقینە هاوتایی لەنێوان بۆچوونەکانی خۆی و دەرهێنەر دروست دەکات. پێویستە ئەکتەر هەرچی کاراکتەرێکی پێدەدرێت، لەلایەن دەرهێنەرانەوە هاوتایی دروست بکات و بزانێت کە ئەو دەرهێنەرە بۆچی ئەوی بۆ ئەوکارە دەستنیشانکردووە تا ماف و ئەرکەکانی خۆی لەو ڕوانگەیەوە دابڕێژێت.

وارڤین: تاچەند هاوسەرەکەت لەکاری هونەریدا پاڵپشتی کردوویت؟

نەرمین: بێگومان لە وڵاتێکی بەندی دەستی بیرە کۆن و دابوونەریتە سواوەکاندا، هەر خانمێک بیەوێت کارێک بکات، لایەنی هونەری، یان هەر بوارێکی تری ئافراندن بێ، دەبێ پیاوێک پشتیوانی بکات. دەنا گێژاو و شەپۆلەکان بە قسەو قسەلۆکە ناشیاوەکانی خەڵک دەیبەن. هاوسەرەکەم پشتیوانی لەکارە هونەرییەکانم دەکات و هەمیشەش پاڵپشتمە.

وارڤین: کەسایەتی دیاریکراو، لەخەیاڵتدا هەیە کە بەنواندن ڕۆڵەکانیان بەرجەستە بکەیت؟

نەرمین: حەپسەخانی نەقیب، خاتوو ڕووناک ڕەئوف، مامۆستای گەورەم بەدیعە دارتاش و خانزادی میری سۆران.

وارڤین: بۆچی ئەو کەسانە؟

نەرمین: چونکە هەر یەک لەو خانمە گەورانە کە لەمێژووی کوردستاندا بوونی خۆیان، وەک خانمێک سەلماندووە نە وەک وەک پاشکۆی پیاوێک.

وارڤین: بۆچی لەدرامای ژیلەمۆ حەزت دەکرد ڕۆڵی تریفەی کچت پێ بدرێت؟

نەرمین: چونکە تەمەنم لەو کەسێتییەوە نزیکتر بوو، وەک لەوەی کە تریفەی کچم ئەو ڕۆڵەی گێڕا.

وارڤین: نازناوی سەباو لەنێو خەڵکدا چی لێ وەرگرتیتەوە؟

نەرمین: کەسێتی سەباو سادەیی منی سڕییەوە، ئێستا بەدەرکەوتنم لەهەر جێگەیەک، چاوەکان هەمووی ڕووم تێدەکەن، ئەوەش شتێکە نایزانیت تا ناوبانگ دەرنەکەیت. ئەوکات دەزانێت هونەر و ناوبانگ چۆن ژیانی تۆی خستە بازنەیەکەوە کە سادەیی و ئاسایی و ساکاری تێیدا جێی نابێتەوە.

وارڤین: دەگوترێت ژنانی سلێمانی پێشەنگی درامای کوردین، هۆکاری ئەمە چییە؟

نەرمین: قسەیەکی جوانە، بەڵام بیریشت نەچێت لە هەولێریش لە حەفتاکاندا شانۆی «هەبوو نەبوو» یاخود وەک لای خۆمان ناسراوە «ڕەجەبی پەلکە پاقلە خۆر» خانمی بەتوانای تێدا بوو، بەتایبەتیش ئەو خانمەی ڕۆڵی ((ناسکە)) ی دەگێڕا، بەڵام بەداخەوە ئێستا خانمانی هەولێر، دهۆک و کەرکووک، لەبواری هونەری دوورکەوتوونەتەوە. بۆیە دەتوانیت بڵێیت، لەئێستادا خانمانی سلێمانی پێشەنگن. یان دەتوانیت بڵێیت، ئەمڕۆ ئێمە کاری ئەوانیش دەکەین و پێشەنگی بوارەکەی خۆمانین.

وارڤین: لە درامای گەردەلوولدا بەشداری دەکەیت؟

نەرمین: بەخۆشحاڵییەوە کاک ((جەلیل زەنگەنە)) داوایکردووە، کاری لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەگەر کارەکانم ڕێگە بدات و بتوانم، بەو بەڕێزە دەڵێم بەڵێ، کارت لەگەڵدا دەکەم. بیریشتان دەخەمەوە کە لەبەشی یەکەمی گەردەلولدا کەسایەتی ((هەنار))م وەرگرتبوو، بەڵام بەهۆی کارێکی شانۆییەوە کە لەدەرەوەی کوردستان، ئەنجامدرا، نەمتوانی بەشداری بکەم.

وارڤین: دەگوترێ سەرکەوتنی هونەرمەند دەبێتە هۆی لەخۆبایی بوون؟

نەرمین: بێگومان زۆر هونەرمەند هەیە تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، بەڵام من دەڵێم هونەرمەند موڵکی میللەتەکەیەتی و لەخۆباییبوون بەرەو چەقبەستن و ونبوونی دەبات. وەک، ئەو باڵندەیەی کە چەند لەئاسۆدا لە شەقەی باڵ بدات، هێندە لە بەرچاوی خەڵک بچووک دەبێتەوە.

وارڤین: خۆشترین کاتەکانی نواندنت؟

نەرمین: ئەو کاتانەی کە بەرامبەر ئەکتەرێکی بەتوانا نواندن دەکەم، کاتێکی خۆشە، چونکە هەستدەکەم توانای نواندنی باشترم پێدەبەخشێت، یان لەبەردەستی دەرهێنەرێکی بەتوانادا کار بکەم و هەموو تواناو بیری هونەری خۆی ببەخشێتە منی ئەکتەر، ئەو کاتوساتە هەستێکی خۆش دادەگرێت.

وارڤین: حەزت لەدەنگی چ هونەرمەندێکە؟

نەرمین: هونەرمەندی گەورەو خانمی ناوازە ((ئوم کەلسوم، ئەستێرەی ڕۆژهەڵات)). خاتوونی کۆکچکردوو مەرزیە فەریقی، عەدنان کەریم، میکایل، دیاری قەرەداغی، گۆران ساڵح و کازم ساهیر.

وارڤین: بێجگە لەکاری هونەریت ڕۆژانە بەچییەوە خەریکیت؟

نەرمین: لەبەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتیاری هونەریم. هاوکات دوو کوڕیشم هەیەو بە بەخێوکردنی ئەوانیشەوە سەرقاڵم.



www.netewe.com

# مزگین تاهیر:

## MIZGÎN TAHÎR



## دەنگێکی ئاسمانی و مزگێنی هونەرێکی ئەنتەرناسیۆناڵ

www.pertewe.com

www.netewe.com



لەمێژووی
هونەری کوردیدا
دەستپێکێکی نوێ
و مزگێنییەکی
گەورەیە. با رۆحی
لەیلا بەدرخان،
نەسرین شێروان،
ئایشێ شان و
مەریەم خان شاد بێ






کاکشار ئورەمار

www.netewe.com

# ئەتەکێتی میوانداری



کنێر عەبدوڵڵا

ڕێساکانی ئەتەکێتی تایبەت بەمیوانداری جۆربەجۆرن، بەڵام ئەگەر هاتوو بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بۆ ئاهەنگێک بانگهێشتکرایت. بۆ ئەوەی بەرێکترین شێواز ماوەی میوانداریی‌یەکە تەواوبکەیت. پێویستە ڕەچاوی ڕێساکانی ئەتەکێتی میوانداری بکەیت.

ڕێساکان:

١. ئەگەر حەساسییەتت هەبوو بەجۆرێکی دیاریکراو لەخواردن یان نەخۆشی هەستیاری»حساسییە»ت هەبوو، پێویستە بەرلە چوون و ئامادەبوونت ئاگاداری خاوەن بانگهێشتەکە بکەیت و داواکارییەکانت بۆ جۆری خواردنەکە لەسنووری گونجاودا بەخاوەن بانگهێشت بڵێیت.

٢. ئەگەر قبووڵی بانگهێشتەکەت کرد، سەبارەت بەجۆری بانگهێشت بۆ پۆشینی جلووبەرگی گوونجاو ڕارا مەبە. بەڵام ئەگەر هاتوو ئاهەنگی شت بڕژاندن بوو، پێویست بەپرسیارکردن و خۆئامادەکردنی جیاواز ناکات. ڕێسای گشتی بەردەوام بۆ جۆری ئاهەنگ، ئەوەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنی جلووبەرگدا، کاتەکەی شەو بێ یان ڕۆژ لەخەیاڵتدا دایبنێ. ئەگەر شەپقەت لەسەربوو، لەکاتی دانیشتنت لەسەر مێزی نانخواردن شەپقەکە دابنێ.

٣. لەهەندێ شوێن، دەستهەڵگرتن لە نانخواردن بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن، شیاو نییە. بەڵام لەهەندێ شوێن ئاساییە. بۆیە پێویستە لەوکاتەدا پێشتر هەوڵی زانینی دابوونەریتی خاوەن خوانت کردبێت. لەکاتی نانخواردندا پەلە مەکە، هەوڵی مژین یان ساردکردنەوەی خواردنە گەرمەکە مەدەو فوی لێ مەکە. لەکاتێکدا کە خواردن لەدەمتدابوو، قسە مەکە، لەکاتی نانخواردندا لووتت مەسڕە، ئەگەر حاڵەتێکی پەلەت هەبوو، داوای یارمەتی و دوورکەوتنەوە لەخوانەکە بکە.

٤. ئەو کەس و لایەنەی کە بۆ نانخواردن، بانگهێشتت دەکەن،

Kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com

# شلێر دەروێشی:

# نیشتیمانم لەهەموو کەس زیاتر خۆشدەوێت

ŞILÊR DERWÊŞÎ



**کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟**

لە تەلەفزیۆنی کورد کەناڵ، وەک بێژەر و ئامادەکاری هەواڵ کار دەکەم.

**10 خۆشترین گۆرانی بەڕای تۆ:**

**چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟**

ئارەزووی خۆم بوو. جەمالی هاوسەرم هاندەری سەرەکیم بوو.

### پرۆفایل

**ناو:** شلێر دەروێشی

**ڕەگەزنامە:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان- مەهاباد

**باری خێزانی:** خێزاندار

**ئاستی خوێندەواری:** بڕوانامەی دیپلۆم

**شوێنی نیشتەجێبوون:**

شوێنی نیشتەجێبوون: فەرەنسا

**نزیکترین یان خۆشەویسترین کەست؟**

هەموومرۆڤێکم خۆشدەوێ و هەموو ئەو کەسانەی لەژیانمدان، لەلای من خۆشەویستن. بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە خاک و نیشتمان. هاوسەر و جگەرگۆشەکەم لەوپەڕی خۆشەویستیم دان.







www.netewe.com

# ئەستێرەکان


## کاور



٣/٢١ - ٢٠ - ٤

لەکارەکەتدا فشارێکی زۆرت لەسەر دەبێ و هەست بەماندووبوون دەکەیت. کارەکانت بەو شێوەیە بەڕێوەناچێت کەپلانت بۆدارشتووە. لەڕووی سۆزدارییەوە هەموو تووڕەبوونەکانت بەسەر خۆشەویستەکەتدا بەتاڵ مەکەرەوە لەگەڵیدا زیاتر لەسەرخۆبە.

## گا



٤/٢١ - ٢٠ - ٥

هەست دەکەیت ئەمڕۆت پڕە لەڕووداوی جیاواز، کۆمەڵێک کێشەی زۆر و ڕووداو لەیەککاتدا ڕووبەڕووت دەبنەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە گومانە زۆرەکانت دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خۆشەویستەکەت لێت.

## دوانە



٥/٢١ - ٦/٢١

کێشەکانی کارەکەت بەرەوزیادبوون دەچێت. پێویستە زیاتر هێمن بیت و لەگەڵ هاوڕێیانی کارەکەتدا هیچ بەریەککەوتنێکت نەبێت. لەگەڵ خۆشەویستەکەت واقعی بەو داوای هیچ کارێکی مەحاڵی لێ مەکە.

## قرژاڵ



٦/٢٢ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ بەزیرەکی و خێرایی لەکارە داهێنەرەکانتدا جیادەکرێیتەوە، توانایەکی زۆرت دەبێ لەدۆزینەوەی چارەسەری خێرا بۆ کێشەکان. لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشترین کاتەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بەسەردەبەیت.

## شێر



٧/٢٣ - ٨/٢٢

تۆ بیرلە هیچ شتێکیتر ناکەیتەوە جگە لە کارەکەت، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی داناوە لەسەر باری تەندروستیت. پێویستە ئەمڕۆ گرنگییەکی زیاتر بدەیت بەلایەنی تەندروستیت، لەڕووی سۆزدارییەوە هەستدەکەیت خۆشەویستەکەت گۆڕاوە لەگەڵتدا پێویستە لەمبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت.


## گوڵەگەنم



٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ دەکەویتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فشارەوەو کارەکانت کەڵەکەدەبن و ناتوانیت کام کارەیان لەپێشەوە ئەنجامبدەیت. لەڕووی سۆزدارییەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستیت بۆ دڵدارەکەت زیاد دەبێ و زیاتر لەیەک نزیک دەبنەوە.

## تەرازوو



٩/٢٣ - ١٠/٢٣

شارەزا بیەکەت یارمەتیت دەدات بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانت، بەمەش دەرگای کارکردنی باشتر لەبەردەمتدا دەکرێتەوە. کێشەیەکی بچووک لەخێزانەکەتدا ئەوە ناهێنێت وا خەمبار دەربکەویت، لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستی بیروهۆشت داگیردەکات چێژ لەوهەستە جوانەت وەربگرە.

## دووپشک



١٠/٢٣ - ١١/٢١

چالاکییەکانت کەم دەبێتەوەو هەست بەخەمۆکی دەکەیت. کەمێک پشوو بدە تا چالاکییەکانت بگەڕێتەوە سەر باری پێشوو. باشتر وایە ئامۆژگاری کەسە نزیکەکانت بەهەند وەربگریت چونکە لەبەرژەوەندی تۆدایە، لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵبدە زیاتر لە خۆشەویستەکەت نزیک بیتەوە.

## کەوان



١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەن هاوبەشەکانتەوە دەستپێشخەرییەکی نوێ دەخرێتە بەردەمت، بەوردی لێبکۆڵەرەوە پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدەیت، ئەمڕۆ پەیوەندی بەهاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنگەتەوە دەکەیت، وشە جوانەکانت ناکۆکی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ناهێڵێت کەخەریک بوو بەرەو جیابونەوە دەچوون.

## گیسک



١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕووداوێکی کتوپڕ ڕوودەدات کە بەبڕوای خۆت کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر داهاتووت دەبێت. کەمێک ڕەشبینی ڕووت تێدەکات، هەوڵبدە دان بەخۆتدا بگریت و ڕەشبینی لەسەر کارەکەت ڕەنگ نەداتەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە پێویستە بەبێترس گوزارشت لەهەستی خۆت بکەی بەرامبەر بەخۆشەویستەکەت.

## سەتڵ



١/٢٠ - ٢/١٨

ئامادەی گۆڕانکارییەکی گەورەبە کە لەژیانتدا ڕوودەدات. باری تەندروستیت زۆرباش دەبێ، بەڵام ئاگاداربە لەدەستی نەدەیت. لەڕووی سۆزدارییەوە هەست بەترس دەکەیت بەرامبەر وتەکانی خۆشەویستەکەت.


## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێیانی کارەکەت باشترین پەیوەندیت هەبێت. وەک خۆت بیری لێدەکەیتەوە گەشت و گەڕان هەموو شادییەکان نین. لەکاتی گفتوگۆکردن و هەڵسووکەوت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زیاتر هێمن بە.

www.netewe.com


E ZEL
DRAMA
E



# ئەزەل

## ئەو پیاوەی بکوژانی دەناسێت و ئەوان هەستی پێ ناکەن


ئەزەل، درامایەکی تورکییەو رووداوی کەسێک بەناوی عومەر، دەگێڕێتەوە کە لەلایەن نزیکترین هاوڕێکانییەوە خیانەتی لێکراوەو بەوهۆیەوە زیندانیکراوە و کوژراوە. عومەر، ئەو پیاوەی کە هاوڕێکانی پیلانی کوشتنیان بۆ دانا، لەلایەن ئەوان بەکوژراوی جێهێڵدراو تۆمەتی ئەوەشیان خستەپاڵی کە کەسێکی کوشتووە، بۆیە خرایە زیندان و دواتر هەواڵی مردنی راگەیەندرا.

جەنگیز، نزیکترین هاوڕێی ئەزەل بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ئیشان، خۆشەویستەکەی عومەر، خیانەتی لێ کردو ئەوی خستە زیندانەوە. ئیشان، خۆشەویستەکەی ئەزەل بوو، بەڵام خیانەتی کرد و لەگەڵ جەنگیز، هاوسەرگیری کرد. عەلی، ئەو پیاوە بکوژەیە کە یارمەتی جەنگیزی لەکوشتنی عومەر داوەو پارێزەری جەنگیزە. ئەزەل، ئەو پیاوەی کە ناوی عومەرە، بکوژانی دەناسێت، بەڵام بکوژانی هەست ناکەن کە ئەو عومەرەو نەمردووە. دوای ئەوەی کەلە زیندان رادەکات خۆی لەکەسووکاری نەناس دەکات. ئەزەل، بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەیەک کەلە دادگا بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ لەوەی کە تۆمەتی کوشتنی پیاوێکی خراوەتە پاڵ، جارێکیتر هاوڕێیەتی جەنگیز، عەلی، ئیشان و بەهار دەکات و خۆی لەدایک و باوکی راستەقینە نەناس دەکات.

ئیشان، هەستی خۆشەویستی بۆ ئەزەل دەجووڵێت، بەڵام نازانێ کە ئەو عومەرەو خۆشەویستەکەی پێشووتریەتی و نەمردووە. مەمەد، برای ئەزەلەو رۆژنامەنووسە. ئەو بەردەوام بەدوای ئەوەیە کە لەرێگەی رۆژنامەوانییەوە بەدواداچوون لەوە بکات کە کێ عومەری کوشت و سەروەت و سامانەکەی چی لێهات؟، بەڵام مەمەد، نازانێت کە ئەزەل، برایەتی و نەمردووە. ئیشان، بەردەوام دەڵێت رابردوو بەدوامەوەیەو هەست بەنارامی ویژدانی دەکات کە خیانەتی کردووە، بۆیە هیچ کات دڵی بەجەنگیزی هاوسەری خۆش نییە. ئەزەل، کاتێ ئیشان، دەبینێت هەموو رووداوەکانی بیردێتەوە، لەکاتێکدا ناتوانێت پێی بڵێت کە خۆی عومەرە. دوای ئاشکرابوونی راستی رووداوەکە، لەدادگا دەسەلمێنرێت کە عومەر بکوژ نەبووەو نەمردووە، جەنگیز و عەلی، شۆک دەبن و بەو هۆیەوە ئەزەل، بێتاوان دەردەچێت و جارێکیتر ئیشان، بەدەست دەهێنێتەوە. ئەوەی لەو درامایە دەخوێندرێتەوە ژیری ئەزەلە کە دەتوانێت بەئارامی لەگەڵ رووداوەکان مامەڵە بکات، تا ئەوکاتەی بکوژانی دەداتە دادگا و تۆڵەی خۆی دەسەنێتەوە. خاڵێکیتری دراماکە هەستکردن بەتاوانە کە هەمیشە ویژدانی هاوڕێکانی ئەزەل، ئازار دەدت کە لەپێناو کچێک و سەروەت و ساماندا خیانەتیان کرد. خاڵێکیتر پەیوەستبوونی ئیشانە بەرابردوو کە هەمیشە وەک کابووسێک لەخەودا دیتەوە یادی و هەست بە تاوان دەکات و هەمیشە دەچێتە ئەو شوێنەی کەلە رابردوو لەگەڵ عومەر، لێی ژیاوە. لەکۆتاییدا ئەو دەنگەی لەناخەوە بەجەنگیز، ئیشان و عەلی دەڵێت ئەزەل دەگەڕێتەوە ئەمە دەبێتە واقیع و عومەر بەنەمری دەمێنێتەوە.

www.netewe.com

# بێدەنگییەکان دەشکێن...



**لەنجە عەبدوڵڵا**

بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی هەموو ئەو دەنگانەی کە دەبنە مایەی هەڕەشەو دەرخستنی دیوە دزێوەکانی دەسەڵاتی حزب لە کوردستان، شتێکی شاراوەو نوێ نییەو هەموو ئەو پێشێلکاری و توندوتیژیانەی کە لەماوەی رابردوودا بەرامبەر کار و ئازادی رادەربرین ئەنجامدراوە شایەتحاڵی ئەم واقعەن. کوشتنی دوو رۆژنامەنووس لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا زەنگێکی ئاشکرایە بۆ هەموو ئەو قەڵەمانەی کە بەپێچەوانەی ویست و حەزی دەسەڵات و ململانێکانیان بۆ گەیشتن بەهەیمەنەی سیاسی لە کوردستان دەنووسن. ئەمەش لەخۆیدا پەیامێکە بۆ رەتکردنەوەی هەموو ئەو نووسین و رەخنانەی کە رەنگە ببن و یان بوونەتە هۆکارێک بۆ جووڵاندن و کاراکردنی ئاستی هۆشیاری تاکی کوردی و دەرخستنی دیوە شاراوەکانی حزب و دەسەڵاتی سیاسی کە رەنگە لەداهاتوودا بەرژەوەندییە سیاسییەکان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات و ببێتە سەرەتایەک بۆ ئاوابوونی دەسەڵاتی حزب (ئەڵبەت بەمشێوە کلاسیکییەی) و کردنەوەی دەلاقەیەک بەرەو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا.

راستە لە کوردستان ژمارەی گۆڤارو بڵاوکراوەکان تا دێت روو لەزیادبوون دەکات ئەمەش زۆرجار لە گوتاری سەرکردە سیاسییەکان بووەتە دروشمێکی پڕ لەشانازی بۆ هەبوونی ئازادی رادەربرین و گرنگیدانی دەسەڵات بە میدیا لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە کاریگەری هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە تا ئەو ئاستە توانی لەسەر دەسەڵات کاریگەری هەبێ کە بەرەیەک بۆ دژایەتی و بەدرۆخستنەوەی زۆر لەو راپۆرت و بەدواداچوونانەی کە رۆژنامەنووسان بۆ دەرخستنی راستییەکان دەیکەن دروستبکرێت. ئەمەش زۆرجار دەگاتە رادەی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڕەشەو سووکایەتیکردن و تێوەگلانی رۆژنامەنووس لەهەندێک گەمەی سیاسی کە بەپێی بارودۆخی سیاسی کوردستان زۆرجار ئاکامی جیاوازی لێکەوتووەتەوە.

ئەوەی مەبەستی منە لەم نووسینەدا تۆمەتبارکردنی لایەنێکی دیاریکراو نییە بەڵکو ئەمە جێدەهێڵین بۆ دوای لێکۆڵینەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەڵام ئەوەی من لێی پشتڕاستم رفاندنی رۆژنامەنوسێک لەناو جەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان و شێوازی کوشتنەکەی و دەمکوتکردنی بە گوللە ئیماژێکە بۆ هەبوونی دەستێکی حزبی لەم کارە قێزەون و نامرۆڤایەتییە کە دەرهەق بەو گەنجە بێتاوانە ئەنجامدراوە.

ئەوەی زیاتر جێی نیگەرانی و داخی من بوو، نەبوونی هیچ هەڵوێستێکی کاریگەربوو لەلایەن رۆژنامەنووسانی هەولێر و سەندیکاوە کە زۆرجار بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان و پاراستنی بژێوی ژیانیان نقە لە خۆیان دەبڕن و کڵاوەکەیان دەگرن تا با نەیبات. ئەرکی سەندیکا لەم جۆرە حاڵەتانەدا لەکڕینی ٢ مەتر قوماشی رەش بۆ لافیتەکە زیاتر نابێت و زۆرجار بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بێهەڵوێستیان، چوارچێوەیەکی حزبی و ناوچەگەرێتی بەبەر رووداوەکاندا دەکەن. بەڵام شکاندنی بێدەنگی هەولێر و بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی خوێندکارانی زانکۆ دیمەنێکی دڵخۆشکەربوو بۆ رۆحی سەردەشت کە توانی دوای مردنی ببێتە نموونەیەک بۆ هەموو ئەو گەنجانەی کە چەندین ساڵە کۆمەڵگاو دەسەڵات دەنگی هەڵوێست و نارەزاییەکانیانی قەتیس کردوون.



www.netewe.com